ئەم کتیبە ناوی
(حەج نامەیە)

بە هونداوەیی وە پەخشان باسی
یاسای حج دغەموەکەکا

تألیفی ملا عبدالکریمی مدرس

خوا عەفوی بکا لەگەل
مسلمانان
آمین

دار المثنى للطباعة والنشر ببغداد

تلفون ٨٨٨٩٤٩٧

فهرس

لاپەڕە	موضوع
١	پێشەکی
٢	دروودی پێغەمبەرانی گەردار
٧	باسی واجب بوونی حەج
١١	بەجێ هێنانی حەج چوار پلەیە
١٤	مەرجی پێویستی حەجی ئیسلام
١٦	توانای حەج خۆبەخۆ
١٩	توانایی بەکرێ حەج لێکردن
٢٤	باسی حەج و عومرە
٢٨	ئەرکانی حەج وە واجباتی
٢٩	سوننەتەکانی حەج
	باسی حەج کردن
٣٠	باسی ئەرکانەکانی حەج
٣٩	وە باسی میقاتی ئیحرام
..	باسی ئیحرام
٤٩	باسی ئەو شتانەی حەرام ئەبێ
٥٢	بەهۆی ئیحرامەوە
٦٧	باسی جۆرەکانی حەج و عومرە
	شێوەی ئیفراد
٦٩	شێوەی تمتع
٧٠	شێوەی قیران
٧٧	باسی چۆنیەتی حەج و زیارەت صلی الله علیه
٨٠	لە حەجی ئیفراد و تمتع و قیران
٨٢	باسی حەج و عومرەی یەکی کار
٩١	حەج بە مەعروف و حەجی معالم
٩٢	طوافی کعبة الله باحیاتە
٩٥	سوننەتەکانی
٩٨	باسای هەستانی کعبة الله
١٠٤	باسای سەعی لە بەینی صفا و مەروە
١٠٦	باسی ئیختیاری هەر لە دەعی لە ئیحرامی حج
١١٢	باسی حەج بە تەواوی دەرەوە لە وقوف و لوعات
١١٤	داپەرین لە عەرەفات بۆ موزدەلیفە
١١٥	ئادابی رۆشتنی مەشعەر

لاپەڕە	موضوع
١١٦	باسی مشعر الحرام
	گەڕانەوە لە مەکە وە مینا
١٢٦	دوورەجمی شەیتان
...	
١٢١	ئادابی عومرە
١٢٢	باسی تحلل و ئازادی لە ئیحرام
	بەئەدا بوونی حەج و عومرە
...	وە بەهۆی حصارەوە
...	وە بە خەلەشتە دە..
...	لە گەر شەرطی کردبێ
١٢٧	فیدیە لە سەر حاجی و معتمر
١٤٠	پوختەیەکی فیدیەکان
	مترتیب و تخییر
	لە سەر تقدیر و تعدیل
١٤٧	طوافی ماڵ ئاوایی
	وە مناجات لە پارەگای
	قاضی الحاجات
...	باسی زیارەتی رسول الله صلی الله علیه وسلم
	وە سکالای لە گەڵ حەزرەتی
	ئەلها کاری تاوانبارانا صلی الله علیه وسلم
١٥٧	ئادابی زیارەتی رەوزەی پیرۆز

بسم الله الرحمن الرحیم

به ناوی خودای ئه‌م دنیای میهره‌بان — به‌خشنده‌ی عه‌قل و وجدان و ئیمان

به ناوی خودای واجب الوجود — په‌روه‌ردگاری دائیره‌ی وجود

به ناوی خودای رابه‌ری جلیل — یانی ابراهیم مه‌شهور به خلیل

چونکی به ساغی روی کرده مه‌عبد — بوی کرد به گولزار آگری نه‌مرود

له عیراقه‌وه چو بو فه‌له‌ستین — بو حق په‌رستی و بو خزمه‌تی دین

هه‌م بو نه‌شری دین به به‌رزی نیاز — رۆڵه و دایکه‌که‌ی بردن بو حجاز

دایه هاجه‌ر و روله اسماعیل — داینان له‌و عه‌رزا بی دوست و ده‌لیل

جا که اسماعیل که‌وته ته‌کوده‌و — ابراهیم له‌سه‌ر ئه‌مری کاتی خه‌و

چه‌قوی لی کیشا وختی به زورا — بیکا به قوربان بو ره‌زای خودا

جا خودا ناردی گه‌وره به‌رانی — به ته‌رز و قیمه‌ت به شیوه و شانی

کردی به فیدای گیانی اسماعیل — له بو آرامی ده‌رونی خلیل

له دوڵی چوڵی دور له کشتوکال — کابه‌ی کرده‌وه بو هه‌زاران سال

کردی به ماوای رابه‌رانی دین — کردی به قیبله‌ی ئه‌هلی سه‌رزه‌مین

به مناره‌ی به‌رز بو بانگی ارشاد — به هوی رزگاری بو آده‌می زاد

بو به دانشگای به‌رزی زانائی — بو به باره‌گای ری آشنائی

بۆ بەجێگەی علم بە جێگەی ژیوار   جێ عەفوی تاوان لە بۆ تاوان بار

تەعەدبار لە تاوان ببەی بۆ ئەوی   لە سوتی بە یەک بەرقی پڕتەوی

بۆ بە جیلوەگای تەجەلای خودا   لەودا لە وکەسە بە اخلاص بڕوا

خلیل بۆ بە شەر بۆ بە پشتیوان   (کابە) بە کەشتی و خوی بە کەشتیوان

اول بیتٍ وضع للناس   أُسِّسَ عَلَى التَّقْوى وَالاخلاص

خوا فەرمانی نارد لە بۆ ابراهیم   بە شەر با تەنگ بکا بۆ حەج بە تسلیم

هەرکەس لە و بانگە گەلی بە روحی   گەیشتە پایە و مایەی فتوحی

بۆ حەجی (کعبە) کەوتە شەرەفە   توفیقیش بوی بو بە یار و یادە

جا لەو عەرزە بۆ بەجێی ئیسماعیل   کوڕی و ل بەندی حەزرەتی خلیل

لەبەر صادقی بۆ خودا و بەشەر   خودا بۆ بە شەرکوڕی بەرابەر

پێغەمبەری بۆ بە صدق و تەسلیم   لە سەر ئاینی پاکی ابراهیم

مال و مندالو ئەتباعی پەیدا   بۆ بە پێشەوای خاوەن اهتدا

تا بو بە صەدەف بۆ دڕی دەریا   یانی گەوهەری شاهی ئەنبیا

واتە (محمد صلى الله عليه) سەرداری عالەم   پاشای دنیا و دین بە علم دەعەلەم

نوخبەی نەتەوەی عدنانی جلیل   لە نەسلی قەیدار کوڕی اسماعیل

ویستی دەرکەوی هەتاوی عالەم | بو ئنس وجن و فریشتە سەرجەم
ئەنواری باراند بە وینەی باران | لە سەر زنجیرەی کیوانی (فاران) (١)
بو طلوعی ئەو کوری بە دەلیل | بە رباد کردنی سوپای خاوەن (فیل)
نوری وا دەرکەوت لە سەر روی جیهان | وای گرت سەرانسەر عەرز و عاسمان
نوری وا دەرکەوت هەتا هەتایە | پرتەو ئەهاوی بو ئەم دنیایە
پرتەوی وەها کە مادە و مەعنا | تیکەل بون بە یەک لە نادیەوە نما
بو گیان بو بە نور بو لەش بو بە پەش | بە شی کردەوەی بی زیانو عەیش
هەر کەس بە رژی ئەو نورە هەستی | بی گومان فەزا دەستی ئەبەستی
ویأبی اللە الا ان یتم | ... | نورە . ولو کرە المجرم
ئەو نورە نوری دەستی خودایە | ناوی (محمد) رسول اللەیە
جا بە تەی خواستی خودای بە اکرام | صەلاتو سەلام بو ئەو بە دەوام
بەرزی بە وینەی تاوی بەهاران | بو برا کانی و بو آل و یاران
ئەو (محمدە) وەهای بو تی کەوت | چرای داگیرسا لە سەرای ئەشکەوت
کائنات بو ئەو کە بو بە مشکات | نوراتی فرمو عەرزو سەماوات
ئەو محمدە لە بەر دل سوزی | لە بو روی جیهان بو بە پیروزی

(١) فاران ناوە بو رشتەی کیوەکانی ولاتی مەکەی مکرمە :

ناردی بە رەحمەت لە بۆ عالەمین   عالەمی داگرت بە پیروزی دین

ئومەتی یەو عالەم لە بەر علمی ئەو   هەر رۆژی جوری وەرئەگری پرتەو

چەنی عەجیبە زەهبەری ئومەتی   عالەم بیتە ژیر سیبەری علمی

بە ونورانی بو شەماو شەرزەمین   حەتا دەرونی جبریلی ئەمین

رەشی دانەنا لە رووی آفاق   خەتی نەفسی لە سەر ئەوراقا

کەسی سپی بی رووی کائنات بەو   خەتی سیاهی چون دەرئەچی لەو

کەرعیەوە کە رەوم بارە و بە شیەتی   مانگ روشە وینەی چرای گەشیەتی

عنصری مادەی لە گلە ئەمّا   کەشف ناکری وینەی معمّا

لە ممکناتە بەلام مصطفی   لە کائناتە لە سیرّی أخفی

معجزە دارە بەلام ئەم زاتە   کەشفی معجزەی (1) لە معجزاتە

معجزەی سادات عارضەی کاتە   معجزاتی ئەم لازمی زاتە

معجزەی قورئان کەلام اللە یە   نور بەخشی ئەم کا هەتا هەتایە

معجزەی خُلقی خولقی قورئانە   دورە لە هەرچی کەشفو بەیانە

لە کەشفی زاتی ئەوونە ئەزانم   کەسی بپرسی ئەلیم نازانم

بەلام بە ظاهر وام معلوم بوە   آدەمی رووەو فریشتە خووە

(1) واتە بە غەیری أنبیا کەشفی معجزەی ئەو ناکری :

ئەونە ئەزانم باسی صفاتی   بۆکاتی کەشفی صفاتی ذاتی

صادق وعفیف بە حق أمین بو   بە عشق رحمة للعالمین بو

جیا بو لە عالەم مەگەر ئەوا   ئەوتیشی مخلوق بو بو ذاتی خودا

بی موبالغە لە سەر حقایق   حقا إنه خیر الخلائق

جا بە قەی هەموو ژمارەی حروف   بە قەی آثاری صفاتو مەوصوف

صەلاتو سەلام لە هەموو سجود   دیاری بی لە بو مقامی محمود

بو برایانی لە پیغەمبەران   بو هەموو آل و بو هەموو یاران

لە بو ئەوانەیشی لە سەر ریەی وی   ماوون بە یاسای مادی ومعنوی

تا خواستی خودا هەیە بە إصرار   بەرزی بەوینەی بارانی بەهار

(وبعد) لە پاش سوپاسی خودا   سەلامی خالص بو شای ئەنبیا

بو براکانی بو آل و یاران   بو پەیرەوانی بە دل هشیاران

عەرزم ئەمەیە ئەوی گەلی برام   ئەنوسم بوتان (حج نامەی اسلام)

تا حالی ببی زور بە آسانی   لە حج و عەمرەی ریی موسلمانی

بزانن مانای إحرام و طواف   سەعی ما بەینی صفا و مەروەی شاف

یاسای راوەستان لە عەرەفاتا   تا شینی موی سەر لە آخر کاتا

خۆی دانی بەرد بۆ ڕەجمی شەیتان — لە ڕۆژی جەژناو باقی ڕۆژەکان

تەوافی ویداع بۆ ماڵ ئاوائی — لە ماڵی کابەی ڕێی ئاشنائی

یاسای زیارەتی حەزرەتی ڕابەر — لە ڕەوضەی پاکی بەنوور مونەوەر

چلۆن ئەڕۆن چلۆن ئێنەوە — چون لە وجەنەتە ئەگەڕێنەوە

بە بەسی خزمەتە بۆ موسلمانان — بە فامی یاسای ئیسلام و ئیمان

زنامی، ئەمە بە هیوای لەژینا — خزمەتی بکا لە ڕێگەی دینا

ئەمەیشم لەوی لە بڕاکانم — دوعای تەوفیقو حفظی ئیمانم

دوعای موسلمان لە بۆ موسلمان — بە سورە تەخسوس بە شێوەی پەنهان

لە خودام ئەوی بە ڕەحمانی خۆی — بەشی دارمان بکا لە ئیحسانی خۆی

ئینسان ممتازە بە عقلو وجدان — دلی ماوایە بۆ نوری ئیمان

ئیمان باوەڕە بەوەکە ڕابەر — هیناویە بۆمان لای خودای اکبر

لە بیروباوەڕ لە کردەوەی چاک — لە تەرکی کاری نابارو ناپاک

باوەڕ بە خوداو فریشتەو ڕابەر — بە کەلامی خواو بە قەزاو قەدەر

بە ڕۆژی جەزا یانی قیامەت — دنیانی تازە دانی بۆ ئومەت

کردەوە پێنجە شەهادەتەینە — پێنج فەرزەی نوێژە کە فەرزی عەینە

زەکاتە و ڕۆژوی مانگی ڕەمەزان   حەجّ و عەمرەیە بە یاسا و میزان

ئەمانە فەرزن ڕوکنی ئیسلامن   فەرعی شەجەرەی ئەصلی ئیمانن

هەر کارێکی وا ئیش نەی لی کراوە   لی دوور بە هەتا گیانت تیا ماوە

ڕەوشتی بەرز و ئەخلاقی پەسەند   تاجی شەرەفن لە سەر بەهرەمەند

ڕەوشتی پەست و ڕەفتاری دونی   ئینسان ئەکێشن بۆ سەرنگونی

ڕەبّی بەکەرەم لامان دە لە شەڕ   بمان خە ڕە سەر ڕەفتاری ڕەهبەر

بەکەرامەتی ڕەهبەری ئەجیب   انتَ السمیعُ القریبُ المجیب

ئەمە باسی واجب بون وە صحەتی حەج و عەمرەیە

جا وا وەست ئەکەم بە باسی مەقسود   بە یارمەتی خوای واجب الوجود

مەقسودم حەج و عەمرەیە تا ئەنجام   کە دوو واجبن بە یاسای ئیسلام

عەمرەیشی وەکو حەج لە لای شافعی   ڕوکنی اسلامە و فەرزی واقعی

(شەرتی صحەتیان) مەرجی دروستی ـ   ئیسلامیەتە بۆ حەق پەرستی

هەتا منداڵی بێ پایە و مایە   حەج و عەمرەکەی باشە و ڕەوایە

بەم مەرجە حەقدار لە بری ئەو   نیەتی احرام بێنێ لە بۆ ئەو

آدابی حەج و عەمرە بەکەماڵ   پاشی آدابی خوی بیکا بۆ منداڵ

بەو قەصدەیش ڕەوەڵی، نابێ بە مُحْرِم   بە افسادی ئەو نابێ بە مُجرِم

بڕوات

ئامێنی ئیسلام دامەزراوە لەسەر ئیمانو باوەڕکردن بە ذاتی خودا
وە باوەڕ بە (مەلائکە) بە فریشتەکان وە باوەڕ بە پێغەمبەران سەلامی
خودایان لێبی وە باوەڕ بە کتێبانە کە لە سەر فەرمانی خودای تعالی
(جبرەئیل) فریشتەی بەرز هێنادنی بۆیان وە باوەڕ بە قەزاوقەدەر
واتە هەرچی بوە وە ئەبێ هەمووی لەسەر خواستی خودایە بەلام حەز
ناکا بە کارێکی ناباری وە باوەڕ بە داهاتنی ڕۆژی قیامەت پاشەڕۆژ
واتە خوای تعالی ئەم جیهانە تێک ئەدا وە جیهانێکی تازە دروست ئەکا وە
هەرچی مردون زیندویان ئەکاتەوە وە لە یەک شوێنیا گردیان ئەکاتەوە
وە حسێبی بیروباوەڕو کردەوەیان ئەکا جا هەرکەس ئەگا بە جەزای
خوی ئەوانە کافرن جێگەیان دوزەخە هەتا هەتایە وە ئەوانەیشی خاوەن
ئیمانن جێگەیان بەهەشتە ئەم ئیمانو باوەڕە ئەصل وە بناغەی دینی ئیسلامن
هەروا دینی ئیسلام دامەزراوە لەسەر پێنج کردەوە کە دیاری وە آشکران
یەکەم اقرار بە اشهد ان لا اله الا الله واشهد ان محمدا رسول الله
وە دووهەم پێنج فەرزەی نوێژ لە هەموو شەوورۆژێکدا سێهەم زەکات دانە
بە موستەحەقان چوارەم ڕوژوی مانگی رەمەزان پێنجەم حج وە عومرە کردن

یانی زیارەتی خانەی خودا (کابەی) پیروزا لەمادەی عومرا یەک جار

بوئەوکەسێ تەوانای بێ :

ئێستە ئێمە باسی حەج وەعەمرە ئەکەین . حەج یانی قصدی زیارەتی

کابەی پیروز وەعەمرە مانای زیارەت وەآوەدان کردنەوەی

کابەیە لەسەر ئەو یاساکە دینی ئیسلامی بریاری داوە :

ئەم دوکردەوە واجب بوون لەسەر موسلمانان لەسالی شەشەمی

کوچی . واتە پاش کوچی حەزرەت صلى الله عليه وسلم لەشاری مەکەوە بوشاری

مدینە لەسالی شەشەما ئەم عبادەتە فەرزکرا لەلای خودا وە بە

آیەتی وَلِلّٰهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ اِلَيْهِ سَبِيلًا واتە

فەرزە لەلای خوداوە لەسەر هەموکەسێ زیارەتی (کعبة) کابەی پیروز

ئەوانە کەتەوانای گەیشتنی ئەوشوینەیان هەیە وەبە آیەتی واتموا

الحج والعمرة لله واتە حەج وعەمرە تەواوبکەن بوخودای تعالی

ئەم آیەتە عەمرەیشی خستە پال حەج کەعەمرەیش واجبی موسلمانانە

وە فەرق لەبەینی حەجوعەمرە لەمەولا باس ئەکەین ان شاء الله تعالی :

بزانن پیغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم پیشی کوچی بو مەدینەی منورە گەلی حەجی

عەمرەی کردوە . وە لە پاش کوچ کردنی بو مەدینەی منورە تەنیا
یەک حەججی کردوە لە سالی دەهەمی کوچی دا کە مەشهورە بە حەججی
وداع (واتە حەججی خواحافیزی وە مال آوائی) چونکی پاش ئەو حەجە
متوفی بو وە لە دنیا دەرچو . بەلام دو عەمرەی کردوە .
یەکەم لە مانگی رەجەب دا لە سالی حەوتی کوچی کە مەشهورە بە
(عمرة القضاء) لەبەر ئەوە کە قەزای ئەو عەمرەیە کردەوە کە
لە سالی شەشی کوچی دا احرامی بو بەست لەگەل هەزار و کسور
لە یارانی کاتی گەیشتە (حدیبیّە) لە نزیکی مەکّەدا احرامەکەی
شکاند وە حەیوانی فیدیەیە سەربڕی چونکی کافرەکانی مەکە
مەنعیان کرد لەوە کە بڕواتە شاری مەکەوە .
دوهەم عەمرەی لە سالی هەشتی کوچی دا بو کە فەتحی مەکەی
کردیەی کرد وە کاتی کە لە جەنگی هوزی (هەوازن) گەراوە
بو شاری مەکە جا کاتی گەیشت بە (جعرّانە) احرامی بەست
بە عەمرە وە رویشتە مالی کەعبە وە تەوافی کەعبەی کرد
وە سەعی بەینی صفا و مەروەیشی بەجی هینا . .

بزانن حەزرەتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی مَنْ حَجَّ هذا البیت خرج من ذنوبه کیوم وَلَدَتْه أمّه واتە هەر موسلمانێ لەبەر رەزای خودا زیارەتی کابەی پیرۆز بکا وە آدابی حەج بەجێ بێنێ ئەوە لە تاوانەکانی دەرئەچێ وە پاک ئەبێتەوە وەکو ئەو رۆژە کە لە دایک بوە .

بەلام مەبەس لەم تاوانانە ئەوانەیە کە لە بەینی خۆیا و خودا دابێ ئەناهەقی خەڵکی وەکو قەرز وە یا ماڵ داگیرکردنی موسڵمانان ئەوە پێویستە پێیان داتەوە وە بە خاوەنەکانیان : یا گەردنیان ئازاد بکەن هەروا هەر نوێژی وە هەر رۆژوێکیان فەوتا بێ ئەبێ بیانگێڕنەوە.

تا ونەی پاک ببێتەوە :

جا بزانن بەجێ هێنانی حەج و عەمرە یە لەسەر چوار پلەیە یەکەم پلەی دروست بوونی ئەم عبادەتەیە وە مەرجی دروست بوونی تەنیا ئەوەیە ئەو شخصە موسلمان بێ کە واتە حەج و عەمرە بۆ کافر نیە بەلام بۆ موسلمانی شێت وە بۆ منداڵی بێ هۆش تەمیز دروستە بەمەرجێ کە وەلی یەکەی وەکو باوکی یا باپیرەی احرامی بۆ ببەستێ واتە نیەتی ئەوە بێنێ کە حەج بۆ ئەو منداڵە بکا وە پاش ئەوە واجبی بۆخۆی کرد بۆ منداڵەکەیش بیکا طواف بۆخۆی بکا جا بۆ ئەویش وە سعی بۆ خۆی بکا جا بۆ ئەویش بیکا

وە ئەگەر تەمیز و شعوری بو وە پێی ئەکرا خۆی مناسکەکان بکا، ئەوە ئەو وەلیە آدابی إحرامیان پێ بەجێ بێنێ یانی ڕووتیان بکاتەوە لە پۆشاکی خۆیان وە خاولی حەجیان پێوە بپێچێ وە مەنعیان بکا لە هەرشتێ کە لە حاجی مەنع ئەکرێ وە هەرچی أرکانی حەجە پێیان بەجێ بێنێ مثلا لە خاکی عەرەفاتا لەگەڵ خۆیا ڕایان وەستێنێ وە لەوێوە بیان هێنێتە وە بو (مزدلفە و مینا) وە شەریان بشاکێ وە لە پاش ئەوە کە خۆی تەوافی (کابەی) کرد تەوافیانی پێ بکا یانی ئەگەر تەوانایان بو لەگەڵ خۆیا بیانگێرێ بە دەوری (مالی کابە)دا وە لە بەینی (صەفا و مەروە دا) بیان با بە ڕێگەدا وە ئەگەر نەیان ئەتوانی بیانگرێ بە بادەشیەوە لە کاتی تەواف وە لە کاتی سەعیا :

شەرتی صحەتی مباشرەی حەج   خۆی بەجێی بێنێ بێ عەیب و حەرەج

ئسلامیە ئەو تەمیزی ئنسان   بفامێ بیکا بێ عەیب و نوقسان

ڕەوایە بەچکەی فامیدە هەستێ   بە ئیزنی بابی ئیحرام ببەستێ

تەوافی سەعی و باقی آداب   جێبەجێ بکا بە یاسای کتاب

بەڵام ئەمانە پاش وادەی کەمال   فەرزە حەج بکەن بە بێ قیل و قال

چونکە ئەدای طاعەت لە کاتی وردی بۆخۆگرتنە نەک فەرزی فەوری

شەرتی صحەتیان بۆ ئەدای واجب بلوغە و ئیسلام آزادی کا سبب

مسلمی بالغ عاقلو آزاد حەجیان کافیە بۆ فەرزی عباد

مادام حەججیان کرد ئەبڕیتەوە بە وەصفی واجب ناگەڕێتەوە

هەرچەن گەرابێ جاری حەج بکا بۆی واجب نیە حەجی تر بکا

پلەی دوهەم دروستی حەج و عەمرە یە بەکردنی بە نەفسی خۆی

وە بۆ ئەم پلە ئیسلام وە تەمیز پێویستە کەوابێ مندالی حەوت

سالە یا زیاتر ئەتوانێ خۆی ئیحرام ببەستێ بە حەج و عەمرە بە ئیزنی

باوکی وە آدابەکان بەجێ بێنێ لە ژێر چاودێری ئەوا بەلام مندال

تەمیزی بێ یا نەبێ کاتێ بالغ بو وە دەستی ڕۆیشت فەرزە حەج و

عەمرە بکا چونکی ئەم حەج و عەمرەی کاتی مندالی یە لە بەرخۆگرتنە

بە یاسای ئیسلامە وە نەک بۆ ئەدای فەرزە. وە فەرزەکە ماوە لە سەریان

پلەی سێهەم دروست بونی حەج و عەمرەکە و بونیان بە ئەدای فەرز

ئیسلام بو ئەم پلە یە پێویستە کە یارۆ مسلمان و بالغ و عاقل و آزاد بێ

ئیتر وارائی پێویست نیە کەواتە ئەگەر فەقیرێکی بالغ و آزاد حەجی کرد

ئیتر پێویست نییە لە پاش ئەوە دەولەمەن بۆ جارێکی تر حەج بکا :

شەرتی وجوبی (حجة الاسلام) اسلامە و تەکلیف استطاعەی تام

بلوغ و عەقلە بناغەی تەکلیف تەکلیف ئەساسە بۆ پایەی تشریف

ئەو استطاعە کە پاسای دینە دو بەشە مایەی هێز و تەمکینە

یەکەم بە مانای تەوانای شەخسی حەوت شەرتی هەیە ئەگەر ئەپرسی

یەکەم مەسرەفی هاتوچوی سەفەر بۆ خۆت و هەرچی خەرجیت واله‌سەر

دوهەم (مەرکوبە) مالی سواری ئەگەر لە (مەکە) دو قوناغ دوری

سێهەم ئەمینی ناو ڕێگە و بانە ئەمینی مال و ناموس و گیانە

چوارەم پاسەوان لە هەموو ڕێدا ئەگەر خەتەری بێ لە وجیدا

یانی دیناری ستەم گەر بیبا زیان لە فەرزی حەجی تۆ نەدا

پێنجەم دەس ڕاکێشی بۆ نیشانی کوێر مەحرەم لە بۆ ژن برای یا مێر

یا چەن ژنێکی خاوەن احترام هەوی ئەمینی بن بە ناموسی تام

پاسم لە فەرزە چونکە بۆ سونەت یا مەحرەم یا مێرد فەرزە بۆ صحبت

شەشەم لە دونیا ئەزیەت تی ئەکەوی بۆ پێویستی خۆت یەکت نەکەوی

حەوتەم ماوەی بمێنی بۆ حەج فریای حەج کەوی بێ دەرد و حەرەج

یەکێ بنای گەر ژن نەهێنێ   بۆ باری تاوان سەرئەنەوێنێ

چاکە وایە بۆ ئەو پێش کردنی حەج   ژن بێنێ بۆ خۆی جا بڕوا بۆ حەج

ئەگەر پێویست بێ ژنی لەگەڵ بێ   ئەبێ مەصرەفی ئەویشی هەبێ

شێخ سولەیمانی مەدەنی گەوری   لە سەر حەزرەمی ئەیڵێ بە مەردی

ئەم مەسرەفانەیش زیادین لەسەر   ئەوەی پێویستە بۆ قەرزی بەشەر

هەم لە پۆشاکی خۆیو منداڵی   ژنو خادمێ بنێ بۆ ماڵی

هەم لە خانووشی کە بنێ بۆتۆ   بە یاسای گوتە یا بە یاسای فۆ

چونکە بێ خانوو موڵکی بنیادەم   ژیوار گرانە بێ مەینەتو غەم

وانە تا پارەی خانووی خۆی نەبێ   لای (ابن حەجەر) حەج واجب نابێ

بەڵام بێت ناوی لە بەر اعتبار   عەمارەتی بەرز بە سێ چل هەزار

خانووی عادەتی بۆ حفظی ئینسان   بەسە بۆ ژیوار لە چەرخی زەمان

بوێ خانووێ کە زۆر ئایابە   وەها لایقی عالی جەنابە

ئەبێ بیفرۆشێ بە ماڵی بۆ خۆی   خانووێ بکڕێ بە قەدەی حاڵی خۆی

ئەو پارە زیادە ئەمێنێتەوە   بۆ مەسرەفی حەج بڕوا بێتەوە

هەروا عالمی لە خانووی وقفا   خۆی و عائلە بژی لە کەیفا

خانوی زیادەی بو   با بیفروشی   بو حەجو عەمرە بەدڵ تیکوشی

یا ژن لە خانوی میردی خویدابی   خانوی مولکی خوی لە بەردەسدابی

فەرزە خانوی خوی بفروشی بو حەج   عەمرەشی لەگەڵیا بو جاری حەروج

ئەمە صەحە وەهایە باغو زەویوزار   یاخو دەسمایە لە بو کاسبکار

ئەمانە هەموی ئەفروشرین لە بەر   مەسرەفی حەجو عەمرەی معتبر

لەحەججاتەوە خودا کەرعیە   کاسبی شیوەی شانی سەلیمە

بەلام بو کەسی کەسبی نەبێ بوی   بیخواو دانیشی لە ناو ماڵی خوی

کە حەج واجیب بو لە سەر موسلمان   لە سەر مۆڵەتە بە تولێ زەمان

مەگەر بزانی بە دەردی پیری   یا بە داماوی ئەبری تا ئیری

سیامی اعظم   بە یاسای منهج   ئەلی نەوری یە یا بڕوا بو حەج

پلەی چوارەم واجیب بونی حەجو عەمرە یە لە سەر ئینسان وە شەرتی
ئەم پلە یە بلوغ وە عەقل وە ئازادی وە استطاعە یانی تەوانالی یە
تەوانالی بو ئینسان لە سەر دو نەوعە یەکەم تەوانالی حەجە
بە نەفسی خوی یانی ذاتاً خوی هەستی بەو واجبە ئەم جورە پیویستی
حەوت شتە یەکەم مەسرەفی ساوەی هاتو چوی ئەو سەفەرەی بی

بۆ خۆی بۆ ئەوانە کە مەسرەفیان لەسەر دیەتی   دووەم مەجالی سواری بێ
لە ڕێگەی (ئەگە)دا مادام دوو قوناغ یا زیاتر دوور بێ   بەم مەرجە
کە نەتوانی بە پێ ڕێ بکا   سێهەم ڕێگاکەی ئەمین بێ لە زیانی نەفسی
وە مالی وە ناموسی   چوارەم پاسەوان دەست بکەوێ ئەگەر پێویست بێ
بەلام لە پارەی پاسەوان نیە ئەو پارەیە کە ڕێگرەکان داوای ئەکەن
بۆ بەرەڵلاکردنی ڕێگا   واتە ئەگەر ئەو ڕێگرانە بەبێ پارە ڕێگە یان
بەرنەدا ئەوە لەو کاتا حەج واجب نیە لەسەر موسلمانان   پێنجەم ئەوەیە
کە ئینسانی کوێر دەس کیشی بێ کە لەگەلیا بڕوا بە ڕێدا   شەشەم بۆنی
نێرینەی مەحرەمە وەکو باوکو براو کوڕو مامو مێرد لەگەل ئەو ژنانەڕوا
بۆ حەج   یا چەن ژنێکی واکە شەریان لێ بکرێ لە ڕێگەو بانا   وە ئەم
ژنانە بۆ حەجی فەرز بەکار دێن   ئەنا بۆ حەجی سونەت بەبێ نێرینەی
مەحرەم دروست نیە ژن بڕوا بۆ مەکە :   حەوتەم ئەوەیە هەرچی
پێویستی ئەو سەفەرەیە لە ڕێگە دا بە نرخی عادەتی دەست بکەوێ
هەشتەم ئەوەیە لە پاشی پێک هاتنی دارائی ئەوەندە کات هەبێ.
کە ئینسان لەو کاتا بگات بە مەکەی مکرەمە ئەنا ئەو ساڵە واجب نیە بڕوا

بزانن پێویستە سەرفی حەج وەعەمرە زیادبێ لە قەرزە
کە لە سەریەتی چ قەرزی حازر چ وادەدار وە زیادبێ لە بەرگ
وە رایەخ وە نوێن وە کاسە و مەنجەلی پێویست وە لە خانوی
موڵکی خۆی واتە کابرا ئەوەنە پارەی هەبو کە خانوێکی عادەتی پێ
بکاتەوە ئەوە واجیب نیە ئەو پارە سەرف بکا بۆ ڕێگەی حەج
هەرچەن عادەتیشی وابێ لە خانوی بە کرێ گیراودا بنیشێ ورابوێرێ
بەڵام ئەگەر کابرا ئیمام یا خوتبە خوێن یا مدرس بو وە خانوی وەقف
درابو پێیان وە دەوامیان ئەکرد ئەوە لەم کاتا ئەو پارەی خانوە کە
هەیەتی واجیبە سەرفی بکا بۆ ڕێگەی حەج وە یا خود ژنێ لە خانوی
مێردەکەیا بو وە خانوی خۆی بو یا پارەی بەدەستەوە بو ئەوە
فەرزە لەسەری ئەو خانوە بفرۆشێ بۆ حەج وە یا ئەو پارە کە هەیەتی
صەرفی بکا لە ڕێگای مەکەی مکرمەدا وە یا خود دەستمایەی کاسبی
هەبو بۆ تجارەت وە یا خود باخ وە زەوی وزاری بو ئەوە واجیبە
ئەو دەستمایەی کە سابەتە صەرف بکا بۆ حەج وە یا ئەو باخ و عەرزە
بفرۆشێ بۆ مەسرەفی حەج مەگەر کابرا عالی وەها بێ ئەتوانی کاسبی بکا یا لە دنیا

کاسبی بوئەوکەسە نەشێ ئەوە دروستە ئەووەسیەت مایە یا ئەو باخۆعەرزە تا بگرێ وە لەواراتی مایەکەو باخۆعەرزەکەی ژیاربکا وە ئەروا بۆحەج :

آگاداربن ئەگەرکەسی ئەوەندە خاوەن آرەزوبو بەپێ ژن ئەی ئەتوانی بینیتە وە ئەوە تا مەسرەفی[۳] ژنەکەی نەبێ واجیب نیە بەتەنیا بڕوا بۆحەج ئەم مادە شێخ سولیمانی مەدەنی لەسەر لە مقلەی حضرەمی ، نوسیویەتی :

دوهەم تەوانای نیسانە وەها — کە یەکێکی تر حەجی بۆ بکا
یانی خوی پیرە و بەلەشی ناساغە — یاخود گیرودەی دەردی دەماغە
یا هەتا مردن حەجی بۆ نەکرا — ئەو فیقی حەجی عەمرەی پێ نەدرا
بۆ ئەم کەسانە فەرزە حەج بکرێ — ئوجرە بۆ مردوو لە میرات ئەدرێ
یا زۆر مردووە و تەرزاری حەجە — داماوەو تەمای عەفوو فەرەجە
ڕەوایە وارث یاخو بیگانە — حەجی بۆ بکەن زۆر بەمەردانە
ئەوەیشی لەسەری واجب نەبێ — کە وەصیتی کرد حەجی بۆ ئەکرێ
بەبێ وەصیەت لە لای شافعی — حەجی سوننەت بێ ناکرێ بە شەرعی

بۆ شەخسێ کەوتو یاخوی زیندو بێ   بە وەکیل حەج عومرەی بۆ ئەبێ

بەلام بزانێ کابرای کۆی کار   ئەگەر بە عەینی کوا اعتبار

یانی پێیان وت شەخسی خۆت ئەبێ   ئەم حەج عومرە بکەی جێ بە جێ

بۆ ئەم صورەتە فەرزە ئەو سالە   بڕوا بۆ واجب ئەنا بەتاڵە

هەم فەرزە فەورەن بکەویتە کار   هەرچەن بۆ ئەسباب بە پێی رۆژگا

حەجّ عومرەیشی کووبێ بۆخۆی   ئێستەشی مانعی زۆنە دالەبۆی

ئەوکەسە حەجّی خۆی نەکردبێ   حەج بکا بۆ غەیرە لەبۆ خۆی ئەبێ

هەروا پێویستە ئەجیر عادل بێ   هەتا ئەو حەج عومرە کامل بێ

بەلام لای بازێ دروستە فاسق   بێتە کۆی کار (قَلِّدْ وَوَافِقْ)

پیاو بۆ پیاو و ژن بۆ ژن و پیاو   ئەبێ بە نائب ڕەوایە وتەوا

ئەگەر ئیجارەی لەسەر زمّە بێ   بڵێت هەرچۆنی بۆتۆ بێتە جێ

ئەو سالە بیکا یا سالێکی تر   شرعاً جائزە بێ جفای خاتر

بەلام پێویستە یاروی خاوەن کار   ئەوعی حەجّەکەی بۆ بکا ئیظهار

بە (قِران) بیکا یاخو بە (إِفراد)   یا بە (تَمَتُّع) بە پاسای ارشاد

قِران ئەمەیە بە یەک نیەت بێنی   کە حەجّعومرە بە جێ بهێنی

(افراد) نیه‌ته بۆ حه‌ج به‌ته‌نیا — پاشی حه‌ج عه‌مره که‌شی بکا بۆ جودا

(تمتّع) نیه‌ت به عه‌مره دێنی — جا له‌ماتی حه‌جیش حه‌ج به‌جێ بێنی

به‌لام بۆ ئه‌وه‌ی به‌کرێی ئه‌گری — پێویستی نیه میقات ناو ببری

بڕوا به عاره‌ت ئیحرام ببه‌ستی — له‌و میقاته‌وه خه‌ڵکی ئه‌وی به‌ستی

نه‌وعی دووهه‌م له استطاعه (ئیستطاعه و توانائی یه له شه‌ر به‌جێ هێنانی حه‌ج و عه‌مره به‌یه‌کێ که ئه‌یکا به نائبی خۆی . واته کابرا نه‌خۆش و وه‌یا هه‌ژاره وه خۆی ناتوانێ بڕوا بۆ حه‌ج پێویسته که‌سێک به‌کرێ بگرێ حه‌جی بۆ بکا به‌م مه‌رجه ده‌ستی بڕوا که کرێ بدا به‌و که‌سه وه ئه‌گه‌ر کابرا خۆی مرد پێویسته له میراته‌که‌ی کرێی ئه‌و کابرایه بدرێ جا ئه‌و شه‌خصه که به‌کرێ ئه‌گرێ یا به اجاره‌ی عه‌ینه یا به اجاره‌ی ذمه ئیجاره‌ی عه‌ینی وه‌کو ئه‌وه بڵێ وا تۆم گرت به‌کرێ که خۆت ذاتاً حه‌ج و عه‌مره‌م بۆ بکه‌ی له‌م صورته‌دا پێویسته که کرێ کاره‌که‌ی مسلمان و بالغ و عاقل بێ وه بتوانێ حه‌ج وه عه‌مره به‌جێ بێنێ وه کابرا حه‌ج و عمره‌ی کرد بێ بۆ خۆی وه ئه‌بێ پاش عه‌قدی ئیجاره که ده‌ست بکا به کاری حه‌ج هه‌رچه‌ن مه‌شغوڵی مقدماتی حه‌جه که بێ وه هه‌ر له‌و ساڵه‌دا

ئەو حەجو عەمرە بەجێ بێنێ دە پێویستە ئەو کەسەی کە حەجەکە ئەکا وە ئەوەیشی حەجەکەی بۆ ئەگرێ واجیاتی ئەو حەجو عەمرە بزانێ

حەوتەم کابرای بەکرێ گیراو عادل وە راسالێ بێ بەلام ئەم شەرتە

اعتبار ئەکرێ بۆ ئەوەکە رەوا بێ یەکێ کرێ کارێ بگرێ بۆ بەجێ هێنانی حەج

وە رەوا بێ کە بێ بەکرێ کار ئەگەر نا شەرتی دروست بونی حەجو عەمرەکە

نیە واتە ئەگەر کابرا فاسق وە تاوان بار ئیش بێ هەر ئەو حەجو عەمرە

دروستە :

وە ئەگەر ئیجارەی ذمە بێ مثلا کابرای خاوەن کار بلێ بە یەکێ وا

لە زمەی تودا حەجێکم قەراردا بە صد دینار خوت ئەیکەی یا تو

کەسێ ئەنێری بۆ (مەکە) حەجەکە بکا لەم صورەتا واجب نیە کابرای

کرێ کار لەو سالە بڕوا بۆ حەجە وە دروستە سالی دوائی بڕوا یا خود

کەسێکی تر بنێری لە باتی خوی :

جالە بەر ئەوەکە اجارەو کرێ گرتن ئەم شەرتانەی هەیە زانا کانی دینی فەرمویانە باشی وەهایە ئیشان بەیاسای (جعالە) یەکێ بنێری

بەم شێوە بلێ هەر کەسێ حەجێ وە عەمرەیکی شەرعیم بۆ بکا صد دینار

لە مالی من بۆ ئەوە تەسلیمی بکەم وە یا خود بە شێوەی (حەج بە مەسرەفی)

مثلا بلێ تو حەجێ بکە بۆ من منیش مەسرەفی حەجەکەت پێ ئەدەم

لە خواردن و خواردنەوە مثلا

بزانن ئەگەر کابرای کری کار لە پاش ئیحرام بەستن لەگەل ژنی خویا

جاعی کرد ئەو حەججەکەی بەتال ئەبیتەوە وە ئەوفی اجارەکەیشی

مادام ئیجارەی عەین بی بەتال ئەبیتەوە وە کریشی ناکەوی وە ئەوحەججە

بەتالە وا ئەزری بە حەج بوخوی وە واجب ئەبی لەسەری کەسالی دوائی

ئەوحەججە قەزا بکاتەوە بوخوی وە ئەگەر ویستی حەج بکا بو کابرای

مستاجر پیویستە بە عەقدیکی تازە عەقدی ئیجارەکە بکەنەوە بەلام

ئەگەر ئیجارەی ذمتە بی تازەکردنەوەی عەقدی ئیجارەی ناوی ..

ئەگەر کابرای کری کار لەو سەفەرا مرد ئەگەر لە پیش ئیحرام بەستنا بری

ئەو هیچ کری ناکەوی وە ئەگەر لە پاش ئیحرام بەستنی ئەوە بەقەی

ئەو ئەرکانانە بەجی هیناون کری ئەکەوی جا مادام ئەرکانەکانی

تەواو نەبوون ئەوە ئیتر حەججەکە تەواوە وە ئەگەر تەواو نەبوبن

پیویستە سەر لەنوی حەججەکەی بو بکریتەوە . وە ئەگەر کەسی

مرد و حەجی فەرزی لەسەر بو پیویست بە وەصیەت ناکا وە

واجبە لەسەر میراتی مردوەکە حەجی بو بکری وە لە میقاتی ئەهلی ئەو

ولاتەوە کابرای نائب ئیحرام ببەستی وە ئەگەر وایان نەزیارداکە لە

میقاتێکی نزیکتر لە مەکەوە ئیحرام ببەستێ ئەوە بەم بڕیارە تاوانبار
نەبێ وە پێویستیشە حەیوانێکی بۆ قوربانی بشێ سەری ببڕن لە فدیەدا
بەڵام ئەصلی حەجەکە دروستە وە لە زەفەری کابرای مردوودا نامێنێ
وە ئەگەر ئەو مردووە کە زوو حەجی لەسەر واجب بوە ماڵومیراتی ئەماوە
ئەوە دروستە میراتگرەکەی یا خود شێنانێکی بێگانە لە
ماڵی خۆی حەجی بۆ بکا وە ئەگەر کابرا ئەو کە حەجی لەسەر واجب
نەبو وەصیەتی کرد حەجی بۆ بکەن ئەوە دروستە حەجی بۆ بکەن
هەروا ئەگەر وەصیەتیشی نەکردبێ وەکو ابن حجر لەحاشیەی
ئیضاحدا فەرمویەتی :

مەعنای حەج و عەمرە

حەج مانای قەسدە و بە عورفی ئائینی — تەوافی کابە لەسەر یاسای دین
عومرەشی بە مانا قەسدە و زیارەت — بەو نەوعە هەقە لەلای شەریعەت
ئەم حەج و عومرە روکنی ئیسلامن — فەرزی گەردنی ئەهلی ئەحکامن
لە عومرا جارێ ئەمانە فەرزن — ئەهلی عومرە و حەج گەلێ شەر بەرزن
ئەوەی ئەیانکا بەجێ باوەڕی — کافرە و ئەروا بە ئاخرشەڕی
ئەوەیشی ئەیانکا لەبەر تەمەڵی — خزمەتچی ماڵە لەبەر چەپەڵی

روکنی لەخانوی دینی نوقسانە   خانوی بێ دیوار بەرەو ڕوخانە

ئەوەیشی ئەیانکا بو ڕەزای خودا   سەری ئەگاتە عەرشی ئَعَلا

ئەوە عەبدیکی خاوێند چاکە   آرام گای روحی فیردەوسی پاکە

لە ڕوژی حەشرا دورە لەجەفاە   وێنەی حاجی یە لەعەرزی صفاە

صَنَەوخَلَەکان   آمِنا   بەدڵیکی پاک بڵێ   آمَنّا

جائەوەی ئەڕوا بو کعبة الله   ئەڕوا بەهیوای رەحمەتی الله

حەقی حەقداران با بداتەوە   خوی لە تاوانە پاک بکاتەوە

ئەگەر گەردنیان لەحەق آزاکەن   لە جەفا دەرچێ رو لەصفاکەت

ئەمجار لە بەینی خوداو خویانا   تەوبەلێ بکەن بە هەوڵو توانا

مالیکی حەلال کافی بو ژیوار   هەم کافی لە بو فقیرو هەژار

دلیان خوشی بکەن بە عەفوی باری   لە تاوان بارێو لە شەرمەساری

هەرکەس لە ژێدا آزاریان ئەدا   عەفویان بکەن بو ڕەزای خودا

ئادەمی نەختەو سەفەر بەحەکە   لەم حەکە دەرچێ ئەوجار بەکەللە

هەتا دینەوە بو مالی خویان   بلێن بە ڕوژێ دوورن لە تاوان

کەحالو مالو کردەوەت پاک بو   ئەتوانی بڵێیت حەجەکەم چاک بو

چاو دڵ شاد بکەن بە ڕەزای خودا   گوێتان کەڕ بکەن لە هەرا و غەوغا

مەچێژن تامی ناکامی تاوان   هەتا ئێنەوە بۆ ماڵی باوان

ئەگەر بەم یاسا دامەزرێن بە دڵ   زۆر بە سەربەرزی ئێنەوە وەنزل

مینانی پاکی موسوڵمانی چاک   عەبدێکی ساغ و مخلص و چالاک

ئەم صابر ثابت بن لە سەر ئەم بارە   خۆتان بە تاوان مەکەن ئاوارە

بە قینی ئەو بە حەرەم دراوە پێیان   قاپی ڕەحمەت کراوە لێیان

شەهادەت نامەی بەرزی عالەمی   ئەدری بە ئێیان لە بەر سالمی

شێر و هوشیار و دڵ موسڵمان   تاگیانشان ئامادە خاوەن ئیمان بن

موسڵمانەکان دڵ بە نیازن   بە ناوی حاجی هەرگیز نانازن

خوشخۆ ڕجایە حوڵکی موسڵمان   بیموهیوایە سامانی ئیمان

(مَنْ حج لله) مەعناکەی وایە   حەجی عومرەی وا عەفوی خودایە

نشانەی قبوڵبوونی طاعەتی   مەرد ئیستقامەتە و دوورکی بیگەرد

بە بەجێ هێنانی لە بۆ مأموراتت   بە تەرکو دووری لە بۆی مەنهیات

تایبەتی درۆ و غەشی وەحەیانە   هەرچی دژمنە لە بۆ ئەمانەت

ئەم حالە ئەبێ بە تا نویی ڕاسی   بۆ تقوا و : تەقوی ئەبێ بە لیباس

لە سەر هەر باری لێرا دەرکەوی   بەرگی سوندوسە و ئیستبرەق لەکوی

لەرێگەی حەج دا زور بکەن دوعا   لە دەوری بەیتا زور بکەن تەرا

لەعەرەفاتا [illegible]   وەها لەزانی والە مەحشەرگا

بە دل ئەکولی و بە زمان ئەلێ   ئەی پەروەردگار خوا ئەلی یەلی

ئەلی یا وەلی نجبەشمان ئەکەی   لە ناویا سانا زورەشمان ئەکەی

بە جاهی پایە و مایەی ئەوەرە   شەفاعەت خوازی تا وانوگەردە

وەلی بە روتبە و عزەتی رەهبەر   بمان پاریزە لە هەولی مەحشەر

وەکو بە ئیحسان نیعمەت درووس کرد   بە نوری ئیمان نیعمەت مەخصوص کرد

لەسەر ئیرشادی حەزرەتی رەهبەر   بوین بە خاوەنی دینی پیغەمبەر

تەوفیقمان بدە بە علم زانست   لە خوا پەرستی بین بە خواپەرست

لەسەر عیبادەت راگیرمان فەرمە   هەتا لا ئەدەین لە طاعەت [illegible]

بە ئیستقامەت تا کاتی لقا   بە رەحمەت بروین بو دارالبقا

پیویستی هەیە حەج بە چەن ئەرکان   حەج بەوانە نیە لە ئیمکان

چەن واجباتیشی هەیە لە بو حەج   هەرکامیان فەوتان ئەگەی بە حەرج

پیویستە فیدیە کاتی کە فەوتان   هەروەها هەیە گەلی سونەتان

بە دل هشیار بن بو کاتی بەیان   کە بون بە زانا ئەبن بە ئەعیان

روکنی حەج شەشن بە شەرعی خودا — ئیحرامە و طەواف بۆ کعبة الله

سەعیە لە بەینی صەفا مەروەدا — یانی هاتوچو لەو ما بەینەدا

وقوف راوەستان لە عەرەفاتا — چشە رکائیکە لە سەر لیستانا

حلق بە مانا تاشینی مووی سەر — تقصیر هەل پاچینی بە لی دەروی سە

بۆ مووی هەموو سەر یا بۆ بارێکی — هەرکامێکی کرد بۆ خۆی رزگار بو

شەشەم تەرتیبی ئەم ئەرکانانە — بەلام بۆ زۆربە نەک بۆ هەموونە؟

ئیحرام یەکەمی ئەرکانەکانە — حەج را بەستنە و عەمرەی جوانە

وقوف لە کاتی عەرەفاتی بەرز — پێشی تەوافی روکن ببیژانە بەفەرز

پێویستە حەلق و تقصیر و طەواف — لە پێش سەعیا بن بۆ حاجی دلساف

ئەگەر لە پاشی طەوافی قدوم — سەعی ئەبوبە بە یاسای معلوم

ئەناقەی ناکا حەلق یا تقصیر — یا تەواف لە پاش سەعیا بە تقدیر

ئەم شەشە ئەرکانە پێویستی حالە — یەکیکیان نەوتا حەجت بەتالە

جیبیان ناگری فدیەی کفارەت — ئەرکان پێویستن لە بۆ عیبادەت

بەلام بۆ واجب کفارەت ئەدری — بەو کفارەتە پێنە یان ئەکری

واجبەکانی حەج

واجباتی حەج شەشن بە اثبات — یەکەم ئیحرامە لە عەینی میقات

چونە ئیحرام بە ستنی خوی لە ئەرکانە — بون لە میقاتا فەرزی سەرشانە

دووەم مانەوە لە پاشی نیوەشەو — لە (موزدەلیفە، بە نوور ویرتەو

سێھەمین رەجمی شەیتانی مطلبە — پێی ئەڵێن رەجمی جەمرەی عەقەبە

صوبحی رۆژی جەژن پاش ھەتاو کەوتن — بە یارمەتی خوا لە سەر رێی کەوتن

چوارەم مانەوە لە پاشی نیوەشەو — لە عەرزی مینای بە نوور ویرتەو

پێنجەمین رەجمی شەیتانەکانە — سێ رۆژەی پاشی جەژن فەرزی ئینسانە

لەو سێ شەوەدا شەیتانی رەجیم — وەسیەتی تێک بدا دڵی ابراھیم

ئەیلێ یاسا تەواو تێ بگا — ھەتا حەج بکا بۆ رەزای خودا

ئەویش وەکو مەرد زوو بە دەستی برد — شەیتانی شومی بەردەباران کرد

لەوو دامەزرا بە تووڵی زەمان — رەجمی شەیتانی بێ دینو ئیمان

لەو سێ رۆژانا لە پاشی نیوەڕۆ — ھەرسێ رەجمەکان فەرزن لە بۆ تۆ

شەشەم طەوافی ویداعی کابە — بۆ ماڵ ئاوایی فەرزەو حسابە

ئەم واجبانە ھەرکامیان نەکرێ — بە فەرمانی دین فیدیەی بۆ ئەدرێ

سوننەتەکانی حەج

سوننەتەکانی بە گوێرەی ئەرکان — بۆت بەیان ئەکەم بە لوطفی یەزدان

کاتێ کە ئێمە سەرباسی ئەرکان — تۆیش ئاگادار بە بۆ کات و مەکان

ئێستەیش بە کورتی ئەوەی ئەیزانم — بۆت بەیان ئەکەم نووری چاوانم

لەبیک کردن سوننەتە مەعلوم — بۆ کاتی ئیحرام بە یاسای مەرسوم

هەروەها کاتی گوڕانی ئەحوال ‌ ‌ لە بەر زیو نزمی ڕێگە و دوور و ماڵ

کە چونە مەکە طەوافی قدوم ‌ ‌ سوننەتی دینە بزانە معلوم

غوسڵە کانی حەج هەر کام لە جێی خۆی ‌ ‌ سوننەتە بۆ حاجی ئیحسانە لەبۆی

مانەوەی مینا شەوی حەرەکاتش ‌ ‌ کاتی کە ئەڕۆن لە بۆ عەرەفات

ڕۆژ دانە لای شەو لە عەرەفاتا ‌ ‌ ئەگەر ڕای ئەنێی لە واجباتا

زەوقی بە صیرەت لە وادی مەحسەر ‌ ‌ کاتی ڕابوردن لەم سەروڵەو سەر

بە ڕێزەوە بوونت لە سەر صەفا را ‌ ‌ لە قەدەی قامەتی خاوەن بالا دا

داکوتن لە ڕێ لە بەینی میلەیت ‌ ‌ لە کاتی سەعیا ئەی نوری عەینەین

خوتبە کانی حەج بۆ شخصی ئیمام ‌ ‌ سوننەتی دینی ئرشادن بۆ عام

هەر چی سوننەت بێ بۆ حەجی شریف ‌ ‌ بۆ عومرەیشی هەیە بزانە زەریف

ئەگەر آدابی عەرزی عەرەفە ‌ ‌ آدابی مینا یا موزدەلیفە

طوافی قدوم لە عومرەدا نییە ‌ ‌ هەر لە حەجا هەن بزانە یقینی

آدابی حەج کردن

حەج کردن آدابی زۆرە بازێکیان ئەرکانن وە بازێکیان واجباتن وە بازێکیان سوننەتن :

ئەرکانی حەج شەشن یەکەم ئیحرام بەستنە کە مانای نیەت وە قصدی ئینانە بۆ ئەوە بڕواتە ناو ئەوجە وەکو باسی ئەکەین

دووهەم (طەوافی کەعبەیە) یانی هەڵسوڕان بە دەوری ماڵی کابەدا بەو
جۆرە کە باسی ئەکەین سێهەم (سەعیە) یانی ڕۆیشتن لە بەینی صەفاو
مەروەدا کە دوو شوێنن لە نزیکی ماڵی کابەدا چوارەم ڕاوەستانە لە
خاکی عەرەفاتدا پێنجەم حەلقە یا تەقصیر واتە تاشین
یاکورتەوەکردنی مووی سەر شەشەم تەرتیبە یانی چاودێری ڕیزە
لەناو زۆربەی ئەم ئەرکانانەدا واتە ئیحرام بەستن بخاتە پێش
هەموو ئادابەکانەوە وە ڕاوەستان لە عەرەفاتا بخاتە پێش تەواف
کابە ئەوتەوافە کە ڕوکنی حەجە . وە تاشینی مووی سەر یاکورتەوەکردنی
وە تەوافی ڕوکن بخاتە پێش سەعی لە بەینی صەفا و مەروەدا ئەگەر
لە پاش تەوافی قدوم کاتێ کە هاتوەتە ناو مەکەوە سەعی نەکردبێ
واتە ئەگەر حاجی گەیشتە مەکەی پیرۆز ڕۆیشت حەوت جار بە دەوری
کابەدا سوڕایەوە بە مەبەستی طوافی قدوم وە پاشان لەو تەوافانە
ڕۆیشت حەوت جار لە بەینی صەفا و مەروەدا هاتوچوی کرد ئەوە لەو
شێوەدا پێی هەرچوون لەم طەوافی ڕوکنە و حەلق و تەقصیرە بکا دروستە
وە ئەم ئەرکانانە ئەجزای شەرعی حەجن هەرکامیان نەکران ئەوە

ئەو حەججە بەتاڵ ئەبێتەوە بە کفارەت دان وە حەیوان سەربڕین تۆڵەی
ئەو روکنە فەوتاوە ناکرێتەوە :

دە واجباتی حەج شەش یەکەم ئەمەیە کە لە میقاتا یانی لە شوێنی
دیاری کراوا ئیحرام ببەستی بەم مانا ئەبوری بە سەر ئەو شوێنانا
بۆ شوێنی کە نزیک تر بێ لە مەکەی مکرمەوە ئەتا فدیەی ئەکەوێتە سەر
دووهەم ئەمەیە لە کاتی ڕاوەستان لە عەرەفاتا ڕوژ بگەێنی بە شەو
واتە لە پێش مغرب دا دەرنەچی لەوی واتە هوی بگری لەویا هەتاکو
چەن دەقیقە پاش ڕوژاوابونا وە ئەگەر لە پێش ڕوژاوا بون لەوی دەرچی
فیدیەی ئەکەوێتە مەگەر سا بگەڕێتەوە بۆ عەرەفات لە وشەوا ؛
سێهەم ئەمەیە کە لە پاش نیوە شەو کاتی لە عەرەفاتەوە هاتە
خوارەوە بۆ خاکی (موزدەلیفە) لە پاش نیوە شەو چەن دەقیقە
لەویا بمێنێتەوە ئەتا ئەوکە لە عەرەفات دەرئەچی بو خاکی مینا بە
موزدەلفە دا ڕا ئەبوری یا خود لە پێش نیوە شەودا ڕا بوری وە
لە پێش بەیان را نەگەڕێتەوە بۆ موزدلفە ئەوە فیدیەی ئەکەوێتە
سەر بە واجبی لە سەر ئەو سودەلیکی ئیمامی شافعی وە بە شێوەی سونەت

لەسەر تەولی : وە ئەم شەومانەوەی مزدلفە بۆ ئەوکەسانەیە

کە زوو گەیشتون بە عەرەفات ئەگەرنا ئەگەر حاجی لە شەوی جەژنا

گەیشتە عەرەفات وە بەجالی مانەوەی موزدلفەی نەبو لەوە

هیچی لەسەرنیە وە حەججەکەی تەواوە داتە فدیەی ناکەویتە سەر

چوارەم شەومانەوە لە خاکی منادا لە یازدە و دوازدەی مانگدا

ئەگەر بە دوو روژ قەناعەت بکا بۆ رەجمی شەیتان وە لە شەوی سیازدە شا

ئەگەر لە هەرسی روژەکە داشەیتان رەجم بکا وە لە ئەندازەی ئەو

شەومانەوەیە زوربەی شەوەکانە لەسەرنەرسوورەی بەحەیز وە

لە پیشی فەجرایە باکە میشی لێ لەسەر فەرموورەی بێ هیدی شافعی رض

بەلێ ئەوکەسانە کە معذورن لەم واجبا وەکو وشترەوان وە خزمەت

کاری حەجاج وە یا ئاودەری قەرەبالغ ئەوە ئەم شەومانەوەیانە

لەسەرنیە :

پێنجەم رەجم کردنی شەیتانە لە کوگای گەورەی مەشهور بە (عقبە)

لە روژی جەژنا وە رەجمی هەرسی کوگاکانە لە روژی یازدە و دوازدە و

سیازدەی مانگدا بۆ یەکێ قەناعەت نەکا بە دوو روژ ودیا رەجمی

بەلام چەورکردنی باقی لەشی حەرام نیە ئەگەر ئەو رونە بونی خوش نەبێ چونکی مادەی
بونی خوشی بدا لە بەرگو لەشی موجبی فیدیەیە ...

(دەنینوک کردنە

چوارەم لەو شتانە کە حەرامن لە کاتی ئیحراما لابردنی مووە لەسەرو رلیشو باقی لەشی
بەلی ئەگەر مووەکان وا بە سەری یا بەری یا سنگی ئەوە حەرام نیە ئەو مووانە
بتاشی چونکی عوزری هەیە بەلام فدیەی لەسەر واجبە چونکە ئەم کارە کردویە
إتلافە واتە لابردنی مووە حەتا ئەگەر لە کاتی تحلّلی هاتبێ ئەوە لە پێشی ئەواکە
سەری بتاشی مادام مووی شوێنێکی لا ببیا فدیەی لەکەوێتە سەر بەلام لە پاشی
سەرتاشینی خوی بوی دروستە مووی باقی لەشی لابا هەرچەن تحلّلی ئەول هێشتا
تەواو نەبوبێ واتە هەر تەنیا سەری خوی تاشی بێ ئیتر بەردی قرەنەدابێ
بو جەمرەی عقبە مثلا . (دبیداربێ ؟) دروستە بو مُحرِم کاتی کە وەختی تحلّلی
داخل بو خوی سەری خوی بتاشی یا سەری مُحرِمێکی تر بتاشی کە وەختی
تحلّلی داخل بوبێ وەکو ابن حجر لە حاشیەی ایضاح را تصریحی پێ کردوە لە
بابی حورمەتی حلق دا . وە لە عبارەتی شیروانی باشی دەرئەکەوێ

پێنجەم نینوک کردنە لە پەنجەی دەست یا پێ بەلی ئەگەر نینوکێ شکابو دەآزاری ئەدا
ئەوە دروستە ئەو نینوکە ببڕێ بەلام فیدیەی لەسەر واجب نابێ :

کوگاکانە لە دوروژرا : شەشەم رطوافی ویداع) واتە تەوافی مالی

کابە بو مال آوائی پاشی ئەوە کە آرابی عباوەتەکەی تەواوکرد وە

تەسدیقی کرد بگەڕێتەوە بو ولاتی خوی ئەگەر بو ژنی لەحەیزا بێ

یا زەیسان بێ ئەوانە ئەم تەوافەیان لەسەر نیە وەکو چون

لەوکەسە ئەروا بو عومرە مطلقا تەوافی ویداعی لەسەر نیە ..

وە ئەم آدابانە کە بە واجبیان ئەزانین هەرکامیان فەوتان واجبە

فدیەیان بوبدری واتە بە سەربڕینی حەیوانی بو قوربانی بشی تولەی

بدرێتەوە :

وە سونەتەکانی عەیری ئەرکانو واجبات ئەوانەیش زورن (حەج) وەکو

لبیک کردن بە یاسای خوی لە پاشی ئیحرام بەستن بەم عیبارەتە

لبیک اللهم لبیک لبیک لاشریک لک لبیک إن الحمد والنعمة

لک والملک لا شریک لک :

وە لبیک کردن سونەتە لە کاتی گوڕانی بەحوال دا لە سواربون وە

دابەزین و بە گشتی حالاتا الا لە کاتی تەوافی قدوم وە سەعی بەینی

صفا و مەروە پاشی ئەو تەوافە وە لبیک کردن دەوام ئەکا

تا دەست ئەکا بە (تحلل) واتە خورزگار کردن لە ئیحرام ..

وە سوننەتە (غسل) خۆشۆرینێ لە پێش ئیحرام بەستن بە حەج یا بە عومرە

وە کاتی ئەگات بە عەرزی حەرەم لە نزیکی شاری مەکە وکاتی ئەرواتە

ناو شاری مەکەی مکرمە وە بۆ چونە ناو کەعبەی شەریفەوە وە

بۆ راوەستان لە خاکی عەرەفاتا وە بۆ مانەوە لە (موزدەلیفە) دا

بە مەرجێ غوسلی نەکردبێ بۆ عەرەفات ئەگینا ئیتر غوسل بۆ مزدلفە نەکا

وە سوننەتە غوسل لە دوو رۆژانا کە رەجمی شەیتان ئەکا پاش رۆژی جەژن

بەلام سوننەت نیە بۆ رەجمی (کوگای گەورە) لە رۆژی جەژنا : وە سوننەتە

غسل بۆ تەوافی روکن ، وە بۆ تەوافی مال آوائی :

وە ئەم غوسلانە سوننەتن لە بۆ پیاو و ژن حەتا بۆ ژنی زەیسان بێ یا لە عوزری

شەرعی دا چونکی مەبەس لەم غوسلانە خاوینی لە شی ئنسانە نەک ئزشرکرون

وە لە سوننەتەکانی حەجە (طواف القدوم) یانی حاجی کاتێ گەیشتە مەکە

بڕوا حەوت جار بسوڕیتەوە بە دەوری کابەی پیروزا ئەم سوننەتەیشی بۆ

کەسیکە لە پێش راوەستانی عەرەفاتا داخلی شاری مکەی مکرمە بێ

ئەگەر کەسی وای بۆ ربی کەوت لە پێشا بڕواتە عەرەفات جا بیت بۆ شاری

مەکە ئەوە پیویستە طوافی روکن بەجی بینی ..

وە لە سوننەتەکانی حەجە شەومانەوە لە خاکی (مینادا) کاتی ئەڕۆن

بۆ عەرەفات بەلام لە سەرفەرموودەیێکی امامی شافعی ئەم شەوبانە وە واجبە

وە سوننەتە حاجی توند بڕوا بە رێگە دا لە عەرزی (مەحسەر) دا

چەلەم سەرەوە کە ئەڕوا بۆ عەرەفات چە لە وسەرەوە کە دێتەوە

بۆ شاری مەکە

وە سوننەتە لە ڕۆژی نوی مانگی قوربانا کاتی گەیشت بە عەرزی (نەمرە)

بمێنێتەوە هەتا نوێژی نیوەڕۆو عصر بەیەکەوە بەجمع تقدیم ئەکا

جا پاش ئەوە بڕوا بۆ خاکی عەرەفات و بمێنێتەوە هەتا ڕۆژآوا جا

پاش چەند دەقیقە لە شەو داپەڕی بۆ خاکی (موزدەلیفە) وە ئەم مانەوە

لە سەر فەرمودەی بەهێزی ئیمامی شافعی واجبە وە لە سەر فەرمودەیێکی

سوننەتە ..

وە سوننەتە کاتی حاجی ڕۆیشت بۆ (سەعی) لە بەینی صفا و مەروەدا بە قەدی

بالای ئینسانیکی ڕەوسا بەرز بێتەوە بەسەر (صفا) دا ئەوجار دایەزی

بڕوا بۆ (مەروە) وە کاتی کەوێشی دا پەڕی لە صفا سێ جار الله اکبر بکا

وە حەمدی خودا بکا جا جاریکی تر یەک الله اکبر بکا وە بڕوا بۆ مەروە :

وە سوننەتە لە بەینی میلەکانا توند بڕوا بە رێگە دا

وە سوننەتە بۆ سەرداری حەج چوار خوتبە بخوێنی یەکەم ڕۆژی حەوتی

مانگی قوربان له شاری مه‌که‌دا دوهه‌م له خاکی ئه‌مره‌دا پاشی زه‌والی

روژی نوهه‌م سی هه‌م روژی جه ژن له خاکی مینادا چواره‌م روژی

روژی دوهه‌می ایام التشریق وه له هه‌رکام له‌م خوتبانا خه‌لک حالی بکا

له‌سه‌ر ئه‌و آدابه‌که واله پیشیانه وه منحویله له‌روژی دوهه‌می ایام

التشریق بلیت به حاجیه‌کان دروسته بوهه‌رکه‌سی بگه‌ریته‌وه بوماله

پاشی ئیوه‌رو ره‌جمی‌شه‌یتان بکا وه‌له پیشی روژاوابون له منا ده‌رچی

وه ئه‌م خوتبانه یه‌که یه‌که‌ن الا خوتبه‌ی روژی نو له خاکی ئه‌مره‌دا

ئه‌وه دوخوتبه‌یه :

وه سونه‌ته بو رزگای له حه‌ج پیادان سه‌ریان بتاشن وه ژنان

سه‌ریان هه‌ل پاچن وه سونه‌ته هه‌رزکری که وه‌رگیراوه له

حه‌زره‌ت صلی الله علیه وسلم ئه‌وه بخوینی .

وه سونه‌ته که ئینسان یه‌ک له شوینی یه‌ک ره‌جمی شه‌یتان بکا یانی

بوینی به‌رده‌کان زور ئه‌بی هه‌روا سونه‌ته هه‌ر ره‌جمی له‌وسه ره‌جمه‌ی

ئه‌واکرد زو بروا بو ره‌جمی کوگای دوه‌م جا بو کوگای سی‌هه‌م

وه سونه‌ته پاشی ره‌جمی آخر که‌گه‌رایه‌بو مه‌که بروا بو خاکی (مُحَصَّب)

له بەینی خاکی (صفا) وە شاری مەکەدا ، وە لەو شوێنیا نوێژی نیوەڕۆ

وە عصر وە مغرب و عشا بکا ، جا بڕوا بۆ مەکە وە ئەگەر ویستی

بگەڕێتەوە بۆ ولاتی خۆی بڕوا (تەوافی مال ئاوایی) بکا بە قەسدی

خوداحافیزی : وە پاش تەوافەکەی لە ناو بەینی ڕوکن و ملتزم دا

ڕاوەستێ ، وە لە خودا بپاڕێتەوە بۆ خێری دنیاو قیامەت وە لە ئاوی

زەمزەم بخواتەوە ، جا لە بەیت بڕواتە دەرەوە

ئەم سوننەتانەم بەیان کرد لە سەر شێوەی ئەوە کە نوسراون لە کتێبی

دینا بە کورتی ، ئەوانی غەیری ئەمانەیش سوننەت گەلی هەن هەر یەکێ

لە شوێنی خۆیا بەیانیان ئەکەین :

بزانن ، زانایانی دین فەرموویانە هەمو فەرمانێکی دین حکمەتێکی تیا هەیە بەڵام

هەڵێ لەوانە دیارن وە بازێکیان دیار نیە بە هەر حال پێویستە ئینسان لە بەر

ڕەزای خودای تعالی آدابی دین بەجێ بێنێ ، وە لە حکمەتی ڕەجمی شەیتانا لەو شوێنیانە

ئەمە کە ئیمامی احمد ڕوایەتی کردوە لە ابن عباسەوە خودایان لێ ڕازی بێ کاتێ کە خودا

آدابی حەجی نازل کرد بۆ حەزرەتی ابراهیم لە عەرزی مینادا بو ، وە شەیتان لەو

سێ شوێنیانا ئەیویست سەر لە ابراهیم بشێوێنێ وە آدابەکانی پێ نەبێ لەویش

لە هەر شوێنێ لەو شوێنانا حەوت بەردی فڕێدا بۆ شەیتان هەتا وون بو لە پێشی حاجی

وە مەشهورە وایە کە شەیتان لەو سێ شوێنە خۆی لە شێوەی پیرێک دا
پیشان دا بە حەزرەتی اسماعیل علیە السلام وە ویستی تەفرەی بدا
وە خۆی تەسلیم نەکا بە باوکی هەتا سەری ببڕێ ئەویش لە هەر
یەکێ لەو شوێنانە بەردە بارانی شەیتانی کرد جا بۆ یادی ئەوە
ئەم ڕەجمی شەیتانە وا مەزرادە تا بزانین وەکو ئیطاعەی خودا واجبە
ئیطاعەی باوکیش واجبە وە پێویستە تەفرە نەخوا بە شەیتانی ڕەجیم
والله اعلم

بەیانی ئەرکانەکان

یەکەمین ئەرکان ناوی ئیحرامە — بۆت بەیان ئەکەم مەعناکەی کامە
ئیحرام بە مانا قەسدە بە یەقین — بۆ حەج یا عومرە لەسەر یاسای دین
میقاتی هەیە کاتی دیاری — شوێنی تایبەتی بە ئەمری باری
کاتی حەج غورەی مانگی شەوالن — تا فەجری ڕۆژی جەژنەکەی قوربان
کە بەیانی دا حەج تێ ئەپەڕی — بام بەو ئیحرامە عومرەیێ ئەکری
میقاتی کاتی بۆ عومرەی پیرۆز — سالە سەران سەر ئەی برای دلسۆز
مەگەر لەو کاتا مەشغولی حەجە — ئیحرام بە عومرە خەتاو حەرەجە
میقاتی مەکان بۆ ئەهلی آفاق — بۆ حەج و عومرە ئەبێ بە اشتیاق
بۆ ئەوەی ئەڕوا لە مەدینەوە — ذُوالحُلَیفَیَه ببینەرەوە

ئێستە ناو ئەبەی بە (بیری عەلی)   لە بۆ حاجیان مەشهورە و جەلی

بۆ ئەهلی شام و مصر و خوراوا   میقات (جحفەیە) شک نیە لەوا

لە بۆ یەمەنو تهامە بە عام   (یەلەملەم) کرا بە شوێنی ئیحرام

بۆ ئەهلی نەجدی یەمەنو حیجاز   (قەرن) میقاتە بەحق نەک مجاز

بۆ ئەهلی (مشرق) هەمو خورەلات   خاکی (ذات العرق) کرا بە میقات

ئەمروکە بڕیار لەسەر (عەقیقە)   جێگەی ئیحرامی خاوەن تەوفیقە

ئەوەی لە بەینی مەکە و میقاتە   شوێنی خۆی بۆ ئەو حق المیقاتە

میقاتی ئەهلی مەکە لە بۆ حەج   نەفسی مەکەیە بێ عەیب و حەرەج

هەر لە مەکەوە ئیحرام ببەستێ   چا لە بۆ ئاداب مەردانە هەستێ

کە عومرەیان ویست دانیشتوی حەرەم   غەریب یا شاری یا بڕون سەرجەم

لە عەرزی حەل دا خارج لە حەرەم   ئیحرام ببەستن بە عومرە بێ خەم

چاتر شوێنی حەل بۆ ئەم کسانە   شوێنێکە مەشهور بە (جعرانە)

لە پاش ئەو (تنعیم) خاوەن مەزیە   ئەگەر نا بڕون بۆ (حدیبیە)

ئەگەر دەرنەچن لە عەرزی حەرەم   فدیە واجبە یقین خاتر جەم

حەیوانی بشی لە بۆ قوربانی   فدیەی ئەوەیە فەرزە بیزانی

ماوەی ذات العرق قرنو یلملم دومەنزل ئەبێ تامکەی اکرم

ذوالحلیفە دە جحفە شەش منزل بیزانە باشە ئەی برای فاضل

کەسێ رێی لەسەر ئەمانە نەبێ مقابل بولەو بە میقات ئەبێ

ئەگەر وا دەرچو دو مقابل بو یەکیکیان نزیک یەکیکیان دوربو

لەو یەکیانەوە دورە لە مەکە پێویستە ئیحرام بێ شوبهە لەکە

ئەگەر مقابل دەستی نەدا بوی ماوەی دومەنزل میقاتە بوخوی

کێ لە دەریاوە لە بو جدە بێ لەسەر رابغ ڕا عبوری نەبێ

وا راشە ئەبوری لەسەر یلملم جدە میقاتە بوئەو خاترجەم

چونکی مابەینی جدە تا مەکە دومەنزل ئەبێ بێ شوبهە و لەکە

ئەم باسە وتمان بو حاجی ئەصلە ئەک لە بو نائب بزان ئەم فصلە

میقات بو نائب وا ڕا بوردوە میقاتی ئەوەی ئەوی ناردوە

مادام دورترە بێ میقاتی اصیل میقاتە لە بو نائبی جەلیل

جا ئەگەر نائب جێ نزیک بگری فیدیەی لەسەرە پێویستە بدری

یانی ئەبێ خوی ئەو فیدیە بدا چون بو سودی خوی لە دور لائەدا

سا مەگەر اصیل ئیجازەی بدا لە مالی خوشی فیدیەکەی بدا

ئەوەی ئەیەوێ بەعەزمونیاز　　لە تەیارەدا بڕوا بۆ حیجاز

کاتێ تەیارە لە مەتار هەستێ　　بەرگی بگۆڕێو ئیحرام ببەستێ

یا لە هەوادا پێش حاسیمیقات　　ئیحرام ببەستێو بکا مُناجات

نەکا بائێ بێ بە بازی کەلام　　لە شاری (جدّە) ببەستێ ئیحرام

جدّە) میقاتێ مَشرِقی نیە　　بەڵێ شایاوی کورگەی بەحریە

ئەوەی بێ ئیحرام لادا لە میقات　　فدیەی لەسەرە بۆ مایەی نەجات

مەگەر بۆ میقات بگەڕێتەوە　　ئیحرام ببەستێو ئەمجار بێتەوە

ئەوکەسە لادا لە میقاتی خۆ　　بۆ عەیری جەبهەی مەکەی شیرین بوو

ئەوە بۆی هەیە تاخیری ئیحرام　　بۆ وێنەی شوێنی ئەوەڵ بە نظام

هاتە کەم تر بوو لە میقاتی زۆر　　فیدیەی واجبە ئەوی برای خۆشخۆ

ئەوەیش بێ مەبەس لادا لە میقات　　ئەحەج نە عەمرەی بە دڵ دانەهات

لە پاشی تجاوز هاتە سەر نیاز　　بۆ حەج یا عومرە دڵ بوو بە هاوراز

ئەوجێ میقاتێ دڵ حوازە بۆ ئەو　　ئیحرام ببەستێ و بکەوێتە دەو

پێویستی نیە ئەوکەسە هەستێ　　بڕوا بۆ میقات ئیحرام ببەستێ

بۆ ئەهلی بەینی میقات و مەکە　　مەسکەن میقاتە بێ عەیب لەکە

(آفاق) کاتێ لە عەرزی حەرەم — اقامەت کرد بە زوری یا کەم

کاتێ کە ویستی حەج بکا بوخوی — میقاتەکەی خوی پیویستیە لە بوی

ئەگەرنا فیدیەی ئەکەویتە سەر — دائەم وەربگرە ئەی نوری بەصەر

بەلێ کە مەکە بوبە وەتەن بوی — حوکمی مەکەی وەرئەگرێ بوخوی

بزانە کەسێ بورواتە حەرەم — نەک بو مناسک بوکاری آدەم

ئەوە سوننەتە ئیحرام ببەستێ — لە میقاتەوە (١) بو طاعەت هەستێ

حەج یا عومرە باشی بەجێ بینێ — باری لە جەزا بوخوی دەربینێ

بەلێ ئەگەر حەج مالێ لەسەرێ — فەرزە حەج بکا بێ دەردی سەرێ

هەروەها عومرە چونە ئەویش فەرزە — باشی وەربگرە ئەم شیرینە عەرزە

بو تفصیل برو بو ابن حەجەر — پێشی واجباتی تەوافی انظر

باسی ئەرکانەکان بەدرێژی

ئیحرام

ئیحرام مانای قەسدی داخل بونە لە مناسک دا حەج بێ یا عومرە یا هەردوکیانا لەسەر ئەو یاسا کە باسی ئەکەین . ئیحرام میقاتی هەیە واتە وادەو شوینی تایبەتی هەیە . جا میقاتی زەمانی بو عومرە تەواوی سالە وە هەرکاتێ ئینسان ئیحرام ببەستێ بە عومرە دائەمەزرێ مەگەر کاتێ کە

---

(١) ئیحرام بەستنی لەم شەخصە لە میقاتێ لە عبارەتی محرر ئیمامی نەوەوی رحمه الله دەرئەکەوێ م ر دیاری کرادوە

حەزیکی عومرە ئیکی دامەزراوی پێشوبێ وەیا مەشغولی آدابی حەج بێ وە

هێشتا تەواوی نەکردبێ واتە لە رەجمی شەیتانی روژی دووهەم رزگار نەبو بێ

وە میقاتی زەمانی بو حەج لەئەوەلی مانگی شەشەلانەوەیە هەتا فەجری

روژی جەژنی قوربان . جا مادام کابرا ئیحرامی بەست وە حەجەکەی

بوکرا ئەوە باشە وە ئەگەر فریای حەجەکەی نەکەوت وە یاخو ئیحرامی

لە غەیری ئەو کاتا بو ئەوە ئەو ئیحرامە بەستویەتی بە حەج بوی ئەبێ

بە ئیحرام بو عەمرە وە واجبە عومرە تەواو بکا :

میقاتی مەکانی بو عومرە ئەوە بو ئەهلی حەرەم لەشاری مەکەو لە

ئەطرافی مریتی یە لە شوینێ لە خارجی حەرەم لەنزیکتر نوختەئی بە حەر

بەلام چاتر شوین بوئەم ئیحرامە یەکەم (جعرانە) دووەم (تنعیم) سیهەم (

حدیبیە) یە وە ئەگەر هەر لەشوینێ خویانا لەحەرەما ئیحرام ببەستن بە عومرە

ئەوە فیدیەیان ئەکەویتە سەر مەگەر لەپێش ئەواکەرەس بکەن بە

آدابی عومرەکە بڕون بو خارجی حەرەم وە ئیحرام ببەستن بەوە لە فیدیە رزگار

ئەبن وە ئەو فیدیە حەیوانێکە بو قوربانی بشی وەکو باسی ئەکرێ :

وە میقاتی مەکانی ئیحرام بەستن بە حەج ئەوە بو خەلکی مەکە شاری مەکەیە

ئەگەر لە شاری مەکەدا ئیحرامی نەبەست وە لە بەرانبەری شارەوە
ئیحرامی بەست لەسەر فەرمودەی ابن حجر رحمه الله فیدیەی ئەکەوێتە
سەر .. - وە ئەما میقاتی مەکانی بۆ حەج و عومرەی (آفاقی) واتە
خەلکی ولاتی خارجی حەرەم) ئەوە لەسەر ئەم یاساتانی .
میقاتی ئەهلی مەدینەی منورەو ئەوانە کە بەسەر مەدینەدا ئەڕۆن
(ذوالحلیفە) یە کە ئێستە مەشهورە بە (ابیار علی) وە ئەو شوێنە ماوەی
دە مەنزل دورە لە مەکەی مکرمەوە وە بۆ ئەوانە لە ولاتی (شامە) و
یا مصر یا ولاتی مغربەوە ئەڕۆن بۆ مەکەی مکرمە (جحفە) کە نزیکی
دەریای احمرە وە حەوت مەنزل دورە لە مەکەوە وە بۆ ئەوکەسانە
لە تهامەی یەمەنەوە ئەڕۆن (یەلەملەم) ە کە کێوێکە لە جنوبی
شاری مەکەوە ئێستە مەشهورە بە (سعدیە) وە دو مەنزل
دورە لە مەکەوە وە بۆ ئەوکەسانە کە لە (نجدی یەمەن) یا حجازەوە
دێن ئەوە کە شوێنێکە مەشهورە بە (قەرن) کە دو مەنزل دورە
لە مەکەوە؛ وە بۆ ئەوکەسانە کە لە خورهەلاتەوە ئێن بۆ مەکە
وەکو پاکستان وە ئەفغان وە عیراق ئەوە (ذات العرق) ە کە دو
مەنزل دورە لە مەکە بەلام بۆ ئەوانە لەو ڕێگە دەبن چاکوایە

لە (عەقیق) را ئیحرام ببەستن کە کەمێ دورترە لە مەکەوە وە ئەم

میقاتانە هەموویان لە سەر فەرمودەی حضرەت صلی الله علیه وسلم دیاری کراون

بەڵێ لە سەر بازێ ڕوایەت میقاتی (ذات العرق) لە سەر فەرمودەی

حەزرەتی عمر رضی الله دیاری کراوە !

وە میقاتی مەکانی بۆ ئەو ئافاقیانە کە عومرە ئەکەن میقاتی حەجە

داتە ئەگەر لە دورەوە هاتن بۆ مەکە بۆ عومرە یا خود بۆ حەج و عومرە بە

یەکەوە ئیحرام ئەبەستن لەو میقاتانەوە دیاری کراون بەڵام ئەگەر لە

پاشی تەواوکردنی حەج ویستی عومرە بکا ئەوە وەکو ئەهلی مەکە وایە ئەروا

بۆ یەکێ لەو سێ شوێنانە باسمان کردن وە ئیحرام ئەبەستێ بە عومرە هەروا

ئەگەر عومرەیێکی کرد وە ویستی لە شاری مەکەدا عومرە بکا ئەویش وەکو

ئەهلی مەکە وایە :

وە ئەگەر ئافاقی بەسەر ئەو میقاتانە نەهات ئەوە ئیحرام ببەستێ لەو

شوێنەوە کە مقابل وە بەرابەری ئەو میقاتانەیە ئەگەر ڕوا ری کەوت

لە بەینی دو مقابل دا بوو ئەوە لە کامیانەوە دورترە لە مەکە ئیحرام ببەستێ

وە ئەگەر مقابلی میقات نەبو وەکو یەکێ لە بەحری احمرەوە ڕو بە شاری جدە ٢

بێت ئەوە لە مەسافەی دو مەنزل لە مەکەوە ئیحرام ببەستێ وەکو شاری جدە

چون میقات نیە کە لە دوو مەنزڵ کەمتر بێ وە بەینی شاری جدە وە شاری
مکە دوو مەنزڵە :

ئەگەر یەکێ لە عراقەوە بە ئەلا سواری تەیارە بوو وە ڕۆیشت بۆ حەج یا عومرە
ئەوە چاکوایە هەر لەو کاتە سواری تەیارەکە بێ ئیحرام ببەستێ وە
ئەگەر ئەوەی بۆ نەکرا پێویستە لە ناو تەیارەکەدا پێش ئەوەی ئەگاتە
ڕاستەرێی یەکێ لە میقاتانە یا مقابلی ئەوان ئیحرام ببەستێ ئەگینا فیدیە
ئەکەوێتە سەر وە باکی نەبێ بەوە لە شاری جدەدا ئیحرام ببەستێ چونکە
شاری جدە ئەبێ بە میقات بۆ یەکێ بە سەر یەکێ لە میقاتانا ڕانەبوردبێ
وە بۆ عراقی نیە :

ئەگەر کەسێ بە قصدی حەج و عومرە گەیشتە میقات وە لای دا و ئیحرامی
نەبەست ئەوە فیدیەی ئەکەوێتە سەر مەگەر لە پێش دەست کردن
بە ئادابی مناسک بگەڕێتەوە بۆ میقاتەکەی خۆی وە ئیحرام ببەستێ
یا خود کاتێ تجاوزی کرد لە میقات ڕووی نەکردبێ لە جبهەی مەکەی مکرمە
بەڵکو بە لای ڕاستیا یا بە لای چەپیا ڕۆیشتبێ ئەوە واجب نیە لەسەری
بگەڕێتەوە بۆ میقاتەکەی خۆی وە دروستە لە میقاتێکی وا کە مساوی میقاتەکەی

خۆی بێ ئیحرام ببەستێ . بەڵێ لەم صورەتە بارێ لە عالمەکان فەرموویانە

ئەگەر ئەو شخصە کە لە بەر غایەتێ لای داوە لە میقات وە ڕووی لە مەکە

ئەبوە لە حەرێمی میقاتێک دا ئیحرام ببەستێ ئەوە ڕەوایە بۆی . . .

بەڵام ئەگەر کەسێ بە بێ قصدی حەج یا عومرە مثلا بۆ گەڕان بە دنیادا

یا بۆ تجارەت یا کەسبی علم ڕووی کردە مەکە وە لە میقاتێ خۆی تجاوزی کرد

کە چی لە پاشان کە وتە دڵیەوە ئیحرام ببەستێ بە حەج یا بە عمرە ئەوە لەو

شوێنەدا لەم فکرەی بۆ دێت دروستە احرام ببەستێ بە حەج ئەگەر لای

حەج بێ یا بە عومرە وە بەم شوێنە ئەڵێن (میقات الارادە) چونکە

لەو شوێنەدا خواستی هاتوەتە سەر لە وعبارەتە :

وە ئەگەر کەسێ بڕوا لە شاری مەکەدا (اقامە بکا) بە بێ قصدی (توطن) واتە بۆ

ماوەڵی نیشتەجێ بێ ئەوە کاتێ ویستی حەج بکا واجبە بڕواتە وە بۆ

ئەو میقاتە کە مونا سبی نیشتمانەکەی خۆیەتی :

وە ئەگەر کەسێ ڕۆیشت بۆ مەکە بە غەیری قصدی حەج یا عومرە لەوە سونەتە

لە میقاتەوە ئیحرام ببەستێ بە حەج یا عومرە بەم مەرجە حەجی فەرزی لە سەر

نەبێ ئەگینا واجبە حسب الاصول حەج واجبەکەی بەجێ بێنێ : هەروا

بۆ عومرەلی کە لە سەری بوبێ :

وە میقات بۆ ئەوانە کە لە مابەینی شاری مەکە و میقاتەکانن شوێنی
خۆیانە لەوێوە ئیحرام ببەستن :

یاسای ئیحرام

کاتێ گەیشتی بە عەرزی میقات — بزانە وادەی ئیحرامەکەت هات
ئەگەر مزگەوتی لەو شوێنا بێ — با ئیحرامەکەت لە مزگەوتا بێ
ئەنا هەر شوێنێ بێ ڕەوایە — دوورتر لە مەکە بۆ تۆ ئەولیە
لە پێشی ئیحراما غوسل سوننەتە — بە قەصدی ئیحرام زۆر بە قیمەتە
غوسلت بۆ نەکرا دەسنوێژ بەسیە — ئەگەر عوزرت بوو تەیەمم بەستە
تنظیفات بکە ئیسلام پاکیە — بۆن خۆشی مایەی دڵ ڕوناکیە
دوو فوتەی تازەی سپی ڕەنگی پاک — لە شانەوە خوار بکە بە پۆشاک
جا دوو رکات نوێژ سوننەتی ئیحرام — بکە بۆ خودا بە یاسای اکرام
سورەی کافرون بۆ یەکەم رکات — بۆ دووهەم اخلاص خاوەن بەرەکات
لە پاش نوێژەکەت قەت دامەمێنە — بە ئیخلاصی دڵ نیەت بهێنە
بە حەج بە تەنیا یا حەج و عومرە — یا هەر بە عومرە کە حەلوای تەمرە
یەکەم (افراد) دووهەمین (قران) — سێهەم تمتع سەهلە بۆ ئنسان
واجبە بە دڵ سوننەتە بە دەم — ئەم نیەتە تۆ ببە خاترجەم
پاش نیەت فوراً بۆ ڕەزای خودا — لبیک لبیک بڵێ بە صەدا

بەلام بوژنان بەرەنگی سوکە　　　هەرا لەبوژن عەیبەوچروکە

ئەگەر وردەکەی گران بێ لەبەری　　　مەعناکەی بلی بە زمانی خوی

خومامن بەندەم آمادەی طاعەت　　　آمادەم لەسەر یاسای شەریعەت

نیعمەت بوعالەم هەر لەتووەدی　　　ئەناوستایشی هەربوتو ئەبی

کەلبیکەی کرد بیکا بە سی جار　　　پاشان صلاوات بوشاهی مختار

پاشی ئەمە بە جوش بپاڕێتەوە　　　بوخوی بوهەلک بلا ڵیتەوە

لبیک لبیک عەینی ئەدەبە　　　تاکاتی رەجمی جەمرەی عەقەبە

چونکە لبیک یاسای ئیحرامە　　　رەجمی ئەوجەمرەیش کاتی ئەنجامە

لەگەل ئەورجا الله اکبر　　　یاسای ئیسلام و سوننەتی رەهبەر

رەوایە حاجی ئیحرامەکەی خوی　　　بیەستی بەوو پیشە وایە بوی

ئەو بە هەرنەوعی ئیحرامی داکەت　　　بوئەمیش ئەبی بە مایەوەبەست

ئەگەر وەرنەکەوت چونە ئیحرامی　　　حجو عومرەی جوت ئەبنە مەرامی

هەرکەسی بوخوی لەکاتی ئیحرام　　　دیاری ئەکرد مەقسودو مەرام

ئەرکاتی حەج بو ئەبی بە قران　　　ئەنا عومرەیە بیزانە جوان

لەم آدابانە باشی آگادار بن　　　زانیاری خیرە ئەبی هشیار بن

پیاو جل ئەگوڕی ژن هەر وەکو خوی　　　پوشاکی بەری رەوایە لەبوی

کاتێ ئینسان داخلی میقات بو واجبە ئیحرام ببەستێ لەویوە جائەگەر وەرگەڕێت

لە میقاتەکە وابو بەرواتە مزگەوتەکەوە ئەونا لە هەر شوێنێکدا ئیحرام ببەستێ دروستە

بەلام لە شوێنێکی وادا کە دورتر بێ لە شاری مەکەی پیروزەوە باشترە

سونەتە لە پێش ئیحراما غوسل بکا بە قەسدی غوسلی ئیحرام هەتا بوژنی کە لە عوزرا بێ

ئەم غوسلە سونەتە چونکی مەبەس پاکی لەشە کە بونو بەرامەی نەبێ بوناو

کومەلەکەی وە سونەتە بە تەواوی پاکی خوی تەماشا بکا واتە مووی لەشی لابیا

وە نینوک بکا وە خوی بێ خوش بکا چونکی پاش ئیحرام بە کارهێنانی بون

خوشی حەرامە وە بەرگوپوشاکە دوراوەکەی لابیا وە دوو خاولی سپی

وە پاک ببێچێ لە خویەوە یەکێ بو بەینی ناوکو ئەژنوکانی یا لەوە درێژتر

وە یەکێکیان بو ناوشانو پشتە ملی وە جوتێ سولی سەرپەنجە چول وە

پاشنە بەتال بکاتە پێی بەلام ژنان خویان روت ناکەنەوە وە هەر

بە پوشاکەکەی خویانەوە ئیحرام لە بەستن هەروەها یەکێ کە نێرەمێ بێ

وە سونەتە بو ژنان دەستو دەموچاویان لە خەنە بگرن بو ئەوەی رەنگی

دەستو روومەتیان دەرنەکەوی بو خەلک . وە سونەتە دوو رکات

لە دوای نیەتی سونەتی ئیحرام بەجێ بێنێ لە رکاتی یەکەمیانا سورەتی قل یاایها

الکافرون وە لە رکاتی دووهەمیانا سورەتی قل هو الله احد بخوێنێ :

وە لە پاشی ئەم دوو ڕکاتە لەوێژە هەر لەو شوێنە نیەتی ئیحرام بێنێ واتە قەصدی ئەوە
بکا کە وا داخل ببێ بە حەج یا بە حەج و عومرە پێکەوە یا بە عومرە بە تەنیا
وە بە زمانیشی ئەوەی لە دڵیا بوە بیڵێت وە دوا لەبیک لەبیک بکا بەو شێوە
لە پێشەوە نووسیم وە زۆر جار ئەم لەبیک لەبیک بکا بەتایبەتی لە کاتی گۆڕانی
ئەحوال وەکو سوار بوون وە دابەزین وە سەرکەوتن بە سەربەرزیدا و
داپەڕین وە کاتی دۆستی یا خەبەر بدنە وە لەخەو وە بارهەستی وە بارکردن
وە هەروەختی ئەوەی کرد سێ جار تەکراری بکاتە وە لە پاشان صلوات بدا
لە سەر حەزرەت صلی الله علیه وسلم وەکو صلواتی تەحیاتی دوایی نوێژ وە لە گەڵ ئەم
ویردەی لە بەر ئەبێ وە فیریشی ئەبێ وە غەنائی بە زمانی خۆی ئەکرار
بکاتە وە ئەم لەبیک لەبیک دەوام ئەکاتا لە ڕۆژی جەژنی قوربانا ئەلگا
بە ڕەجمی کوگای گەورە کە ئەشهورە بە عەقبە لەو کاتەوە لەبیک لەبیک تەواو
ئەبێ چونکی ئەم ویردە نیشانەی ئیحرام بەستنە وە ڕەجمی کوگای عەقبە
دواییە کاتی پاشەوە نیشانەی تەواو بوونی ئیحرامە وە لە قەولێکی ترا لە دکاتا
کە سواری سیارە یا وڵاخی سواری ئەبێ وە ترێ ئەکەوێ بە ڕەوەم کە دکاتا
ئیحرام ببەستێ: وە پیاو بە دەنگی بەرزی پیانە وە ژن بە دەنگی سوک لەبیک بکا
وە کاتێ دەستی کرد بە بەردە بارانی جەمرەی عقبە لەگەڵ هەر بەردێکا جارێ الله اکبر بکا

بزانە رەوایە ئینسان لە نیەتی ئیحراما خۆی بکا بەتابعی کەسی تر وەکو ئیمام
یا سەرقافلە ئەلی نیەتم هەیە ئیحرام ئەبەستم وەکو فولانە کەس جا ئەگەر
ئەو وەزعی ئیحرامی ئەو کەسە حالی بوە ئەلاکا بەحەججە یا بەحەجوعومرەیە یا
هەر بەعومرەیە ئەمیش ئیحرامەکەی دیتە سەر ئەو شیوە وە ئەگەر بوی
بەعلوم نەبو چونە ئەوە ئیحرامەکەی ئەروا ئەسەر (حەجوعومرە) پیکەوە
وە رەوایە ئینسان نیەتی ئیحرام بینێ وە ناوی شتی تر نەبا جا ئەگەر
ئەوکاتە کاتی حەج بو ئیحرامەکەی ئەیتە سەر حەجوعومرە وە ئەگەر کاتی
حەج نەبو ئەوە دیتە سەر عومرەی تەنیا

باسی ئەو شتانە کە حەرام ئەبن بەهوی احرامەوە

کە ئیحرامت بەست چەن شت حەرامە — فەرمانو یاسای دینی ئیسلامە
پوشینی بەرگە بچوک لی یا زل — بێنی خوش کردنی لەشو فەرشو جل
چەوری دان لە مو واکە باسی دی — وبردنی مو لە لەش یا سەدلی
نینوک کردنە لە دەست یا پی لی — جماعەو هەرچی بونەوختی بی
تعرض کردن بو نەچیری بەرز — یا بو دار و گیای حەرەمی اندر
جا ئەمە باسانەت بو بەیان ئەکەم — ئەوی نەی زانی لیت عەیان ئەکەم
یەکەم خو پوشین بەبەرگی دوراو — یا بەرگی تەنراو یا گری دراو

وەکو لبادو فەرەنجیو پەستەک ئەیساونەوە دووەشتا بو یەک

بەلام بە مەرجی وا بکرینە بەر عادەتی خەلکە ئەگ عادەت بەوە

خوا هەمو لەعزای لەشی داپوشی یا بازی ئەعزای بە وینەی کەوشی

کلاوو وەسکیشی گورەوی بوپێ پوزەوانەی تان کراسو دەرپێ

یاسەرەپێچی ئەی پێچن لەسەر هەمو ممنوعەو فیدیەی دیتەسەر

زوی ژن لەم حوکما وەکو سەرپیاو نابی وای پوشی بازی یا تەواو

هەم هەردو دەستی تا موچەکانی بەدەرەوە بن باشە بیزانی

باقی پوشاکی با لە بەردا بێ ئەگ لە بەرچاوی بەد نظر دابێ

نیروومی لیرا وا دانراوە لەسەر پیاسای ژن حوکمی کراوە

کەوشی یا ژنەو سەرپەنجە پوشیلی هەرایە لەسەر پیاوی بە هوشی.

ئەگەر یا ژنەو سەرپەنجەکانی هەمو دەرکەوێ نیە زیانی

هەر بەرگیکی وا پیاو بیکاتە بەر تەنیا بەو بەرگە فیدیەی دیتەسەر

بەکلاو فیدیەی بەکراس دووان بەدەرچی سیان هەروا بەمیزان

بەم مەرجە ئەگەر ماوەیان هەبێ بەعادەت بەینی ئەوانە بێ

ئەگەر بەجاری لەترسی سەرما هەرچی پوشاکە کردت بەبەردا

بەهوی ئەوانە مادام یەک چارە تەنیا فیدیەی لەسەری بارە

بەلام رەوایە ئەی برای فاضل — قوربان لە بەرگا باشی بکە بیتە مل

هەروا کتێبی بەوینەی ایضاح — بخوێنیتە وە بە قەسدی اصلاح

یا شمشێر بەهەوی بەندی قەلاو — ئەکاتە ملی هەرکەس آسادە

هەروا هەمانە و توشەبەرەی — پێویستی ژینی ئنسانی تیا بێ

دو چەکی قوتەی خوارو گری دەی — چەکی سەروەکەی لە ژێرا دادەی

یا کۆنکونێکە بەبێ ئەندێشە — بەنەخوێنیکی لێ هەل بکێشە

پشتێی ببەستە لەسەر قوتەکان — تا هەلیان نەواشە مال بەتەکان

آگات لە هوت بێ ئەبێ تێ بگەی — دو چەکی سەرو قەت گری نەدەی

نەبەدرومان نەقوبچە و دەرزی — مەیاندە دەم یەک ئەگەر سەربەرزی

شێروانی ئەلێ چەکی لای سەری — لەگەل قوتەی خوار باگری بدری

رەوایە بنوی و چل بە هوتا دەی — ئەگەر گوشەکەی ژێری سەرنەخەی

بوکاتی سەرما چل بخە سەرشان — وەها داکەوی بەکەم ترتەکان

کەوشی سەرپەنجە و پاژنە راپەڕاو — بوحورم نابێ ئەی کاکی خوشناو

قاپ قاپی ببینە یا سولیکی وا — پاژنە و سەرپەنجەت دەرکەون لەوا

ئەمانە دەیم باشی دەری بکرن — بوفامی ئەحکام بەهانە مەگرن

سەعاتی دەستو چەتری راسەرێت — تەوایە بوتو بوری گوزەرێت

دووهەم حەرامە عەتر و بۆن خۆشی　　لە بۆ پۆشاکی هەم سەر و لەشی

وێنەی کافور و میسک و عەتری گوڵ　　صابونی عەتری و سمڵ و تەڕەن وڵ

ئەم بۆن خۆشانە وەها حەرامن　　کە لە سەریا سا و عادەتی عامن

وەها کە بلکێ بە بەرگ و لەشا　　لە بەر بۆن خۆشی بووە وەکو نەشە

چونکی زیانە سێوی نارنجی　　شەمامەی بۆن دار یا خۆ ترنجی

بیان خوێ هەرچەن ببێت خۆش ئەکەن　　کە سنالی ئیحرام مشتوشی ئەکەن

هەروا خۆشدرێ بە سوور و هێرۆ　　شەرعاً زیانیان نییە لە بۆ تۆ

یاخود صابونی کە بێنی کەم بێ　　زیانی نییە خاترت جەم بێ

سێیەم چەوری دان لە مووی ڕیش و سەر　　هەتا لە فوتەی ئیحرام ئێستە دەر

بەلام ئەو سەرەی مووی پێوە نییە　　چەورکردنی زیانی نییە

مەبەس ڕۆنێکە کە عەتری ئەبێ　　ئەنا ممنوعە بۆ لەشی یاسەر بێ

چوارەم دەفعی موو پێنجەمین نینۆک　　فیدیەی پێوستە سێ موو سێ نینۆک

بۆ یەکێ مشتێ بوو دوو مشتە　　طعام بۆ گەدا واجبی گشتە

هەرچەن ئەو موو بە نوکی شانە　　بڕوێتەوە لە ڕیشە جوانە

بۆڵی سونەتە پێش چونە ئیحرام　　زیادە مولابەی لە سەر ئەندام

پێشم حەرامە بە شەهوەت زانی   هەرچی هێرشی جاعی هانێ

وەکو ماچی ڕوو دەستی لە مل کردن   یا پەنجە بازنیو دەستی بۆ لەشی بردن

ئاوی بێتەوە یا نەیێتەوە   کارێکی پەستە باسوی بێتەوە

ئەبێ بە سەبەب لە بۆ کفارەت   نەک بۆ فەسادی حەجو عومرە کەرت

هەروا استمنا بە هەرچی انزال   هوی کفارەتە بە بێ قیلو قال

حەیوانی ببی بە قوچی قوربان   بۆ مکەدای حەرەم سەربیبرە جوان

بەلێ پێشی لەوە ئەم فیدیە بدەی   خوا ناخواستە ئەر جماع بکەی

بە وکفارەتی جماعە ئەی دەی   فیدیەی لەوانەیش لەخۆت لا ئەبەی

هەرچەن ماوەلی لە مابەینا بێ   ماوە دریژبێ یا خۆ کوتالی

کاکە لەم باسە ڕەحمێکی خوا   پیت نیشان ئەدەم آگابە آگا

نیگای بە شەهوەت ماچی لەسەر حل   ئاوی شبیتەوە خوێن ناخاتە حال

عقدی نکاحیش لە ماوەی ئیحرام   بەتالە و حەرام بە یاسای ئیسلام

بەلام کفارەت نائێنیتە سەر   ژنو میردەکە ببە باخەبەر

حەوتەمین وەطئە لە پاشی یا لە پێش   بو نێرو بو مێ بو بیگانە و خوێش

چە بۆ ژنی خۆت چە بۆ بیگانە   واتە بە زنا یا شوبهەی خانە

موطوءٔ حەیوان بێ یا خو ئینسان بێ   زیندوبێ یا خود مردوی بێ گیان بێ

بە هەمو آلەت یا هەر سەرەکەی   بەرگی پیوە بێ یا هەر روەکو خوی

هەمو مفسدە بو حەج و عومرە   بە مەرجێ عەقلو رانشت وخیرە

لە حەجا لە پێش یەکەم تحلل   لە عومرە لیشا پێش انتهای کامل

لەگەل فسادا واجبە دەوام   لەسەر عومرە و حەج هەتا کو بە انجام

قەزای لە وعومرە و حەجێشا فەرزە   با سونەتیش بێ بگرە لەم دەرزە

عومرە عەینێ سال حەج سالی دوەم   قەزایان فەرزە یقێن خاتر جەم

بەلام وانیە بە بێ اشتباه   بو شێشو نەزان بو حالی اکراه

بانی نەتاوان هەیە نە افساد   نە فدیە و قەزا لە زمەی عباد

فیدیەی ئەم شەرە (دور کەوی لە شەرێ)   وشترێ قوچە یا بە حەوسەرێ

لەگەریاش افساد ئەکرار بیتەوە   هەرجارێ مەرێ فەرز ئەبیتەوە

هەروا مەترکە فیدیە بو جماع   پاش تحللی یەکەم بێ نزاع

هەروا استمنا بە مەرجێ انزال   پاش تحللی یەکەم بێ جدال

ئەم فیدیە لەسەر داخل و مدخول   لای ابن حجر واجبە و مقبول

لە لای رەملی و لای شیخ خطیب   هەر لەسەر پیاوە لەی رای نجیب

طبیعی لەگەل علم و اختیار   ئەم حوکمە نەوەک بو جهل و اجبار

حەوتەم ئستیلای نەچیری کیوی هەرچەن دەرچوبێ لە مالی خیوی

ئەرگوشتی بخوری لە وشکی ببژی لەپەلەوەرو پێ رەوکەی کەژی

هەروا حەیوانی دورەگە نەخشی رەگی مالی بێ رەگیکی وەحشی

بوغەیرە محرم هەردا حەرامە ئاو لە حەرەم دا بە ذل بفامە

ئێستان بە احرام مولکی لانەچی لەشکەر نەچیری مولکی خوی بوبێ

حەتا پاشی ئیحرام اهمالی نەکا فەرزە لەسەری بەرەاللای بکا

ئەوسا هەرکەسی لە وصیدە بگری لەبێ بە مولکی وکەسی لێ وەرنەگری

کەسی هەیەتی آسکی یاکەوی پیشی چونی بو حەج بیبەخشی لەوی

لەحەج هاتەوە ئەی گرتیەوە یاهەرلەلایا بمینێتەوە

هەر صیدی محرم بتروا بیگری کەشەری بزی گوشتی ناخوری

مرداروبوە وحەرامی عامە لەم دەرزە یاسای دینی اسلامە

نەچیری محرم تەلەفی بکا فەرزە لەسەری بەدەلی بدا

وینەی دار وینە و بی وینە قیمەت لەگەرلەیەوی بکا بە نیعمەت

لەجی وشترمرغ فەرزە وشتری بو آسکی بزنی یا مەرێ لەوری

لەبو گاکیوی گاییکی ماڵی لەبو کەروێشکی گیسکی یەک سالی

حەیوانی جەزا باشە بیزانی شەرتە نیەتی لەبو قوربانی

نۆهەم بڕینی دارو گیای حەرەم — محرم ضامنە بە شەرعی اکرم
داریکی گەورە تولەی گائیکە — تو بچوک بزنی خوش سیمائیکە
بەڵام گیابڕین بو قوتی حەیوان — یالە بو دەرمان دروستە وجوان
اذخر گیائیکە زور بو لی خوشە — بو بوخچە و بەرگی ساغو نەخوشە
داری درکاوی بو سوتەمەنی — باشە ببڕی بە مۆتەمەنی
کاری حەرام بێ بو ئەهلی ئیحرام — لە سەر دوو بەشن بە یاسای ئیسلام
ئەگەر اتلاف بێ چونکی ناحەقە — نسیانو عمدو اکراه بێ فرقە
وەک نەچیر کوشتن یا ناخون کردن — موی ڕیشو سەرو ئەعزا لابردن
حەتا بە زوری پیاوی ستەم کار — فیدیەی پیویستە لە سەر خاوەن کار
ئەگەر لەزەت بێ بە وینەی جماع — یا پوشینی بەرگ بە قەسدی امتاع
کاتی اکراهو نەزانینو نسیان — فیدیە لێ ناوی بە شەرعی رەوان

ئەو شتانەی کە حەرامن لە سەر
کەسی ئیحرام بەبەستی
نۆ شتن

یەکەم بەرگ کردنە بەرە واتە حەرامە داپوشینی سەر بە هەر شتی کە
بە داپوشەر بناسری وەکو کلاو عارەقچین خودە میزەرە کلاو بورکە
وە عەزیری لە مانە هەروا حەرامە داپوشینی باقی ئەعزا بە هەر بەرگێ کە دوور لێ
وەکو جوبە و عابا و کەوا و سەلتە و سوخمە و کراس و دەرپێ و گورەوی و دەسکێش

وەبە فەرقە ئەو بەرگە تەنراوبێ وەکو قوماش یاخود سوتاو بێتەوە وەکو لباد وە فەرەنجی وە پەستەک بەڵام بە مەرجێ ئەو پۆشاکانە بە شێوەی عادەتی بکرێنە بەر . ئەمە کە وتمان بۆ پیاو بو بەڵام ژن کە ئیحرام ببەستێ ئازادە بۆ ئەوە لە پۆشاکی خۆیا بمێنێتەوە بەس حەرامە لەسەری دەستکێشی بکاتە دەستی هەروا حەرامە روخسار و دەستی داپۆشی وەپیناسی (خونثی) ئەویش حوکمی وەکو ژن وەهایە .

وە ئەو کەوشەی کە پیاو ئەیکاتە پێی واجبە پاژنە و سەرپەنجەکانی دانەپۆشی کەوایە پێویستە سوڵیکی سەر وپاژنە بڵاو یا قاب قاپی وەها لەپێ کا . ئەنا فیدیەی لەکەوێتە سەر . وە هەرشتێ کە پۆشینی حەرامە ئەگەر ئەوە کە لەبەریان بکا واتە مازەیان بێ ئەوە لەسەر هەریەکێ فیدیەیێکی لەکەوێتە سەر وە ئەگەر هەمویان بەجارێ بکاتە بەر وەکو یەکێ لەحەمامدا خۆی پۆشتە ئەکاتەوە ئەوە بۆ هەمویان یەک فیدیەی ئەکەوێتە سەر جا ئەگەر کاتێ بێ سەرمای توندا ئەم نەوعە جلکردنەبەرە رەوایە وەنا تەفیدیەیێک ئەدا : بزانە دروستە ئێنسان لە ئیحراما شمشێر بکاتە ملی هەروا قورئان وەکیتێ کە پێویستی پێ بێ بۆ ئەحکامی دینیا وە هەمانە و توێشەبەرە هەڵ بگرێ وە پشتێن ببەستێ وە پارەی تێ بخا بۆ رێگا

وە دروستە دوچکی فوتە خوارووەکەی گری بدا لەیەک یا ضووکوفی تێ بکا

وە بەندە خوینی لێ هەڵکیشی وە بەندە خوینەکە گری بدا لە سەری

هەروا دروستە چکی فوتە سەرووەکەی بخاتە ژێر فوتە خوارووەکە وە

کەمەربەندیان لەسەر ببەستێ بەلام بۆ فوتەی سەرو ئەمانە نیە

دروست نیە دوچکەکانی لەیەک گری بدا وە بە قوپچە یا دروومان یا بە

دەرزی فەرەنگی ئەم بەرەو بەری لەو فوتە بداتە یەک هەروا دروست

نیە چکی فوتە سەرووەکە لەگەل چکی فوتە خوارووەکە گری بدا بەلام لە

شیروانی دا هەیە ئەمە دروستە :

دووهەم خۆ بۆن خۆش کردنە بە عەتر وە شتی بۆن خۆش حەواە لە لەشی بدا

یا لە بەرگی یا لە سەر رووخساری کە وابێ حەرام مسک یا عەنبەر

یا قوتوی عەتر یا دەستە ریحانە هەڵ بگرێ ئەگەر بۆنیان نەکا بەلکو بە بەرگولەشیەوە

بەلام حەرام نیە میوەیێکی بۆن خۆش یا خواردەمەنیێک کە مادەکەی بە عادەت

بۆن خۆش بێ وەکو سێو نارنجو پرتەقال هەروا حەرام نیە خۆی بە موورد

وە هیدو یا سابوونیکی واکە بۆنی عادەتی بێ سەر دلەشی بشوری ...

سێیەم چەورکردنی سەرو ڕیشیەتی بە چەوری هەرچەن بۆنی خۆش نەبێ .

جیا بکەن لە ئیحراما خۆی بپارێزی لە خواردنی چەوریێکی واکە تریشی چەور بکا .

شەشەم لەو شتانە کە حەرامن بۆ موحریم ئەو شتانەیە کە مقدمەی جماعن واتە

ئەو شتانە ئارەزووی ئینسان بەھێز ئەکەن وەکو ماچی ژن بە زۆقی یا خو

دەس بکاتە ملی یا تیکوشین بۆ ھێنانەوەی آوی شھوەتی خۆی وە

آوەکەشی بێتەوە ئەمانە ھەموو حەرامن وە باعثی واجب بوونی فیدیەن

بەلام ھاتنەوەی آوی مەنی بەھۆی تماشاکردنی ژنی کە دووریە یا تیکوشین

بۆ ھاتنەوەی آو وە آوەکەی نەیەتەوە وە یا آو ھاتنەوە بەھۆی

بیرکردنەوە لە جوانی ژنی ئەمانە نابنە بەھۆی فیدیە وەکو روژوبالیە ناشکی

ھەروا حەرامە لەسەر کەسی لە ئیحرامابی عقدی نکاح بکا واتە ژن بۆ خۆی

مارە بکا وە یا کچی خۆی بدا بەشو یا ببێ بە وەکیل لە عقدی نکاحدا وە

ئەو نیکاحانە بەتالن وە دانامەزریت بەلام فدیە واجب نابێ لەسەر

ئەو ژن و پیاوە یا ئەو ولیە کە علاقەدارن بەو عقدەوە :

حەوتەم لەو شتانە کە حەرامن لە ماوەی ئیحراما جماع کردنە لەگەل علم و عمد و اختیار.

واتە یارو بزانێ ئەو کارە حەرامە وە بە قەسدی ئەو کارە بکا نەک بە سھو و خەتا

وە بە دل خوازی خۆی بێ نەک بە زوری زوردار . ئەوە حەرامە وە ھۆی فیدیەیە

خواه ئەو جماعە لە بەرەوە بێ یا لە دواوە وە بە شیوەی زنا بێ یا بە اشتباە

وە لەگەل ژنی خۆیا بێ یا ژنی بێگانە وە بە ھۆی ئەم جماعە وە حەج و عومرەکەی

به‌تاڵ ئه‌بنه‌وه مع انه واجبه فیدیه‌یێكی گه‌وره كه وشترێكه پێنج ساڵه

یا حه‌وت سه‌ر مه‌ڕ زۆر له‌ ڕۆژی جه‌ژنا یا له‌ ایام التشریق دا سه‌ر ببڕێ

وه واجبه له‌ عه‌ینی ساڵ دا ئه‌گه‌ر عیباده‌ته‌كه‌ی عومره بو قه‌زای بكاته‌وه

وه ئه‌گه‌ر حه‌ج بو له‌ ساڵی داهاتودا قه‌زای بكاته‌وه : به‌ڵام مه‌رجه

كه ئه‌و جماعه له‌ پێشی تحلّلی یه‌كه‌م ابێ وه ئه‌گه‌ر له‌ پاش تحلّلی یه‌كه‌م بێ

ئه‌وه هه‌ر مه‌ڕێ واجب ئه‌بێ له‌ سه‌ری :

ئه‌گه‌ر كابرا ژنه‌كه‌ی خوی به‌ ئاره‌زو ماچ كرد وه ئاره‌زوی بزوت وه چوه

لای ژنه‌كه‌ی كه وه كفاره‌تی ماچ كردنه‌كه‌یش داخلی كفاره‌تی گه‌وره

ئه‌بێ وه ئه‌گه‌ر له‌ پاش تحللی یه‌كه‌م رویشته لای ژنه‌كه‌ی ئه‌وه هه‌ر

مه‌ڕی واجب ئه‌بێ وه فیدیه‌ی ئه‌م كاره‌ ساتا به‌ فكری ابن حجر ئه‌كه‌وێته

سه‌ر ژنه‌كه‌یش وه‌كو كه‌وتوه‌ته سه‌ر كابرا مادام ژنه‌كه‌یش زانا و خاوه‌نی ده‌سه‌

بوبێ وه به‌ دڵ خۆش موافقه‌تی كابرای كردبێ وه به‌ فكری محمدی ڕه‌ملی

وه خطیب هه‌ر له‌ سه‌ر كابرایه وبه‌س : (بیارین) واجبه ئه‌و دو

كه‌سه هه‌ردویان ئه‌و حج و عومره به‌تاڵه ته‌واو بكه‌ن چونكی حج و

عومره‌ی دروست وه نادروستیه‌كیسانن له‌وا كه ته‌واو كردنیان واجبه.

هەشتەم لە وشتانە کە حەرامن ئەبێ بە ئیحرام ڕاوکردنی نێچیری وەحشی یە
ئادەم لە وشکی دا بژی خواه چ زندە یا پەڕندە بە هەر چۆنێ
بە شیر یا تیر یا گۆللە یا داو و غەیری ئەمانە وە لە عەرزی حەرەم
یا غەیری حەرەم دابێ وە هەر حەیوانێ کە خاوەن ئیحرام بیکوژێ
واجبە لە سەر کابرا وێنەی بدا ئەگەر وێنە دار بو وە قیمەتی بدا
ئەگەر وێنەی نەبو وێنە لە باتی وشترمرغ گائێ وە لە باتی ئاسکێ
مەڕێ یا بزنێ بدا هەروا بەو شێوە قوللەی بدا : وە ئەگەر ئەو نێچیرە
موڵکی یەکێ بوبێ وە ئازاری کردبێ وە ئەم خاوەن ئیحرامە لەی کوشتی ئەوە
علاوەی ئەو فیدیە واجبە لە سەری قیمەتی بدا بە خاوەنەکەی :

وە هەر یەکێ کە وتە ئیحرامەوە هەر نێچیری لە موڵکی ئەوا بێ هەمو لە موڵکی ئەو
دەرئەچێ وە یاشی حەجەکەیشی نابێتەوە بە موڵکی وە واجبە لە سەری
بەرەڵڵای بکا وە هەر کەسێ گرتی لەبەر مالی لە دوکەس ئەگەر وابێ چاک
وایە کابرا لە پێشی ئیحراما بەرەڵڵای بکا یاخود بیدا بە یەکێ لە دوستانی خۆی
تا کە لە حەج هاتەوە یا لێی گرتەوە وە یا هەر لای کابرا ئەمێنێتەوە
بزانن هەر نێچیری محرم سەری ببڕێ بە مردارە وە بو دانەنرێ وە گوشتی ناخورێ
چ بو خاوەن ئیحرام چ بو غەیری ئەودان :

فوهەم لە حەرامەکان بڕینی داروگیای خاکی حەرەمە لە شاریمەکەدا وە لە عەرزی حەرەم لە خارجی شارا ئەمە حەرامە و موجیبی فیدیەیە وە لە سە داریکی گەورە وشتری یا گائی وە لە داری بچوکا مەڕی یا بزنی یا گیسکی بەپیی قەوارەی دارەکە واجب ئەبێ . بەلام ڕەوایە گیا دورین بو عالفی حەیوانات وە بڕینی گیای (ئەذخەر) کە بونی خوشە بەلام جائز نیە لە کاتی ئیحراما بونی بکا یا بیکینی بە بەرگو پوشاکو لە شیەوە . (بیماریش) ئینسانی لە ئیحراما نەبێ وەکو ئینسانی محرم وایە لەوا کە حەرامە بوی بڕینی داروگیای حەرەم اللا بونا چاری وەکو داری سوتەمەنی وە گیا بو عالفی حەیوانات :

باسی جورەکانی حەجو عومرە

ئەم حەجو عومرە بە سی جور ئەکرین ‎ ‎ ‎ بو فەرقی مابەینی بە جیا ناوئەبرین

یەکەمین افراد . تمتع دووەم ‎ ‎ ‎ سێیەم بە (قران) بیە خاترجەم

افراد وەهایە ئیحرام بە حەج بێ ‎ ‎ ‎ لە پاشی حەج عومرە جی بەجی بێ

وەی نیەت بینە بو حەج لە ئیحرام ‎ ‎ ‎ لبیک بکە بو خودای عەلام

گە ئێشتیە بەیت طوافی قدوم ‎ ‎ ‎ سونەتە بیکە بە پاشای معلوم

جا خوت مختاری بو سەعی مابەین ‎ ‎ ‎ صفا و مەروەی پاک ئەی نوری عەین

لە هەشتی مانگا بڕو بو مینا ‎ ‎ ‎ شەو بمینەوە ئەی برای زانا

سبەینێ بڕۆ بۆ خاکی نەمرە / تا پاشی نیوەڕۆ بچینە نەمرە

نوێژی نیوەڕۆ و عەسر بێ وەسواس / بیانکە بەجەمع بەشێوەی اخلاص

پاش ئەمە بڕۆ لەبۆ عەرەفات / هەموی موقفن و فاوەن بەرەکات

کە مغرب داهات لەوجێ شەریفە / بێرە خوارەوە بۆ موزدەلفە

نوێژی مەغرب و عشا پێکەوە / بکە بە دڵی ڕاستو ڕێکەوە

شەو بمێنەوە تا کاتی بەیان / نوێژی سبەینێ بکە بە عەیان

جا بڕۆ لەبۆ مشعری حرام / پاش هەتاو کەوتن بە یاسای اَیام

بڕۆ بۆ ڕەجمی جمرەی کُبری / ڕەمزی شەیتانە لەوێدا دانرا

هەو بەردی لێدە بە علمو خەبەر / گشت جاری بڵێ (الله اکبر)

ئەمجار زو بڕۆ بۆ عەرزی مینا / حەیوان سەربڕە بۆ خودای بینا

ئەم جارە سەرت بتاشە بێ خەم / جا بڕۆ لەبۆ بیت اللەی اکرم

طەوافی ڕوکنت بەجێ بهێنە / اخلاص بۆ خودای زانا بنوێنە

ئەم جار وەرگرە لەوفا شروە / بڕۆ لەبۆ سعی بۆ صفا و مەروە

جا بردرەوە بۆ خاکی مینا / سێ شەو لەوێ بە بۆ خودای بینا

لە ڕوژەکانا پاش کاتی زەوال / ڕەجمی شەیتان بکە بێ مەلال

واحجی افراد تەواو بو یەکسەر / نۆبەی عومرە هات بە شەرعی انور

هەر لە مەکەوە بێ توزو لەکە — ئامادە ببە وەک ئەهلی مەکە

بڕو بو یەکێ لە شوێنانی حەل — بەلام ئەولیە مەوقعی افضل

ئیحرام ببەستە بە عومرە لەوێ — تا پایەی بەرزت لە دنیا دەس کەوێ

بڕو بو مەکە بو طوافی بەیت — دل هەل گرسێنە وەکو چرای زەیت

پاشی طواف سەعیە لە صفاو مەروە — ئەمەیش عومرەیە باشترین شروە

خوت ڕزگار بکە بە تقصیری سو — ئەوا عومرەیشت بو تەواو بو زود

ئەمە جوری بو لە حەجی افراد — جوریکی تری لای ئەهلی رەشاد

وایە پیان کەی بە شیوەی کەمال — حەج لەیە کەم سال عومرە دووەم سال

جوریکی سیهەم لە پیش کاتی حج — عومرەی خوت بکە لێ عەیب بو حەرەج

کە مانگی حەج هات ئیحرام ببەستە — بو آرایی حەج مەردانە هەستە

بو حەجی ئیفراد کفارەت نیە — هەر جوریکیان بی خەیری جلیە

تمتع

تمتع وایە کە مانگی حەج هات — ئیحرام بە عومرە بکەی لە میقات

پاشی طواف و سەعی حەلق یا تقصیر — خوت ڕزگار بکە وەکو گەورە میر

جا کاتی دەرچون لە مەکە بو حەج — ئیحرام ببەستە بە حەج بی حەرەج

ئەم تمتعە لە بو آفاقی — فیدیەی پیویستە بە شەرعی راقی

نەرنە ڕواتەوە بو عەرزی میقات — ئیحرام ببەستی بە حەج بو نەجات

شێوەی (قِران)

ئەهایە (قِران) یەکجار بە هەردوو — ئیحرام ببەستی لە میقاتا تا زوو

لەوەی پێویستە لە بۆ حەج ئەکری — بە حەج و عومرەیشی بۆ تۆ دائەنری

فیدیەی پێویستە لە بەر ئاسانی — حەج و عومرەکەت ئەگەر بزانی

هەر لە قِرانە حەج بخەیتە سەر — ئیحرام بە عومرە بەبێ دەردیسەر

کە گەیشتیتە میقاتی لطیف — ئیحرام ببەستی بە عومرەی شریف

لە پاش ماوەیێ پێشی دەسی بە ارکان — نیەتی حەجیشی بینیتە مەیدان

خوای ئیحرامەکەت بە عومرەی پیرۆز — پێشی مانگی حەج بێ ئەی برای دڵسۆز

یا خۆ لە عەینی مانگی حەجا بێ — هەردوو قِرانن دڵت آگا بێ

بەلام هێنانی عومرە بۆ سەر حەج — رەوا نەدراوە و ئەبێ بە حەرەج

هەر بۆ حەزرەت بوو لە حەجی وداع — عومرە لە سەر حەج ئەکرێ بۆ اتباع

بێجگە لەمانە هەیە بۆ اِرفاق — نیەتی ئیحرام بە شێوەی اِطلاق

نە حەج نە عومرە نە ناوی قِران — لەو ئیحرامەدا نەیێتە مەیدان

لە پێش مانگی حەج تروی دا ئەم ئەمرە — خواهی و نەخواهی ئەبێ بە عومرە

ئەنا مختارە بە هەرچی بکا — لەوانە وتمان جێ بەجێی ئەکا

افضل لەمانا افرادە بیزان — پاش ئەو تمتع لە پاش ئەم قِران

له‌لای شافعی ئه‌و مه‌رده به‌رزه — عومره وه‌کو حه‌ج له‌سه‌ریان فه‌رزه

أَتِمُّوا الحَجَّ وَالعُمْرَةَ لِلّٰه — بۆ ئه‌م مه‌قسووده دڵ ئه‌کا ئاگاه

مکرووهه لای ئه‌و حه‌ج به‌جێ بێنێ — له‌پاشان عومره به‌جێ نه‌ئێنێ

جائیزه عومره به‌دڵ مانگی حه‌ج — ـه‌جا له مانگی حه‌ج حه‌ج بلا خه‌رج

باسی أنواعی حج و عومره

حه‌ج و عومره به‌ چه‌ن جۆر ئه‌کرێ یه‌که‌م ناوی إفراده که‌ ئه‌وه‌یه ئیحرام ببه‌ستی به‌ حه‌ج به‌ ته‌نیا جا بڕۆی بۆ مه‌که‌ی مکرمه: وه‌ له‌ پاش چونه (بیت) طوافی قدوم بکه‌ی جا له‌گه‌رمه‌یلت بۆ سه‌عی به‌ینی صفا و مه‌روه به‌جێ بێنی جا له‌وێ به‌ ئیحرامه‌وه بمێنیته‌وه تا ڕۆژی هه‌شته‌می مانگی قوربان جا ده‌رچی بۆ عه‌رزی (منا) وه‌ شه‌و له‌ ماوا بمێنیته‌وه ٣سبه‌ینی بڕۆی بۆ خاکی (نه‌مره) وه‌ تا پاشی زه‌وال بمێنیته‌وه جا نوێژی نیوه‌ڕۆ و عه‌صر به‌ شێوه‌ی جمع التقدیم بکه‌ی له‌پاش ئه‌مه بڕۆی بۆ خاکی (عه‌ره‌فات) تا مه‌غرب وه‌ له‌ مه‌غربدا له‌وێ دا په‌ڕێی بۆ خاکی موزده‌لیفه وه‌ نوێژی مغرب و عشا به‌ جمع التأخیر بکه‌ی وه‌ له‌ موزده‌لیفه بمێنیته‌وه هه‌تا نوێژی سبه‌ینی جا زو نوێژی سبه‌ینی بکه‌ی وه‌ حه‌وت به‌ردی بچوک وه‌کو به‌رزی په‌ له‌پێکه هه‌ڵ بگری وه‌ بڕۆی بۆ (مشعر الحرام) له‌وێ

مەشغولی ذکر و دوعا و لبیک لبیک بێ تا ڕۆژ هەڵدێ جا بڕوی بۆلای (جەمرەی عەقەبە) وە بە حەوت جار حەوت بەردی بۆ بهاوێت وە لەگەڵ هەموو بەردێکا الله اکبر بکەی . پاشی لەوە بڕوێ بۆ بۆ (مینا) بۆ ئەو شوێنە کە حەیوانی تێدا سەر ئەبڕن وە ئەگەر حەیوانێکی پێ بوو (١) سەری ببڕی جا سەرت بتاشی یا خود مووەکانی کورت بکەیتەوە جا بڕۆی بۆ بیت الله بۆ طوافی ڕکن وە حەوت جار لە حجر الاسودەوە بە دەوری کعبەدا بسوڕێیتەوە جا ئەگەر لە پاش طوافی قدوم سەعیت کرد بوو ئەوە کافیە ئەگینا بڕۆی حەوت جار سەعی بکەی لە بەینی صفا و مروەدا پاشی ئەوە بگەڕێیتەوە بە پۆشاکی خۆتەوە بۆ (منا) وە سێ شەو لە منادا بمێنیتەوە وە لە ڕۆژەکانا هەموو ڕۆژێ پاشی زەوال هەرسێ کوچکان بە ڕیز یەکێ حەوت بەردیان بۆ بهاوێژی وە بەردەکان بمێنێتەوە وە پاشی ئەمە بگەڕێیتەوە بۆ مەکە وە خۆت ئامادە بکەی بۆ عومرە جا بڕۆی بۆ نزیکترین عەرزی خارجی حەرەم وەکو (جعرانە) یا تنعیم یا حدیبیە لە یەکێ لەوانا ئیحرام ببەستی بە عومرە وە بگەڕێیتەوە بۆ مەکەی مکرمە حەوت جار طوافی کعبەی شریفە بکەی جا بڕۆی بۆ سەعی حەوت جار هاتوچۆ بکەی لە بەینی صفا و مروەدا جا مووی سەرت کورت بکەیتەوە

پاشی ئەمە هەرکاتێ گەڕایتەوە بۆ وڵاتی خۆت بڕۆ بۆ کعبەی شریفە

بە قصدی ماڵ ئاوایی حەوت جار بە دەوریا بسوڕێوە وەکو

طوافە پێشووەکان جا بگەڕێوە خوا حافظت بێ :

ئەمەی وتمان شێوەی یەکەمە لە حج بە افراد شێوەی دووهەمی

ئەمەیە کە لە مانگی حج دا بڕۆی حەج بکەی وە عومرەکەت تاخیر

بکەی بۆ ساڵی دووەم بەلام ئەم شێوە لە ایضاحا لەلی مکروهە . . .

شێوەی سێهەم ئەمەیە کە حەج و عومرە لە سلکێک دابن بەلام

لە پێش مانگی حەج دا عومرە بکەی وەکاتێ مانگی حەج هات بۆی

ئیحرام ببەستی بە حەج وە حەجەکەت تەواو بکەی ئەمە افرادە.

بە هەر شێوەکی بێ فیدیەی تیدا نیە :

حەج و عومرە بە شێوەی تمتع

حەج و عومرەی شێوەی تمتع ئەمەیە کە لە مانگی حەج دا ئیحرام ببەستی

بە عومرە وە بڕۆی بۆ مکەی مکرمە وە طوافی رکن بۆ عومرە بکەی جا بڕۆی

حەوت جار سعی بکەی لە بەینی صفا و مروە دا وە بە سەرتاشین یا خود

مو هەڵ پاچین خۆت رزگار بکەی لەو عبادەتە پاشی ئەوە هەموو شتێکی

واکە لە ئیحراما حەرام بو حەلال ئەبێ لێت . جا لە کاتێکا حاجیەکان روو ئەکەن بۆ حج

لە مەککەوە ئیحرام ببەستی بە حەج وە ئەعمالی حەجەکەی تەواو بکا وەکو باسمان کرد

وە لە شێوەی تمتع دا فیدیە فەرزە لە بەر ئەوەی مەگەر کاتێ ئیحرام بە حەج بگەڕێتەوە

بۆ ئەو میقاتەی خۆی کە ئیحرامی عومرەکەی تیا بەستوە : یا بۆ میقاتێکە بە قەد

ئەو میقاتە دوور بێ لە مەککەوە : یا نزیکتر بێ لە مەککەوە وەکو نهایە و

شەرحی مەحەلی بەیانیان کردووە (١) وە یا دەرچێ لە شاری مەککە بە ماوەی

دوو مەنزل دە لەوێوە ئیحرام بە حەج ببەستێ

حەج بە شێوەی قیران

حەج بە شێوەی قیران ئەمەیە کە بە یەک جار ئیحرام ببەستی بە حج و عومرە وە ئادابی حەج (بەجێ) بێنی ئەوە حەج و عومرەی بۆ تەواو ئەبێ بەڵام فیدیەی ئەکەوێتە سەر

وە نەوعێکی تر لە قیران وایە کە لە پێشا ئیحرام ببەستی بە عومرە وە بەر لەوەی کە دەست بکا بە ئەعمالی عومرە بە نیەتی دڵ حەجیش بخاتە پاڵ عومرەکەی خواه ئیحرام بە عومرەکە لە پێشی مانگی حەج دا بێ یا لە مانگی حەج دا بێ :

بەڵام ئەو شێوە کە لە پێشا ئیحرام ببەستی بە حەج وە لە پێش دەست کردن بە ئادابی حەج بە قەصدی دڵ عومرەی بخاتە سەری ئەوە هەر خاصەی حەزرەت بوە صلی اللە علیه وسلم کە لە سەفەری حجة الوداع دا کردیەتی وە بۆ کەسی تر لە ئەفرادی ئومەت نابێ وەکو لە مەولا بەیانی ئەکەین ان شاء اللە تعالی ...

---

(١) ابن حجر ئەفەرموێت هەرکەسی قصدی نسکی بێ وە بە بێ ئیحرام تجاوز بکا لە میقات ئەوە واجبە بگەڕێتەوە بۆ ئەو میقاتە یا بۆ وێنەی ئەو وە بۆ نزیکتر دروست نیە بەڵێ ئەگەر قصدی نەبو کاتێ تجاوزی ئەوە بگەڕێتەوە بۆ نزیکتریشی دروستە ..

خلافە لە بەینی ئیمامە کانا　　　کامە یە چاتر لە وسی نەوعانا

تابعە لە بۆ خلاف آتباع　　　لە نەوعی شیوەی (حجة الوداع)

کام شیوە دەرچو بۆ حەجی ڕەسول　　　ئەوە یە چاتر بە بێ دەرد ی سەر

جابە ڕوایەی شیخین لە جابر　　　اِفراد بۆ حەجی مەولای اکابر

ڕوایە تێکی تر هەیە لەوان　　　کە (تمتع) بۆ حەجی شای جیهان

بە ڕوایەتی باری تر وایە　　　قران بۆ حەجی ئەوقاوەڵ پایە

بەلام مەولانا قاضی انصاری　　　بە سەریا باری رەحمەتی باری

ئەلێ لێ گومان حەجەکەی حەزرەت　　　ئەوەل افراد بو لە سەر حقیقت

لە پاش ماوەئێ لە وادی عقیق　　　عومرەیشی هێنا جبرئیلی رەفیق

بۆ رەفعی شوبهەی کافرانی دوون　　　کە حەج و عومرە قەت یەک نا کەون

گوم ڕا کان

عەلاوەی عومرەیشی بۆ حەجی افراد　　　وەزعیکی خاص بو بۆ مەولای عباد

جا ئەوەی ناوی بە افراد ئەبا　　　تماشای وەزعی ابتدای ئەکا

ئەوەیش بە قران ناوی ئەهێنی　　　وەزعی آخری بۆ عام ئەنوێنی

چونکی لە پاشان لە وادی عەقیق　　　عومرەی خستە پاڵ بە شیوەی تحقیق

هەر بە یەک غەمەل حەج و عومرەی کرد　　　ئەمەیش قرانە لە سەر فکری ورد

ئەوەی تمتع ئەکا بە لەقەب　　　لە بۆ حەججەکەی شای عالی حَسَب

تمتع لائەو مەعناکەی وایە　　　آسانی کاری رسول اللە یە

حەججو عومرەکەی هەر بە وشێوە بوو　　　عومرەی سەربەخۆی قطعا تیا نە بوو

تمتع مەعنای لەزەت بردنە　　　گران بە شێوەی آسان کردنە

نەک تمتعی عومرە تەنیا ببێ　　　لە پاش ئەو حەججی بە شوێنیا دابێ

ئەو شێوەیش تەنیا لە بۆ حضرەتە　　　لە خاصەی ئەو بوو نەک بۆ ئومەتە

احرامی اصحاب لە حەججی وداع　　　سێ جۆر بوو لەسەر روایەو سەماع

بازێ بە قران احرامیان دابەست　　　حەججو عومرەیان واکرد بە هەمبەست

هەتا بوویان (هَدْی) لەگەڵ خۆیانا　　　جا کاتێ لەوسەر هاتن بۆ مِنا

حەیوانەکانیان سەربڕی سەرجەم　　　بۆ ضیافەتی فقرای حەرەم

جا لەگەڵ حضرەت رەهبەری دڵسۆز　　　چوون بۆ طوافی افاضەی پیرۆز

بازێکیش لەسەر تمتع داهات　　　احرامیان کاتێ گەیشتنە میقات

پاش عومرە وێنەی ئەهالی (مەکە)　　　احرامی حەججیان بەست بەبێ لەکە

بازێکیش بە حەج احرامیان دابەست　　　بە شێوەی افراد بە عەزم و هەمبەست

بەلام حەزرەتی سیدی انام　　　فەرمووی بگەڕێن هەر بەس لە احرام

لە حەجی افراد بیکەن بە عومرە　　　لە بەر مەقسودی مەهەم و گەورە

پاش عومرە کەیان ئیحرامیان داببەست — بەحەج بەوێنەی یەکی بەبەهەشت

ئەم گۆڕینەوەی حەجە بە عومرە — خاصەی یاران بو لەسەر ئەو ئەمرە

مقەسەد لەمە بو عالم بزانێ — مناسک باشە هەرچون ئەتوانێ

تا دەوام نەکەن لە ۳ شێوەی زو — ئەویاش لە بو هەمو عومرە بو

لائەوان پاسای ئەم عبارەتە — نەبو بەم شێوە و بەم طریقەتە

وەها بو شێوەی (حجة الوداع) — بو خوێدنە ئەصحاب بەحق استماع

ئەمە مفهوم بو . بەلوطفی باری — لە ۳ تدقیقی قاضی ئنصاری

پاسی چلونیەتی حەجی حەزرەت صلی الله علیه وسلم وەیارانی لەسالی حجة الوداع دا

مەولانا قاضی زکریای ئنصاری لە ۳ تدقیقاتی خوی وە بە اعتماد لەسەر فەرمودەی امامی نووی رحمه الله ئەڵێ حەجی حەزرەت صلی الله علیه وسلم لەسالی حجة الوداع دا ئەوەڵ وە بە شێوەی افراد بوە وە پاش ماوەڵێ بو بە (قران) وە فەرمودەی ئیمامی نووی رحمه الله لە مجموع ئەمەیە کە حەزرەت صلی الله علیه وسلم ئەوەڵ جار لە میقاتا ئیحرامی بە حەج بەست وە ئەم شێوەی (افراده) جا کاتێ گەیشتە وادی (عقیق) ئەسەر ... وەحی عومرەیشی علاوەی حەجەکەی کرد وە ئەم ئیحرامەی نەشکاند تا ئاخری کار وە عومرەی تەنیای لەو ساڵا نەکرد وە ئەم شێوەی (قران) ە وە حەزرەت مخصوص بو بەم شێوە لەبەر ئەوە وەریگەوی کە حەج و عومرە [illegible]

وە لە عەینی کاتا حەزرەت صلی اللە علیە وسلم گەلی وشتری لەگەڵ خۆیانا هێنابو بە نیەتی

(هەدی) واتە دیاری بو ئەوە کە لە ئیامی حەجا ئەوانە سەریان ببڕن بوهەژارانی

حەرەم وە کەسی حەیوانی وای هێنابێ ناتوانی ئیحرام بشکێنی هەتا ئەو

حەیوانانە سەر ئەبڕێ

جا ئەو عالمانە کە حەجی حەزرەت صلی اللە علیە وسلم بە (ئیفراد) دائەنێن تەماشای

ئەوەلی ئیحرامەکەی ئەکەن کە تەنیا بە حەج بەستی وە ئەوانەیش کە بە (قران)

حسیبی ئەکەن تەماشای ئەوە ئەکەن کە لە وادی عەقیق بە فەرمانی خودای تعالی

عومرەی خستە سەر حەجەکەی وە بە یەک ڕەفتار حەج و عومرەکەی تەواو کرد ..

وە ئەوانەیشی کە ناوی بە (تمتع) ئەبەن مەبەسیان تمتع نیە بەو شێوە

کە ناسراوە لە دینا وە هەروەها فەرموویەتی چونکی حەزرەت لە وساڵا عومرەی

هەر نەکرد چجای ئەوە کە لە پێشا عومرە تەواو بکا وە خۆی لە ئیحرامەکە

ڕزگار بکا وە پاش ئەوە وەکو ئەهلی مەکە ئیحرام بە حەج ببەستی بەلکو مەبەسی

لە سەر مەعنای لوغەتە کە تمتع بە مانا لەزەت بردن وە کار بە ئاسان کردنە

لە واقیعا حەزرەت صلی اللە علیە وسلم بە ئاسانی لە سەر ئێمە دلی وە حەج بە یەک کردەوە حەج و عومرەی

بە جێ هێنا وەکو قران : وە ئەمما ئەصحابەکانی حەزرەت صلی اللە علیە وسلم لە بەجێ

هێنانی حەج و عومرەی ئەو ساڵا ئەوە لە سێ ڕستەی بەش بوون :

بەشێکیان ئیحرامیان بەست بە حەج و عومرە پێکەوە بە شێوەی قران ...

وە یا هەرتەنیا بە حەج ئیحرامیان بەست بەلام حەیوانی (هەدی)یان پێبو

لە سەرلە و ئیحرامە وە وایان کرد تا حەجەکەیان تەواوکرد وە حەیوانە

هەدیەکانیان سەربڕی :

وە بەشێکیان ئیحرامیان بەست بە عومرە بە شێوەی (تمتع) وە

پاشی تەواوکردنی عومرەکە ئیحرامیان بەست بە حەج وە فیدیەیان دا

وە بەشی تریان ئیحرامیان بەست بە حەج وە حەیوانیان نەهێنا بو جا

حەزرەت صلى الله عليه وسلم ئیحرامەکەیان کە بە حەج بەسترابو پێی گوڕین بە ئیحرام بە

عومرە وە عومرەکەیان تەواوکرد جا لەکاتی حەج ئیحرامیان بەستە وە بە

حەج وە حەجیشیان کرد وە فیدیەیان دا وە ئەم نەوعە گوڕینی حەج

بە عومرە یە هەر بۆ ئەو صحابانە دروست بوە وە بۆ کەسی تر ناشی ..

وە غایە و حیکمەت لەوەدا ئەمە بوکە ئەو وەزعە لە ناو قورەیشدا

عادەت بو هەلی بگرن چونکی ئەوان وایان ئەزانی کە حەج و عومرە

پێکەوە ئەبێ دروست نیە وە حەزرەت ویستی ئەو بادەتە لەسەریانا

هەلبگری وە پاسای ئیسلام لە دنیانا دامەزرێنی کە حەج بە هەموو

شێوانەی ئیفراد و قران و تمتع دروستە :

ئەوەی بە اِفراد حەج و عومرەی کرد   خۆی بە سەربەرزی لە مەیدان دەرکرد
لەسەری نییە فیدیە و کفارە   حەیوانی هەدییشی بۆ خۆی موختارە
ئەوەیش تمتع بکا مسلم   فیدیەی لەسەرە بە نصی اکرم
لەسەریەتی و مەرجە لە پێشا دانان   دوبارەی نادی بۆ خاوەن فامان
هەروەها قران فیدیەی پێ ئەوێ   ئەگەر بۆ فیدیە یەکت نەکەوێ
حەیوان وەسێ کەوێ بە نرخی عادی   لە پاسای واقیع نەبێ زیادی
ئەگەر نا رۆژوی دە رۆژان فەرزە   حەوتی لە وەتەن سێ رۆژ لەم عەرزە
فیدیەی قران و تمتع تا حقیق   خێرە سەربرین ایام التشریق
فیدیەی تمتع پێش احرام بە حج   سەری لە بڕی لی عەیب حەرەج
چی شەربینیان عەرزی حەرەمە   لە منا دا بێ زۆر محترمە
صەرفی بۆ گەدای وەتەنی حەرەم   لە گەدای غەریب چاترە خاتر جەم
مەسافەی حەرەم لە دەوری مەکە   محدودە بە شەرع بێ عەیب و لەکە
لە مەکە دەرچوی بەرەو روی طائف   حەوت میلە حەرەم لا شخصی عارف
بۆ جدە دە میل بۆ جعرانە   بەرەو مدینە سێ میل بزانە
ئەم بابە لەسەر خەریطەی کونە   حیسێبی لەمرو نازانم چونە

بزانن ئەوکەسەی بەشێوەی افراد حەجێ ئەکا ئەوە فیدیەی لەسەر نیە

بەلی سوننەتە عومرەکەیشی لەپاش ئەو حەجە بەجێ بێنی چونکی مکروهە کە

عومرەکەی دوابخا بۆ سالێکی تر . وە ئەوەیشی بەشێوەی تمتع رەفتار

بکا ئەوە فیدیەی لەسەرە لەبەر ئەوە وە استفادەی تحلل وەرزگاری ئەلما

لەپاش عومرەکەی وە ئاشکەرنیە وە بۆ میقاتی خۆی کەوابێ ئەگەر

[illegible]

گەڕایەوە بۆ ئەو میقاتە یا بۆ میقاتێکی تریا بۆ ئەمسافە دوو مەنزل وە لەوێوە

ئیحرامی بەست بە حەج ئەوە فیدیەی لەسەر نیە . وە ئەوەیشی کە بە

شێوەی قِران حج بکا هەم فیدیەی لەسەرە چونکی دوو عبادەتی بە

تاقە کردەوەلی کردووە . ئەمیش کاتێ فیدیەی لەسەرە ئەگەر لەپاش

تەواوبوونی آدابی قرانەکەی ئەڕوا بۆ خارجی حەرەم وە ئیحرام ببەستی

بە عومرەیێکی سەربەخۆ . ئەنا فیدیەی لەسەر نامێنی :

بزانن فیدیەی تمتّع واجب ئەبی پاش ئیحرام بە حەج لەمەکەوە بەلام ئەگەر

هەرلەپاش تحلل لەعومرەکە لەمەکەدا سەری ببری دروستە هەرچەن افضل

ئەوەیە وەکو فیدیەی قران لە ایام التشریق دا سەری ببری . وە عەرزی

حەرەم چ مەکە و خارجی مەکە دروستە فیدیەی تیدا سەربڕی هەرچەن لەمنادا خێرترە

وە مصروفی ئەم کفاراتە هەمو فقیر و هەژاری حەرەمە چ شاری مەکە و چ خارجی مەکە

باسی حەج و عومرە بە ئوجرە (کری کاری)

بیداربن برا بە دڵی هۆشیار / لە بۆ ئەحکامی حەجی کری کار
کری کار بۆ حەج یا لە بۆ عومرە / لە سەر دوو جۆرە باش وەریان بگرە
یەکەم ئیجارەی عەینە کە وایە / تۆم بە کری گرت عەینا بۆم غاە
هەر بە عەینی خۆت حەجم بۆ بکەی / لە عەینی سالا قەت تەفرەی نەدەی
ئیجارەی زمەشی وەهایە بڵێیت / تۆم گرت بە کری لە زمەتا بێت
حەج و عومرەیێ لەم سالا یا خۆ / سالێکی تر بێ بەبێ گوفت و گۆ
جا لە سەر ریا سای ئەم ئیجارانە / ئەحکامی ئیجار باشە بیزانە
کە کری کاری گرت بۆ تمتع / یا لە بۆ قران لە بەر توسع
اجیریش وای کرد فیدیە وا لە سەر / اصلی مستاجر بەبێ دەردی سەر
یا لە بۆ ئیفراد ئەجیریش وەها / حەج و عومرەکەی بە رێزە و بە تەنها
ئەگەر بۆ تمتع کری کاری گرت / ئەمیش بە ئیفراد حەج و عومرەی کرد
عومرەی مفسوخە لە ئیجارەی عەین / نەک لە زمەدا ئەی نووری عەینەین
یا خود بە قران حەج و عومرەی کرد / برانە ئەجیر زیان رووی تێ کرد
لە سەر میرانی نوقصانی عەمەل / ئوجرەی کەم ئەبێ دوور بێ لە ئەمەل
حەیوانێکیشی ئەکە ویتە سەر / چونکی کردەوەی ناقص کەوتە دەر
بازێکیش ئەلێن باشە دڵی زیان / بە قطعی فدیەشی نایێتە مەیدان

ئەگەر بۆ ئیفراد حەجات بەکری گرت — بە ئیجارەی عەین ئەم قرانی کرد

ئەوە ئەو حەجو عومرە لە بۆ خۆی — ئەبێ مستأجر سوودی نابێ بۆی

عەقدی ئیجارەیش فەسخ ئەبێتەوە — ئەگەر جارێکی تر دا بەسەریتەوە

بەلام مستأجر ئەگەر مرد بوو — بۆی دائەمەزری بەلێ یەکێ دوو

ئەگەر ئیجارە لەسەر ذمە بوو — عقدی کرا وە ئەمێنێ وەک زوو

با جارێکی تر حەجی بۆ بکا — هەر بەو ئیفرادە ئارەزووی لە کا

ئەگەر کرێکار تمتعی کرد — حوکمی وەربگرە بە فکرێکی ورد

ئیجاری عەین بوو عومرە تێک ئەچێ — ئوجرەی عومرەکەی ناکەوێ لەو جێ

هەگەر لە پاش حج عومرەی بۆ بکا — ئەوسا ئوجرەکەی تەواو پێ ئەگا

بەلام مستأجر ئەگەر مرد بوو — بەم تمتعە رازی ببێ زوو

ئەگەر ئیجارەی ذمە بێتە حج — بەو تمتعە جێ بەجێ ئەبێ

ئەگەر کرێکار بێ عەیب حەرەج — بگەرێتەوە بۆ میقاتی حەج

ئەگەر نا نقصی ئوجرەی دێتە سەر — لەگەڵ فیدیەدا ببە باخەبەر

هەربەسەم فیدیەی تەرکی ئیحرامە — لە میقاتەوە باشی بفامە

ئەگەر ستیجار لە بۆ قرانە — ئەو ئیفرادی کرد حوکمی بزانە

ئەگەر ئیجارەی زیمە کرادە   کارەکەی باشە و تەوا دراوە

ئەگەر ئیجارەی عەینە ئەجرەکەی   عەقدی مەفسوخە لە بۆ عومرەکەی

تأخیری عومرە هەیە لەو جیدا   نقصی لە جۆرەیشی هەم وا لە تێدا

ئەگەر تمتع بکا ئەو جارە   حەجی مفسوخە چونکی ئەو کارە

لە غەیری کاتی معینی دایە   بەس بە پێی جەماعەتی ترە وایە

کە هەم لە عومرە کە دا بدا
نقصی لە جۆرە بەسەر و فیدیە حەجیش

ئەمانەت زانی ئەجیر بزانە   بازی لوخەتە هەن لە ئیجارانە

لە ئیجارەدا پێویستە برام   هەردوو عالم بن بە هەموو ئەحکام

مەبەس لە هەردوو وەصی مردوە   ئەو کەسەیشی وەصی بەکری گرتوە

یا ئەو زیندوە یەکێ کە وتی   دی نائیب ئەگری حەجی بۆ بکری

ئەحکام ارکانە و واجباتی حەج   هەم سونەتەکان دەرەج بە دەرەج

مەگەر هەردوولا بنێنە دوو مەلا   بکەن بە وەکیل بۆ ئەم لا و ئەو لا

واتە مەرجێکە راستە و بەرمەلا   عیلم نایابە هەتا بۆ مەلا

بیجگە لەمانە بۆ ئیجارەی عەین   واجبە ئەجیر وەختی ببێتە بەین

کە ئەوکەونە رێی بۆ حەجی عومرە   بادەرێشی وایە صعبە لەم ئەمرە

کە وابێ چارێ کە بێ مەلالە   دوشتە یەکەم عقدی جعالە

وینەی قسون تەراشخانەوەن کاری حەج   بلێت هەر کەسێ بێ حیلە و حەرەج

حەجم بۆ بکا لەگەڵ عومرە دا تا وەرچەی لەبەر بای ئەم ئەمرە دا

ئەوەندە دیناری لەسەرم قەرزە تەسلیمی بکەم بەوێنەی قەرزە

چونکی (جعالە) صحیحە و مقبول لەسەر عەمەلی معلوم و مجهول

دووهەم چارەی کاروێنەی صدقە شرعًا پێی ئەڵێن حەج بە نفقە

یانی ئەوکەسە ئەڕوا لە بۆ حەج بەحسان بڕوا لێ حیلە و حەرەج

خاوەن کارەکەیش بلێت بەوکەسە خەرجیت پێی ئەدەم تا ئەڵێی بەس

بە نادی خەرجی هەرچی لێ دا لێ لەکەی بۆ لەزۆر مالی آوا لێ

تەنێ موسلمانان ڕوناکە و تەوان خودا دامانێ بە یەکی لەوان

باسی کرێ کارگرتنە بۆ بەجێهێنانی حەج و عومرە

ئێستانی حەجی لەسەر واجب بوبێ وە ئەی کردبێ تا مردن وە یا ئێستانی زیندوە بەلام گیرودەی ناساغییەکی وایە ناتوانێ بڕوا بۆ مەکەی مکرمە و ئەیانەوێ کە کەسێ بەکرێ بگرن حەج و عومرە بکا بۆ ئەو مردوە یا بۆ ئەو زیندوە ئەمە دروستە بەلام یاسایەکی تایبەتی هەیە پێویستە بزانن .

کرێ کارگرتن دوو جۆرە یەکەم بەکرێ گرتنی کەسێ بە عەینی خۆی بۆ ئەوە لە عەینی سالانە و کارەکە بەجێ بکا دووهەم بیچارەی زمە واتە کەسێ بەکرێ بگرێ وە زمەی کابرا مشغول بکا بۆ بەجێهێنانی لەو سالا یا کە سالێکی ترا بۆیە یەکەم ئەڵێ تۆم بەکرێ گرت وە بریارم دا لەسەر شێ ئەوە حەج بکەم وە بۆ دووهەم ئەڵێ واجبم کرد لە زمەی تۆدا

کە حەج و عومرەیەکم بو بکەی ئیمسال یا ساڵیکی تر بەئەوەندە دینار وە

کابرایش قەبولی بکا : بەلام واجبە ئەوکەسە ئەم شخصە بەکری ئەگری

کە سەر وەصیەتی مردوەکەیە وە یا خو نەفسی کابرای زیندوی ئەو خوشە

ئەوعی حەج و عومرە کە دیاری بکا بو کری کارەکە آخو بەشیوەی ئیفرادە

یا تمتعە یا قِرانە چونکی لە ئیجارەدا یا تعیینی عەمەلی کری کار یا تعیینی

ماوەی عەمەلەکەی کە چەن روژە واجبە :

جا ئەگەر کابرای بەکری گرت وە ئەوعی عەمەلەکەی بو دیاری کرد وە کری کارەکەش

عەینی ئەو کارەی بو کرد ئەمە زور باشە وە لەم صورەتا فیدیەی تمتع

یا قِران لە سەر مستاجرە وە لە مالی ئەو وجی بەجی ئەکری :

وە ئەگەر کری کار مخالفی دیاری کردنی مستاجر رەفتاری کرد ئەوە تفصیلی تیدایە

بەو جورە کە بەیانی ئەکەین :

بو وینە کابرای بەکری گرت بو حەج و عومرە بە تمتع وتی لە پیشدا ئیحرام ببەستە بە عومرە

دەپاشی عومرەکە حەججم بو بکە کەچی کری کار بە ئیفراد ئیحرامی بەست بە حەج ئەوە

ئەگەر ئیجارەی عەین بێ مثلا بلیت داتوم گرت بەکری بو ئەوە بە نفسی خوت ئیمسال

بە تمتع حەج و عومرەم بو بکەی ئەوە ئەو حەجەی کابرای کری کار ئەیکا دروستە

بەلام عقدی ئیجارە لە عومرەکە بەتالە ئەبیتەوە وە پیویستە بەعقدیکی تازە

بەکری بکریت بۆ عومرە وە ئەگەر ئیجارەی ذمە بو ئەوە ئیجارەکە لە حجی خویا

حاوەتەوە بەلام ئەگەر کاتی کە لە پاش حجەکە عومرەی بو ئەکا ئەگەراوە

بو ئەو میقاتە کە ئەمری کردوە پێی ئیحرامی تیا ببەستی بە عومرە ئەوە ئەم کابرای

کریکارە فیدیەی لێ ئەکەویتە سەری لەباتی ئەو تەرکە میقاتە وە بەقەدی

ئەو مەسافەی بەینی میقاتەکەیە لە ئوجرەکەی کەم ئەبیتەوە وە پێی

نادری ..

وە ئەگەر بەشیوەی قران حج و عومرەکەی بو کرد ئەوە ئەگەر ئەم کریکارە دوجار

طوافی کعبەی بو کرد لە سەر ژمارەی حەوت تەواف جاریکیان بە نیەتی عومرە

وە جاریکیان بە نیەتی حج وە دوجار سعی بەینی صفا و مەروەی بو کرد لە سەر

ژمارەی حەوت جاری بە نیەتی عومرە وە جاری بە نیەتی حج ئەوە زور باشە

چونکی ئیحرامی بەستوە بە حج و عومرە لە میقاتەوە مع انە مامور بوە بە ئیحرام بەتەنیا

عومرە لە میقاتەوە : ئەوە هیچی ناکەویتە سەر وە ئەگەر هەر وەکو قرانی عادەتی

افعالی حجی بەجی هینا ئەوە لە ئوجرەکەی کەم ئەبیتەوە بە ئەندازەی کەم تونی

عەمەلەکەی ..

وە ئەگەر بەکری گرت بو حج و عومرە بە شیوەی ئیفراد وە ئەم بە شیوەی قران بەجی هینان

ئەوە ئەگەر ئیجارەی عەینی بو لەم صورەتا عەقدەکە فەسخ ئەبیتەوە وە ئەو حج و عومرە

بو نفسی کری کارەکە دانە مەزری وە پێویستە جارێکی تر عەقدی ئیجارەکە تازە

بکەنەوە بەلام ئەگەر کابراکە حەج و عومرەکەی بو ئەکا مرد بو ئەوە ئەم

حەج و عومرەیە بەدروستە هەرچەن موخالفەی تێدا یە چونکی خودا یەکی

هەیە لەسەر ئازاد بونی ذمەتی مردووەکە لە واجبی عومرە :

وە ئەگەر ئیجارەی ذمە بو هەم حەج و عومرەکە بو کری کارەکە ئەبێ وە پێویستە

جارێکی تر حەج و عومرە بکا بو ئەصلەکە واتە ئیجارەکە بەتال نابێتەوە

چونکی ئیجارەی فی الذمە بوە :

وە ئەگەر کابرای کری کار بە شێوەی تمتع حەج و عومرەکەی بوکرد ئەوە لە ئیجارەی

عینی دا عومرەکەی بەتالە وە پێویستە جارێکی تر عومرەی بو بکا وە لە ئیجارەی

ذمەدا ئەم حەج و عومرە بو نفسی کری کارە ئەبێ وە پێویستە جارێکی تر حەج و

عومرە بکری بو ئەصلەکە بە شێوەی افراد وەکو دامەزرادە :

وە ئەگەر کری کاری گرت بو قران وە کابرا ئیفرادی کرد ئەوە ئەگەر ئیجارەی عەینی بو

عقدەکە لە عومرەکەدا بەتال ئەبێتەوە چونکی تاخیری عەمەل لە کاتی معینا دروست نیە

وە لە وجهی بەشی عومرەکەیش نادری پێ وە ئەگەر ئیجارەی ذمە بو ئەوە ئیجارەکە وەکو

خوی ئەمێنێتەوە بەڵێ ئەگەر بو ئحرامی عومرەکەی نەگەڕێتەوە بو میقاتی سابق ئەوە فیدیەی

ئەکەوێتە سەر وە بە قەدی ئەو مسافەی بەینی مکە و میقاتە لە اوجرەکەی دائەشکێ

ز دئەگەر بەشێوەی تمتع حەجوعومرەکەی کرد لە وە لە اجارەی عەینیدا وەکو لە حاشیەی جەمەل دا ئەلێ راجح وایە عقدەکە ئەمینیتە وە وە لە ئیجارەی زمەدا بێ گومان عەقدەکە باقیە بەڵام ئەگەر کابرا لە کاتی ئیحرام بەحەجدا نەگەرێتەوە بۆ میقات فیدیەی لەکەوێتە وە بەقەدەر نوقصانی حەمەل لە ئوجرەکەیشی کەم ئەبێتە وە ...

بیدار بن ئەگەرچی لەم بەیانا باس کراوە بەڵام بۆ مضبوطی آگادار بن لە ههەرماوەبێکدا بەمخالفە کابرای کرێکار تجاوزی کرد لە میقات پیویستە بگەرێتە وە بۆ میقات ئەنا فیدیەکەی لەسەرخوی واجبە ئەبێ وە بە ئەندازەی زەحمەتی ئیحرام بەستن لە میقاتە وە لە کرێ کەی ناقص ئەبێ :

وە ئەگەر بە هوی جاعەوە حەجەکەی بەتاڵ بوەوە ئەوە ئەگەر ئیجارەی عەینی بو ئەوعەقدە فسخ ئەبێتەوە وە پێویستە جارێکی تر بەکرێ بگرن وە ئەگەر اجارەی زمە بو ئەوە ئەو حەجوعومرە لەسەرخوی حسیب ئەکرێ وە لەبەرافدەکەیشی پیویستە سالی داهاتو بێ تەوقە قەزایان بکاتەوە و ذخوی جا لە سالی سەهەمدا لە باتی کابرای ئیشاجرش لە وحەجوعومرە بکاتەوە وە فیدیە افادی حەجوعومرەکەیش لەسەرخویەتی ...

وە پەیوەستە بزانن پەیوەستیە بو دامەزراندنی عەقدی اجارە کابرای بەکری گیراو

لەگەڵ ئەوکەسا کە ئەو بەکری ئەگری چە وصی مردوو چە کابرای زیندوی پێ

کەوتبو زانابێ بە ارکان وە واجبات وە سوننەتەکانی حج وعمرە

زانستی لەوانەیش گرانە کە وابێ زوربەی عەقدی ئیجارە کە بەتاڵ ئەبێ

هەرچەن رەحمەتی خودا زورە وە مادام کابرا حج ئەکا بەنیەتی کەسێکی

وەها کە حج وعومرە واجبێ لەسەری ئومێد وایە دروست بێ وە خودا

قەبوڵ بکات :

وە چارێ کە آسان بێ لەم کارا دوشتە یەکەم ئەوکەسەکە ئەوکەسە رەوانە

ئەکا بو حج بەشێوەی (جعالە) رەوانەی بکا مەعنای جعالە ئەوەیە کەسێ

مالێکی دیاری بگریتە ذمەی خوی بو کەسێ لەمقابلی کارێکی معلوم یا مجهول

وەکو ئەوە بڵێ هەرکەسێ کتێبە وون بوەکەم بو بدۆزێتە وە دە دینارم لە

سەرە تسلیمی بکەم وە کابرائێ بەهەرچەند حەول کتێبەکەی بو بدۆزێتەوە

واجبە دە دینارەکەی پێ بدا وە کو قوتابخانەی فڵان هەموو قوتابی دەرچوو

لە دا بەقوتابخانەی هەر وەستالی بوی ئەداد هەزار دیناری پێ ئەدا

کابرایش لەم شوێنانەلی هەرکەسی حج وعومرە لیکیشە رعیم بو بکا کە سەرم

دو صەد دیناری پێ بدەم جا ئەوکەسەکە طالبە ئەرواحج وعومرەکەی لەوێ ئەکا

وەکاتی هاتە وە خاوەن کار پارەکەی پێ ئەدا .

دوهەم چار شیوەی (حەج بە نەفەقە) ئەمەڵا کابرا لی خوی آمادە بکا لە بەر رەزای خودا حەج و عومرە لی بکا بو فلان کەسی مردوو کە حەجی لەسەر واجب بوە وە ئەی کردوە : خاوەن کاری لە و مردوەیش بە نادی مەسرەفی لە دەسەفەرەوە هەرچەند آرەزوی بێ بیدا بە کابرا لە مقابلی ئیجاراتەکەیەوە :

ئیتر لەم دو شیوەدا طرفین لە کاتی رێ کەوتن لە سەر سەفەرەکە بزانن آیا حەج چونە یا نەزانن دروستە وە لە وکەسە ئەروا بو حەجەکە ئەگەر خوی زانای لەوە باشە ئەگەر نا ئەپرسی لە عالمێ وە آدابی نشانئەدا و ئەویش بەجییان دێنی :

هەروا بەشیوە اعدتر کاری پیتیان ئەلیم ئەو کەسانە کە حەجیان لەسەر واجبە وە آداب نازانن فێری (واجبە) اداب ببن وە یاخود هەر بەوەکەسی عالمی آمادە بکەن بدلەوە کە لە ریگەدا آدابی احرام وطواف و سەعی بەینی صفا و مەروە و چون بو عەرەفات وە گەرانەوە لە عەرەفات وە باقی واجباتەکانیان نشان بدا هەرکەس دارابی وە خوی آداب نەزانی وە پرسی عالمی زانا نەکا ئەوە حەج و عومرەکەی بەتالە وە تاوانباری قیامەتە

آدابی طوافی کعبە الله

کە نیازت هەست بچی گەڕدولەکە ... بە ئیخلاصی دڵ ڕووبکە لە مەکە
کاتی گەیشتی بە خاکی حەرەم ... غوسل سوننەتە لەی برای اکرم
کە چوویتە ناو بەیت سرای خودا ناس ... طوافی قدوم بکە بە اخلاص
ئەمە سوننەتە ئەم جارحوت مەگرە ... آدابی طواف لەمن وەرگرە
بو طواف هەیە گەلی واجبات ... گەلی سوننەتیش معلوم بن لەلات
یەکەمین واجب ستری عەورەت بو ... بو ژن سەرتا پا غەیری دەستو ڕوو
بو پیاو ما بەینی ناوکو ئەژنو ... خوێنتی وەک ژنە معلوم بێ لەتو
دووەم پاکی یە لە پیسی بو لەش ... بو بەرگو پوشاک بزانە لی غەش
لە بێ دەس نوێژی هەم لەلەش پیسی ... ناشێ بو دەوری کەعبەی تقدیسی
ژنی بێ نوێژە یا خو زەیسانە ... چاری هەر صبرە قەرای یەزدانە
کاتی ڕزگار بون بڕون بو طوف ... چاری تر هەیە بەشێوەی انصاف
لەسەر قەدیکی سیامی احمد ... ابن حنبلی اعلم و ارشد
هەرچەن طهارەت واجبە لای عام ... بڕیار دراوە بە یاسای اسلام
بەلام لە حاڵەتی ئەو طهارەتە ... فیدیە کافیە چون کفارەتە
با طواف بکەن بە حاڵی خویان ... بەلام حەیوانێ سەربڕن بویان

مطافیش پاک بێ سامەگەر لەوەی بۆتۆ زەحمەت بێ خۆی لێ لابدەی

دەس نوێژت تێکچێ لەناو طوافا خۆت مەدە بەسەر ڕەحفای خلافا

بە پەلە بڕۆ دەس نوێژی بگرە لەوو کردوتە ڕیزی پێ بگرە

ئەگەر بەینی زۆر بێ ئەبێ بیتەوە لەئەوەل جارد پیاپا بیتەوە

واجبی سێهەم ئەمەیە (کابە) لای چەپتەوە بێ بەرل آگا بە

چوارەم یەکەمین طوافی اسعد دامەزری لەسەر (حجرالاسود)

لەلای چەپیەوە پێی ڕاوەستە دەس بە طواف کە ئەم شێوە بەستە

بەرەو ژووی بڕۆ هەتا لائەدەی جا بەلای ڕاستا طوافت ئەکەی

پێنجەمین واجب طواف حەوجار بێ بەلکو داخری حەو دەرگای نارێ

شەشەمین شێوەی طوافت وابێ بەدەوری ئەجزای گشت کابە دابێ

ئەگەر بڕۆی بەسەر لەوشاذەروانا زیادە دیوارە لەکابەی جوانا

یا لەسوورەدا دەستت درێژ کەی لەسەر شاذەروان دەستی خۆت گیر دەی

یا لە طوافا حجری اسماعیل پیاپا رابوری دەخیل صد دەخیل

چونکی ئەو (حجرە) لەکابەی بەرزە گەڕان لە دەوری لەسەرتو فەرزە

یانی طوافێ فەرزە لەسەر تۆ (کابە) دابگرێ هەموی گۆشە و نۆ

حەوتەمین قەسدی طوافە بەدل طوافی مطلق کافیە و کامل

بۆ هەر طوافی لە مناسک بێ یەکەم مەبەستی شخصی ناسک بێ

وەکو طوافی افاضەی محتوم یا لە بۆ قدوم سونەتی معلوم

بەلام طوافی لەمە خارج بێ قَصْدی مُقَیَّد فەرزە بیتە جێ

وەکو طوافی نذری یا وداع بلی نویتُ طوافَ الوَداع

او طواف النذر چونکی ئەمانە لە مناسک نیین باشی بزانە

پێویستە قصدی تایبەتی ئەوان بێ قیدی تعیین دەس نادەن بۆمان

هەشتەم قصدی خوت لانەدەی لێ غەیری طوافی مقصودە بۆتۆ

لە هەرحەوجاری طوافەکانا قەسدت طواف بێ لەو جێگە جوانا

سونەتی طواف وایە بێ خلاف بەپێی سوور بخوی لە عەزری طواف

لە طوافەدا بە یاسای اسعد دەس بنێرە سەر حجر الاسود

ئەوێلی خوڵشت رانێ لەسەری ماچیشی بکە لەبەر دڵ بەری

ئەگەر ری نەکەوت دەس یا اشارە بەسە فەرمودەی شاهی مختارە

حەرامە هێرش نەخەوس بەعدد بۆ زیارەتی حجرالاسود

عبادەت لەسەر سونەتی رێنە نەک بە عادەتی دور لە تمکینە

هەروا سوننەتە ئەبێ بێزالف — دەس پیا هێنانی ڕوکنی یەمانی

لە بەران بەری دەرگاکابەدا — ذکری مەشهورە خێرت پێ ئەدا

لە دوعاکانا هەرچی ما ئەثرن — بیانخوێنە وەسیلەی نورن

سوننەتە بو پیاو نزیکی کابە — بەلام بو ژنان دوری صوابە

پیاوان لە ڕوژا بو ژنان لە شەو — سوننەتە طواف بو نورو پرتەو

مطاف ما بەینی مقامی خلیل — تا دەرگای کعبەی حەزرەتی جلیل

با ژنیکیشی ئەلێن دور لە خلافە — تا دەرواقەکان هەمو مطافە

لە دو طوافەدا سەعی لە دوایە — سی دەورەی ئەوەل ڕەملی تیدایە

سوننەتە بو پیاو نەک لە بو ژنان — ژنان آرامی پێویستە بویان

مەبەسمان لە (رمل) بو کاکی خوشناو — پەلە لە ڕەوتا و نزیکی هەنگاو

لەو سی طوافا تەرمەلیان تیایە — شیوەی (اضطباع) بەرزە بەتایە

هەروا لە سەعیا بە واتەی صحیح — اضطباع بو پیاو سوننەتە و ملیح

تاوقەدی فوتە لە ژیر بالی ڕاس — سەریان لە سەرچەپ لە بو عامو خاص

لەلای شافعی خیرە بێ خلاف — خوێندنی قورئان لە کاتی طواف

مانعیش نیە لە ویردی مشهور — تایبەتی ئەوەی ثابتە و مأثور

سوننەتە طوافێ یەکێ لە دوی یەکێ بێ — لای قەولی فەرزە جایا لی شک بێ

پاش طوافەکان لە پشتی مقام — لە بو ابراهیم علیه السلام

دو رکات لە نوێژ سوننەتی دینە — مخصوصی آیەی ذکری مبینە

لە یەکەم رکات سورەی کافرون — بو دووهەم اخلاص معروفە و مسنون

لە روژا بە سر لە شەوا جهری — بخوێنە رەوە بو زوری اجری

لای بارێ لیمام ئەم نوێژە فەرزە — چون ئەمری خودای سەماو سەعزیزە

سوننەتە خشوع بو کاتی طواف — ئەوە بێ پێویستە بو دەرونی صاف

مکروهە وتار الالە بو خێر — نظری حەرامە حەرامە بو غەیر

طواف بە وینەی نوێژە بو ئینسان — لەگەلی شتا یەکسانن یەکسان

لە حەج دا چەن جی بو دوعاو نزا — بو بارەی خێرو بو چارەی سزا

لە طوافدا و لای ملتزم دا — لە ژێر میزاباو لە لای زەمزەم دا

پشتی مقامی حضرەتی خلیل — دەم بە دوعا بە لە ی برای جلیل

لە سەر صفاو لە سەر مەروەی بەرز — لە عەرەفاتا حاضر بە بو عەرز

هەم موزدەلیفە جێگەی دوعا یە — (منا) مالبەندی لالە و نزا یە

لە کاتی رەجمی هەر سێ جەمەرات — دوعا ئەبێتە وەسیلەی نەجات

هەر چون جی دوعا ناکری حصری — لە مانەی فەرمو حسن بصری

یاسای چونە ناو مەکە و قانونی خودا

کاتی ئیحرام بەست لەگەل دەوامی ذکر و دوعای خیر و لبیک کردن بەریدا
رو بکەرە شاری مەکەی مکرمە زادها اللە شرفا کاتی نزیک بویتە وە لە عەرزی
حەرەم غوسل بکە وە بە دەس نوێژەوە بە پرورە حەروم وە داخلی شاری
مکە ببە کاتی کە کعبەی پیروز دەرکەوت دوعای تایبەتی هەیە بیخوینە وە
بەئەرەبەوە داخلی مزگەوتی مەکە ببە وفورا دەس بکە بە طوافی قدوم (واتە
طوافی واردبون بە کعبە) ئەم طوافە سونەتە وە بزانن طواف چە واجب
چە سونەت چەن واجبات وە چەن سونەت وە چەن مکروهاتی
هەیە .. واجباتی طواف هەشت شتە یەکەم پاکی لەشی
وە پوشاک وە جیگەی طواف لە هەر پیسیەک کە عەفوی لێ نەدراوە
وە پاکی یە لە بێ دەس نوێژی وە لەشی پیسی هەرچەن بە هوی حیز و زەیسانی
ژنەوە بێ : ئەگەر ژنی لەو کاتانە کە وتە عوزری شەرعی یەوە یا خود
مندالی بو وە کەوتە زەیسانی یەوە ئەوە ئەبێ صبر بکا وە لە مەکەدا
بمینیتە وە هەتا ئەو عوزرە تەواو ئەبێ وە یا لە خوینی زەیسانی زرگار ئەبێ
پاش ئەوە غوسل بکەن وە بێن طوافەکەیان بکەن : وە ئەگەر بویان
نەدەکرا لە مەکەدا دەوام بکەن لە ترسی بەجیمان لە قافلەکەیان ئەوە حیلەیانی
سەربەرن بە نیەتی زرگاری لە ئیحرام وە برونەوە بو ولاتی خویان هەتا سالیکی تر

خوایان لێ ڕازی بێ

بۆیان ڕێ نەکەوێ بێنە وە بۆ حەج . بەڵێ ئەم وەزعا ئیمامی احمد بن حەنبەل
کە یەکێکە لە چوار ئیمامە گەورەکان فەرمودەیێکی هەیە کە طهارەت شەرتی دروستی
طواف نیە وە دروستە لەسەر ئەم فەرمودە لە ژنانە خوێیان قائم بکەن
کە مەطاف پیس نەبێ وە حەوت جار طواف بکەن بە دەوری کابەی پیرۆزا
بەلام واجب ئەبێ لەسەریان حیوانێکی وا بۆ قوربانی بشتی سەری ببڕن
بۆ فیدیەی ئەم بێ طهارەتی یە وە ئەمە ئەبێ بەکفارەت بۆیان وە عالمی
بەرز ابن قدامە ئەم فەرمودەیە لەکیتێبی (المغنی) دا نوسیوە بەم عبارەتە
وعن احمد ان الطهارة ليست شرطا فمتى طاف للزيارة غير متطهر اعاد ما كان بمكة
فان خرج الى بلده جبره بدم انتهى وە با بچینە سەر ئەم فەرمودەی ئیمام احمد
بەم جۆرە حەجەکەیان تەواو بکەن : تا ئەگەر خوا تەوفیق دا جارێکی تر بێنە وە
بۆ حەج وە ئەگەر هی لیان نەبو ئەوە واجبەکەیان بەجێ هێنا وە :

إذا عاد إلى البلد أعاد بعد [illegible] في مكة قال الخ

ئەم باسا فەرمودەیێکی ئیمامی شافعی هەیە خوایان لێ ڕازی بێ کە پاش ئەوە ژن مادەی
شەو و ڕۆژی حەیزی ڕابورد وە زعی وای بەسەرا هات کە خوێنەکەی بەتەواوی نەما
وە تا چارەکەسەعاتی یا زیاتر ئەم پاکی یە دەوامی کرد ئەوە ئەو مادەی پاکی یە
بە مادەی حەیز دانانی دروستە لە ژنانە لەسەر ئەم فەرمودەیە ئەگەر ئەو کاتی پاکی یە
دەست کەوت بۆیان گورج غوسل بکەن وە برۆن طوافی کابەی پیرۆز بکەن ئەمە دروستە.

بۆ عەمەلی نەفسی خۆیان تەقلیدیان بکەن هەتا حەجەکەیان بۆ بکری وە بەخۆشی بڕۆنە
ئەگەریەکی لە کاتی طوافا بێ دەس نوێژی بە سەرا هات ئەوە زوو بڕوا دەس
نوێژ بگری و بگەڕێتەوە و لە سەرێ وژمارەی طوافانەکردیەتێ حەوت جارەکە
تەواو بکا . وە ئەگەر ماوەی دەس نوێژەکەی زۆر بوو ئەبێ هەر لە سەرەتای
طوافەوە دەستی پێ بکاتەوە :

واجبی دووهەم داپۆشینی عەورەتە کە بۆ پیاوەکە مابەینی ناوک و ئەژنۆیەتی وە
وە بۆ ژن هەموو لەشیەتی اِلّا دەست و دەموچاوی وە حوکمی پێڕەوی وەکو حوکمی ژنە
واجبی سێهەم ئەمەیە طوافەکە لە یەکەم ئوختەی حجر الاسودەوە دەست پێ بکری
ئەمانە و طوافە حسیب ناکری کە وابێ ئیستا بە قەدی پێی لەلای حجری ئەو
حجر الاسودەوە بۆ لێشی و وە تۆ بکاتە بەرەرەکە هەتا لای ئەوڕا لێی جا دەس بکا
بە کاری خۆی . چوارەم واجب ئەمەیە کە خانوی کابەی پیرۆز بکەوێتە لای —
دەستی چەپەوە . پێنجەم ئەمەیە کە ژمارەی طوافەکان حەوت جار بێ وە
ئەگەر کەوتە شکەوە لەوا شەش جارە یا حەوتە ئەوە بە شەش جاری دابنێ
وە طوافێکی تر بکا بالەدگومانە دەربچێ .

شەشەم ئەمەیە کە ئەو حەوت جارە طوافە بە دەوری هەموو ئەجزای کابەدا بێ
یانی بە دەوری ئەو زیادە دیوارا کە لە دیواری کەعبە دەرزاوەتەوە وە بە دەوری

لەوشوێنەیشا کە بەشهورە بە (حجری اسماعیل) چونکی ئەمانە لە عەینی خانوی

کعبة اللەی پیروزن : هەروا ئەگەر لەنزیکی کعبەدا طوافی کرد

وە بە فەرزو تقدیر دەستی چەپی ڕاکیشا بوسەر ئەو زیادە دیوارە وە

بەو شیوە هەڵسوڕا بە دەوری کعبەدا ئەوە طوافەکەی دروست نییە

چونکی ئەم کاتە یشا دەستی چەپی واڵە ناو ئەجزای کعبەدا وە بە دەوری

کعبەدا هەڵنەسوڕاوە

حەوتەم ئەبە یە لە ئەوەڵی طوافەکەوە قەسدی طوافی بەیتی بێ بەلام ئەو

طوافە ئەگەر خارجی مناسکی حج بێ وەکو طوافی وداع (1) یا طوافی کە نذری

کردبێ لەسەرخوی ئەوە پیویستە لە نیەتەکەیا دیاری بکا بڵی نیەتم هەیە طوافی نذر

یا طوافی ماڵئاوایی ئەکەم فقط بو طوافی قدوم و طوافی روکنی حج یا عومرە هەر

نیەتی طوافی بیت بەبێ دیاری کردنا کە طوافی روکنی حج یا عومرەیە یا قدوم

کافیە وە قەناعەتی پێ ئەکری :

هەشتەم لە واجبات ئەوەیە لە ماوەی طواف قەسدو نیەتەکەی لە عیبادەتە

لانەدا بو شتیکی تر وەکو قەسدی تەماشا کردنی مطاف یا ئەو خەڵکە کە هەڵسوڕێن

بە دەوری بەیتیا یا بو منظرەی ئەو بنایانە وە ئەو مناڕانە کە لە دیا هەن

(1) دلیلی دەرچونی ئەم طوافە ئەوەیە کە لە پاش هەر دو تحلله وە پاش تحلل مناسک نابینی هەن

سوننەتەکانی طواف

سوننەتەکانی طواف زۆرن یەکەم ئەمەیە بە پێی خۆی بە دەوری کەعبەدا بسوڕێتەوە هەرچەن کە طواف بە سواری دروستە دووهەم سوننەتە ئەگەر بەبێ ئازاردانی خەڵک بۆی بکرێ لە هەموو طوافەکانا دەست بدا لە (حجر الاسود) وە تەویلی لە ٣ سەر دانێ وە ماچی بکا ئەگەر ڕێ نەکەوت بۆی بەس دەستی لێ بدا وە ئەگەر ڕێ نەکەوت ئیشارەتی بۆ بکا ئەمە بۆ پیاوە بەڵام بۆ ژن ئەمە وەرنانە سوننەت نییە ئیلا لە کاتی شەوا بەهەرجی مەطاف خاڵی بێ لە قەرەبالغ :

سێهەم سوننەتە بۆ پیاو لە نزیکی دیواری کابەوە طواف بکا ئەگەر بۆی ڕێ کەوێ بەڵام بۆ ژن سوننەتە لە دوورەوە بێ مەگەر کاتی مەطاف خاڵی بێ :

چوارەم سوننەتە بۆ پیاو دەست بێنێ بە ڕوکنی یەمانی دا بەڵام ماچی نەکا بەس لە پاشی ئەوە دەستی لێدا دەستی خۆی ماچ بکا وە باقی ڕوکنەکان نە ماچ کردنیان وە نە دەس لێدانیان سوننەت نییە

پێنجەم لەو طوافەدا کە سەعی مابەینی صفا و مەروەی بە دوادا بێت خوای طوافی قدوم بێ لە حەج یا طوافی ڕوکن بێ لە سێ دەورەی ئەوەڵدا (رمل) سوننەتە بۆ پیاوان کە بریتییە لە پەلەکردن لە ڕەوتا وە نزیک بوونی بەینی هەنگاوەکان ...

شەشەم لە وتسی وەوەرە دا کە رەملیان تیدایە سونەتە بۆ پیاو ئیضطباع کە بریتیە لەوە هەر دووسەری فوتەی سەرو بخاتە سەرشانی چەپی وەناوەراستەکەی بخاتە ژێر قولی راستی :

حەوتەم سونەتە کە طوافەکانی مابەینیان نەبێ واتە هەر طوافیکی تەواوکرد بەشوێنی ئەوا دەست بکا بە طواف هەتا هەر حەوتیان تەواو ئەبێ : کەوابێ مکروهە بڕینی طواف بۆبەجێ هێنانی نوێژی جنازە :

هەشتەم پاشی تەواوبونی طوافەکان سونەتە دووڕکات نوێژی سونەتی طواف بکا لە پشتی مەقامی ابراهیم وە علی نبینا و علیه السلام لە ڕکاتی یەکەم دا قل یا ایها الکافرون وە لە ڕکاتی دووهەما قل هو الله احد بخوێنی ئەگەر لەبەر قەرەبالغ لەویا نوێژەکەی نەکرد بڕوا بۆ حِجْری اسماعیل ئەگەر لەویا نەکرا بڕوا بۆ یەکێ لە مزگەوتەکانی لە حەرەم دا ئەگەر تری نەکەوت لە خارجی حەرەم دا بەهەر حال ترکی نەکا هەتا ئەگەر هەوی بوی نەکرا کری کاری بگری ئەو نوێژەی بۆ بکا وەکو لە ایضاح دا نووی فەرمویەتی

وە ئەگەر بە سونەتی عام دوو طوافت کرد بەدەوری کەعبە یان یەک طوافت کرد سونەتە ئەو دوو ڕکاتە نە دیژرە لە پشتی مەقامی ابراهیم وبکەی لە پاش هەموو طوافی لە دوو طوافانەدا وە بۆ حەنەفی خارجی حەرەمی مەکە کاتی تری کە وتە بیت سونەتە هەرچەن بۆی بکرێ طوافی کەعبەی شریفە بکا جاری بێ دوو جار بێ یاز یاترلێ وە ئەم پاشترە لە نوێژ کردن

آدابی سەعی لە بەینی صفا و مەروەدا

لە پاش طوافی خانەکەی خودا — سەعیە لە بەینی صفا و مەروەدا
ئەم صفا و مەروە دوو جێن لە عەرزە — هاتوچوون ناویان لە دینا فەرزە
واجباتی سەعی چوارن بێ خەفا — یەکەم ابتدای سەعیە لە صفا
دووەم آخری بە مەروە بێنی — سێیەم حەوت جاری لە سەر یەقینی
چوارەم بیبەجێ بە شێوەی مەرسوم — لە پاش طوافی روکن یا قدوم
ئەوەی سەعی کرد پاش طوافی قدوم — اعادەی ناکا پاش تەروکنی معلوم
نابێ وقوفی عەرەفەی عُلیا — پاش طوافی روکن لە پێشی سەعیا
ئەمەت بو دەرکەوت زۆر کاتی تەرتیب — باشتی لەم جیدا تذکارە و تقریب

سوونەتەکانی سەعی

سوونەتە بە قەی قامەتی بەشەر — صفا و مەروەدا سەرکەویتە سەر
لە سەر صفا وە سێ دفعە تکبیر — سوونەتە لە سەر کردەوەی بشیر
جا حەمد و ثناد خاتمەی تکبیر — لە پاسای سەعیە ئەی برای خبیر
شوێنی تایبەتی هەیە بو ساعی — لەویا توند ئەڕوا پیاوی مُراعی
هەروا (اضطباع) لێرا سوونەتە — بەس لە بو پیاوان : بو ژن بدعەتە
سەعی حەوجارە لەم سەرتا ئەو سەر — هەر سەری جاری ببە باخەبەر
بەم هاتوچووە سەعی دێتە جێ — ویردی مأثورت فەرامۆش نەبێ

آدابی سەعی لە بەینی صەفا و مەروەدا

سوننەتە کە ئینسان طوافی بەیتی تەواو کرد و فەوری کرد لە پشتی مەقامی ابراهیم وە علی نبینا وعلیه السلام
بەردی استلامی حجر الأسود بکات و وە جا بڕوا بۆ سەعی لە بەینی صەفا و مەروەدا وە واجباتی
سەعی چوارن یەکەم ئەوەلی سەعیەکە لە بەرزی صەفاوە بێ دووهەم آخری ئەو
سەعیە لە بەرزی مەروەدا بێ سێهەم ژمارەی ئەو هاتوچووە حەوت جار بێ
بەم اعتبارە ڕۆیشتن لە صەفاوە بۆ مەروە بە جارێ وە هاتنەوە لە مەروەوە
لە صەفا بە دوو جار ئەژمێرێ چوارەم ئەم سەعیە لە پاش طواف القدوم وە یا
لە پاش طوافی ڕکنەوە بێ وە ئەو حاجیە کە لە پاش طوافی قدوم سەعی کرد
لە بەینی صەفا و مەروەدا ئەوە لە پاش طوافی [ڕوکنی] اعادەی ئەو سەعیە ناکاتەوە چونکی
لەم شێوەدا سەعیەکەی مکروهە لە بەر ئەوە سەعی لە عباداتی مستقلە نیە وە تابعی طوافە
وە سوننەتەکانی سەعی زۆرن یەکەم سوننەتە سەعیەکەی لەگەڵ دەست نوێژا بێ
وە عەورەتی داپۆشرا بێ وە بە خلافی ئەمەوە مکروهە دووهەم سەعیەکەی توند بێ
لە جێگەی توند ڕۆیشتن دا وە عادەتی بێ لە باقی شوێنەکانا سێهەم سوننەتە کە ئەو
حەوت جارە هاتوچووە ما بەینیان کەم بێ وە بەکی لە شوێن یەک بن بە پەلە کردن
چوارەم ئەگەر بوی ڕێ کەوت لە وەختی خەڵوەتا بێ پێنجەم ئەوەیە کە ڕعایەتی ئەو
ذکر و دوعایانە بکا کە واردن وە استغفار زۆر بکا وە بلێت رب اغفر وارحم وتجاوز عما تعلم
انك انت الأعز الأكرم اللهم آتنا في الدنيا حسنة وفي الآخرة حسنة وقنا عذاب النار

باسی ئیختیاری نەوعێ لە نەوعەکان

کە ئاگاداربوی لەو ئادابانە بە دڵ گوێ بگرە بۆ ئەم بەیانە
تۆ خۆت موختاری لەو سێ نەوعانە ئیحرام هەرچۆنێ ئەبەستی جوانە
ئەگەر بە تەمەتتوع ئیحرام ئەبەستی لە مانگەکانی حەج ئەبێ بیبەستی
کە ئیحرامت بەست لە عەرزی میقات ڕوو بکە لە مەکە لە بۆ بەرەکات
نزیک بوویتەوە لە عەرزی حەرەم غوسڵی لەش بکە و بیبە خاتەم
گەیشتی بە بەیت دەس کە بە طواف ڕوکنی عومرەیە بێ شوبهە و خیلاف
تورا سوننەت لەوی لە من گوێ بگرە طوافی قدوم دەس نادا لێرە
ئادابی طواف زۆر حالیم کردی بە جیایان بێنە بە جوانمەردی
پاشی طواف بڕۆ بۆ سەعی مابەین صەفا و مەروەی حق ای نوری عەینێن
پاشی سەعی بە حەلق یاخۆ بە تەقصیر تەحەللول بکە و خۆت بکە بەمیر
تا ئیحرام بە حەج بە حەق بێتە پێش مەشغوولی دین بە بێ فکر و ئەندێش
لە نوێژی سوننەت لە دەوری قوربان لە طوافی بەیت بۆ جاری تاوان
یاخود لەو بەینا چەن عومرە بکەی یقینی بە جەزای خێر خۆت ئەگەی
یا هەر لە بەینا بە دڵێکی ساف بۆ ڕەزای خودا بکە اعتکاف

احرام بحج

جا کاتی حەج هات مەردانە هەستە وەکو مەکەلی ئیحرام ببەستە
بڕۆ بۆ ڕمینا شەو ببوە لەوی ئەنا بە قەولی فقیهەت ئەکەوی

سبەینێ برۆ بۆ نەمرەی عظیم　　نوێژەکان بکە بە جمع التقدیم

جا برۆ لە بۆ عەرصەی عەرەفات　　بپاڕێرەوە لە هەوای کائنات

کە ڕۆژ ئاوا بو لە سەر عەرەفە　　بڕە خوارەوە بو موزدەلفە

مەغریب و عشا بە جمع التأخیر　　لەوێدا بکە بێ تەفرەو تقصیر

لە موزدەلفە هەتا بەرەی جوان　　هەڵبگرە لە بۆ ڕەمی جەمرەکان

لە پاشی نیوە شەو پیرانی بێ سام　　داپەڕن لە بۆ (مشعر الحرام)

جوانەکانیش لە پاشی نوێژی بەیانی　　بڕۆن بە شێوەی شەرعی انسانی

پاشی هەتا وەکو وتن زۆر مرتبە　　بڕۆن بۆ ڕەمی جمرەی عقبە

پاشی ڕەمی جمرە زوو بکە لە منحر　　جی سەربڕینە لە مینای اندر

فدیەی تمتع سەربڕە باشە　　ئەم جار بە پاکی سەرت بتاشە

بە کەم تحلل بەدو لەمانە　　بۆتۆ حاصل بو بیرانی جوانە

بە غەیری جماع هەرچیت لە ئەوی　　لە حەرامەکان بوت حلال ئەوی

لە دویش بە طواف بوتو حەلالە　　هەرد تحلل لەوی کەمالە

دوای برۆ لە بەیت بو ڕوکنی طواف　　پاش طواف سعی صفا و مەروەی ڕاس

جا پاشی نیوەڕۆ بڕۆ دە منا　　سێ شەو لەوێ بە بەشادی بو هەتا

سێ ڕۆژەی تشریقە هەر ڕۆژی چوار　　ڕەمی جمرات بکە بە قرار

شێوەی قران وایە کە دێ

ئەگەر بە (قران) ئیحرامەکەت بەست — حەج و عومرەی جوت کردت بەمەبەست
کە چویتە (مەکە) طواف القدوم — جێ بەجێ بکە بە یاسای مەعلوم
طواف القدوم لێرا مەعروفە — مادام طوافت پێش لە وقوفە
ئەوەی لە بۆ حەج پێویستە بکرێ — بۆ حەج و عومرە لۆت رەوا ئەدرێ
فیدیەت لەسەرە وینەی تمتع — لە بەر آسانی کردەوەت فاسمع
ئەگەر افرادت مقصودە بە دل — افراد روناکە و دورە لە مشکل
پاشی ئیحرام بەستن بە دلێکی صاف — رو لە مەکە بێ بە عەزمی طواف
افضل وەهایە بە شێوەی معروف — بروێتە مەکە پێش وەرزی وقوف
لە پێش مەکەدا چونە عەرەفات — بۆ گەلێ سونەت لە بێ بە آفات
کە چوی بۆ (مەکە) لە (ذی طوی)دا — حوت لشود تادان بدە بە آوا
کە بەیتت بینی بە صفای سینە — نوری رەحمەتی خودا ببینە
بپارێرەوە لە خودای منان — بۆ تشریفی بەیت بۆ عەفوی تاوان
ئەم جار لە دەرگای بنی شیبەوە — بە شەرم و ئەدەب بەرد بە بێتەوە
فورا طوافی قدوم بێنە جێ — تحیەی مسجد لەویا وا ئەبێ
گەر بیمی فەوتی نوێژی فەرزت بۆ — یا نوێژی فەرزی جماعەت هەبۆ
لە وەختێدا لە پێشی طوافی قدوم — نوێژەکەت بکە بە شێوەی مرسوم

جا پاشی نوێژە کەرت طوافی قدوم   سوننەتە بیکە بە شێوەی مەرسوم

بە لامی طوافی قدوم بوژنان   هەل بگرن بوشە و چاترە بویان

جا ئەگەر ویستت پاشی ئەم طوافە   سەعی رەوایە و دوور لە خلافە

هەرچەند مایتەوە بە میوانی بەیت   ببە بە مشکات بو مصباحی زەیت

چرای رەویتیکی صافو پرتەو دار   رەوتی حضور و حیا و عتبار

سەعاتی حضور لەو بارەگا دا   هەیەتی بەسەر ژینی دنیا دا

بارانی انوار بەتاو دیتە خوار   دائەگری هەموو پاکو تاوانبار

بە آرام ئەرژێ بەسەر دلانا   بە وێنەی شەونم بەسەر گولانا

ئەشورێتەوە خەتای خەتابار   بە وێنەی باران لە بو توزی دار

عالەم لەلولی بەرگو پوشاکا   ئەسورێنەوە بەبەیتی پاکا

ئەگەرێن بە جوش بە دەوری هالا   وەکو داماوان لە سیاسالا

بە تاوی دەرون ئەپارێنەوە   بە چەندین زمان ئەلالێنەوە

کەعبەیشی رەمزێکی خودای زانایە   کانی انوار و جێ تجلایە

لە عەرزدا بەرز کولکەی نورە   دووساری کعبە و بیت المعمورە

کەعبە معمورە بە ئەهلی حضور   بیت المعموریش بە فریشتەی نور

وێنەی مەرکەزی گورەی عالەم   دائرەیشی کەلّەی بنی آدەمە

وینەی کارە با دل را نەکێشی   نەبێ بە دەرمان بۆ هەمو ئێشی

ئادەم لەو شوێنیا قەت بێ بەش نابێ   کێ بە سورمەی رەش چاوی رەش نابێ

با وەرەم وایە لاوێ نەجوشی   وەک دەریای رەحمەت سەردا نەپوشی

جامادام پایەی کەعبە وەهایە   عەرشە جیلوەگای عەفوی خودایە

دل لەو مقاما با آگاداربێ   بۆ فیضی رەحمەت بە انتظار بێ

نەکا تەجەلای فیضی خودایی   لە دەسمان دەرچێ بەبێ آگایی

ئەم دنیا وینە کوگایی کایە   خیریکی تیابێ دانەی صفایە

فرصەتە شەمال بۆ خاوەن خەرمان   خەرمان هەل بگرن آمان صد آمان

عومر باخیکە بەسود و ثەمر   ثەمر بەمەوسم بۆ لەکێتە دەر

موسمی حضورە آخ بۆ هشیاری   بەزایە نەدا فرصەت بۆ کاری

فرصەت رابگرن سعادەت نەگرن   بورین دونیا با رە وەرنەگرن

بەشی دنیاکەت بەبێ آلوزی   لەوە یە بشریت لەگەل پیروزی

بەشی دینەکەت لەوە یە شبەی   بەبارەی رەضای ذاتی حق بگەی

لە ئیمە سەعیە و تەوفیق لە خودا   بریشی فیضی بە کورەی دلدا

بەپایەی ئەوەی کابەی آوا کرد   صەرفی نظری لەمەسوا کرد

رەهبەری عالەم انوری آدەم   محمد صلی الله لە بۆ رەهبەران خاتەم

خولاصەی ی ئەو سێ شێوە بە بلاوی

ئەگەر بە تمتع ئیحرام ببەستێ واجبە لە میقاتا نیەتی عومرە بێنێ بەتەنیا وە مەشغولی لبیک کردن بێ تا ئەگاتە نزیکی حەرەمی مەکە لەویا غوسل بکا جا داخلی مزگەوت ببێ وە لەپێش هەموشتێک حەوت جار طوافی کعبة الله بکا بەو یاسا کە باسمان کرد لە پاش طواف بڕوا دو رکات نوێژی سونەتی طواف بکا لە پشتی مقامی حەزرەتی ابراهیم وە علیه السلام ئەوسا بڕوا بۆ استلامی حجر الاسود جا بڕوا بۆ صفا و مروە حەوت جار بەو مابەینا هاتوچۆ بکا جا خۆی ڕزگار بکا بە سەرتاشین یا مو هەڵپاچین وە ئەمە کە دا بنیشێتە وە تا کاتی حەج جا لەگەڵ خەڵکی مەکەدا ئیحرام ببەستێ بە حەج وە آدابی حەج تەواو بکا وەکو باسی ئەکەین .

وە ئەگەر بە شێوەی قران ئیحرام ئەبەستێ ئەوە لە میقاتا بە نیەتی حج و عومرە پێکەوە ئیحرام ببەستێ کاتێ گەیشتە نزیکی حەرەم غوسل بکا وە کاتێ داخلی ساحەی کعبە بو طوافی قدوم بکا بە یاسای پێشو وە بە ئیحرامەوە بمێنێتەوە هەتا حەجیش تەواو ئەکا وە خاوەنی تمتع وە قران هەردو فیدیەیان لە سەر واجب ئەبێ وەکو باسی ئەکەین ان شاء الله تعالی

وە ئەگەر بە شێوەی افراد ئیحرام ئەبەستێ لە میقاتا بە نیەتی حج بەتەنیا ئیحرام ببەستێ وە مەشغولی لبیک کردن بێ تا نزیکی حەرەم ئەبێتە وە لەویا غوسل بکا و بڕواتە ساحەی کعبە وە طواف القدوم بەجێ بێنێ وە بە احرامەوە دەوام بکا هەتا حەجەکەی تەواو ئەکا بە ڕاوەستانی عەرەفات وە باقی آدابەوە وەکو بەیانی ئەکەین وە لە پاش حج عومرەکەی بکا وەکو باسی دێت

باسی چونە دەرەوە بو عەرەفات وەباقی واجبات

لە پاشی نیوەروی حەوتی ذی الحجە   ئیمام خوتبەئێ ئەدا خویش لە حج
ئەلی سبەینێ ئەروین بو منا   وە هایە و وایە فەرمانی خودا
جا سبەی ئیمام ئەروا لەگەلیان   بو خاکی منا بو هیزی دلیان
شەو لەوی ئەبن کە سبەینێ هات   لەوی دەرئەچن رو بە عەرەفات
ئەگەر شەو نەبوی لە عەرزی منا   فیدیەی تیا نیە لە یاسای دینا
گە ئەلێنە (نەمرە) هەمو دائەنیشن   پشوی آسایش بە دل راکیشن
لە پاشی زوال دا ئیمامی سلیم   لە ناو مرگەوتی خلیل ابراهیم
دو خوتبە ئەدا بو حجاج بە عام   نصیح و بلیغ سەراسەر احکام
پاشی خوتبەی یەکەم بانگ دەربانگ ئەدا   لەگەل دوهەما بانگ ئەداو لەکا
ئیمام دو نویژی عصرو نیوەرو   بە جمع و بە قصر ئەکا لە سەرخو
بە مسافران ئەک ئەهلی مەکە   اتمام بو ئەوان فەرزی بێ شکە
جا ئەروین لە بو عەرصەی عەرەفات   لەوی بن هەتا روژ غروب ئەکات
حمدو تسبیح و تهلیل و دعا   لبیک ئەکەن بو رضای خودا
بە تەهورە وقوف لە جمعەی انور   حجت بو ئەکا بە حجی اکبر
خیری زورترە لە حەفتا جاران   حجە کانی تر بو طاعت کاران
واجبی حضورە لە عەرەفاتا ...   هەرچی رابوری بە شەرلباتا

بەلی واچاکە ئەرونە سبەر   لەبەر تواضع بوحوزای اکبر
کاتی رادەستان لە عەرەفاتە   ئەو شیوە شرعا لە واجباتە
لە پاش زەوالی روژی عەرەفە   تا دەچێ روژی جەژنی شرفە
لە پاش غروبیش تازەردە ئەروا   سونەتە حاجی بعینی لەویا
ئەگەر پێشی غروب لەو خاکە دەرچی   ئەوش گەرێتەوە تا روژ آوا بێ
فیدیەی پیویستە وقوف بەم تەرزە   لای زور سونەتە لاکەمیش فەرزە
چونکی دانەیەک لەبو روژ و شەو   پیویستە لەویا ئەی حاوەن پرتەو
جا ئەگەر رەفزە فیدیەکەی فەرزە   ئەگەر سونەتە ئەویش بەو تەرزە
ئەحیانی حشیار لەوشوینە کاتا   بیتو بتروانی بە عەرەفاتا
دعەی حەشرە دیتە بەرچاوی   دیتە کوڵ بەحق دڵو هەناوی
مەوج ئەداتەوە ئەوسا رادەوەستە   هەرکەس بەجوری زوی لە بەهەشتە
بازی بەلبیک لبیک کاری   بەبازی بە دوعا و نزاد زگاری
بازی بەجوشی دەرونی بوریان   بازی خروشی دیدەی پرگریان
بازی کەس مەستی تجلی نورە   کەرتیو ئەروا ئەلی مخمورە
بازی سەرسامە بی دەنگو صدا   بازی بانگ ئەکا ئەلی یا خودا
گەر راستت ئەوی دیمەنی وایە   لایقی جلوەی نوری خودایە

دابەزین بۆ موزدەلفە

پاش ڕۆژاوابون لە سەعەرەفە   دائەبەزنە خوار بۆ مزدلفە

مغرب و عشا بە جمع التاخیر   لەگەڵ قصرە دا بکە بێ تقصیر

قصر هەر تەنیا لە بۆ عشایە   بۆ مسافری دورە مأوایە

لە موزدەلفە لە پاش نیوە شەو   ڕەوایە حاجی بکەوێتە ڕەو

لە پێش نیوە شەو گەر بە کێ دەرچی   نەگەڕێتەوە فیدیەی لێ ئەوێ

بە قەولی سوننەت بە قەولێ فەرزە   ئەو مانەوەیە لە ڕخاکو عەرزە

حەوت بەردی پاک لەوێ هەڵ بگرە   (عەقەبەی تێ) ڕەجمی شەیتانی پێی پێ بگرێ

لە پاش نیوە شەو ئەوەی ضعیفە   دەرچی بلا مشعرا لە موزدلفە

سەلام ئاوەن حضر لەوێ بمێنێ   تا نوێژی صوبحی بە جێ ئەهێنێ

جا بەتە ڕێکی دنیاوە بە عام   بڕۆن تا نوختەی مشعر الحرام

لەوێیا ڕاوەستن زۆر مرتبە   جا بڕۆن ئەبو جمرەی عقبە ؟

لە پاش دەرچونی هەتاوی بێ گەرد   کوگای عقبە بدەنە بەر بەرد

پاش ڕەجمی بکەن بە حەوت بەردی تاک   لەگەڵ تکبیری بۆ یەزدانی پاک

لەگەڵ هەر بەردێ تکبیری خودا   بکەن لە پاشی لبیک لەویا

ئەمجار ئەو کەسەی حەیوانی سەربڕی   لە قصابخانەی منا دای بگرێ

هەرچەن جائزە بە شیوەی تحقیق   هەتا آخری ایام التشریق

ئەم جارە سەرتاشین یا هەڵپاچینە   ئەو بۆ پیاو، ئەم ژن خەیڵی شیرینە
ئەگەر بێ مو بۆ هەر روا سوننەتە   موسی پیا بێنێ خێر و رەحمەتە
لە پاش ئەمانە طوافی فەرزە   جا سەعی صفا و مروە بە وتەرزە
بەدوو لە رەمی و لە حەلق و طواف   یەکەم تحلل ئەبێ بێ خلاف
ئەوە وایە غەیری نکاح و جماع   مقدماتیش بە شێوەی اجماع
بوت حەلال ئەبێ بەرگت لەبەرکەی   نینوکت بکەی موی لەشت لابەی
بە سێ هەمیشی دووەم تحلل   دیتە جێ و ممنوع حەلالە بالکل
مە بەس ممنوعی بە هوی ئیحرام بێ   نەک ممنوعاتی یاسای ئیسلام بێ
ترتیبی رەمی و دوو سەرتاشین   لەگەڵ طوافا سوننەتە بۆ دین
یەکەمین رەمیە سەربڕین دووەم   حلق یا تقصیر کردە وەی سێهەم
بەرووداوایشیان هەر روا رەوایە   بەلام ترتیبە احسانی تیایە
کاتی ئەوانە غەیری سەربڕین   دێ بە نیوەی شەو لە جەژنی شیرین
ئەمینی کاتی رەمی عەقەبە   تا حونداوای جەژن لێ قەوەرتە بە
وەختی فضیلەی وەرچونی هەتاو   تا ئەوالی روژ بوت ئەتێ بەرچاو
کاتی احتیار تا روژ ئاوایە   لە روژی جەژنا هەتا هەتایە
حەلق و تقصیر و طواف بە کەماڵ   دروستە بکرێن تا آخر یەکێ ساڵ

بەم شەرتە حاجی لە ئیحرامە دا   بمێنێتەوە لەو نظامە دا

ئەمەیش دەستی نادا بە یاسای عادەت   کە وابێ ڕێگەی لقای سعادەت

هەروەها چاکە لە ڕۆژی جەژنا   ڕەمی و ذەبح و حەلق بکا لە منا

لە عەینی ڕۆژدا بڕوا بۆ طواف   جا سەعی بەینی صفا و مەروەی ساف

بۆی مکروهە تأخیریان بجەی   لە ڕۆژی جەژنا ئەوانە نەکەی

مەگەر بۆ معذور بە وێنەی محصر   یا بۆ حائض و نیسیانی ڕوسەر

لە بۆ ئەمانە ڕەوایە تأخیر   وە هایە شەرعی حەزرەتی بەشیر

چون باسی هەیە باشە بیزانی   زانای خێرە هەتا ئەتوانی

عمومی (مینا) و (وادی محسّر)   هەم مزدلفە حەرەمن یەکسەر   (جمع عومومی مزدلفەیە خلاف زانا لەمەر باسانیە صح)

قوزح تەپۆلکەی مشعر الحرام   لە مزدلفەیش بیزانە تەمام

جمرەی عقبە لە مینا نیە   لە لای کۆمەلەی زانای دینیە

وادی محسّر نە لە مینایە   نە مزدلفە زانا آگایە

بەلکو حەرەمی ئاوی بارانە   هەرچۆن حەرەمە باشی بزانە

جا پاشی ئەوانە بڕۆ بۆ طواف   طوافی ڕوکنی حەجە بێ خلاف

جا سەعی مابەین بۆ صفا و مەروە   ئەگەر نەت کردبۆ لە پێشی ئەم دەورە

جا بڕۆرەوە (مینا) بێ صدا   نوێژی نیوەڕۆ بکە بۆ خودا

باسی دەرچوون لە مەکە بۆ عەرەفات

پاشی ئەوە لە طوافی قدوم وە لە سەعی بەینی صفا و مەروە بونەوە سوننەتە
رۆژی حەوتەمی مانگی قوربان ئیمامی کۆمەڵ لە پاشی نیوەڕۆی رۆژی یەک خوتبە
بدا بۆ حاجیەکان وە باسی دەرچوون لە مەکە و چوون بۆ عەرەفەیان نیشان بدا
جا سبەینێ رۆژی هەشت پاشی ئەوێژە رۆبکەن لە خاکی (منا) وە کاتێ گەیشتنە منا
دابەزن وە نوێژی نیوەڕۆ و عصر و مغرب و عشای تێدا بە جێ بێنن وە شەو
سوننەتە لەوێ بمێننەوە وە مەشغولی لبیک کردن وە ذکر و دعا بن وە نوێژی
صوبحیشی لەوێ بکەن ئەمانە هەموو سوننەتن وە لە واجبات نیە ئەگەر شەو
لە منا نەمانەوە ئازادن بەلام سوننەتەکانیان فەوتاوە وە ئەجریان ناقصە
جا لە رۆژی نۆی مانگدا کاتێ هەتاو دەرچوو لە شوێنی خۆیانەوە دەرچن بۆ
عەرەفات. وە لە ڕێگەدا لبیک لبیک وە ذکر و دوعا زۆر بکەن وە سوننەتە
لە ڕێگەی (ضب) ەوە کە کێوێکە لە نزیکانا وە مزگەوتی (خیف) وە لە خوارێ
بڕۆن بۆ عەرەفات بۆ ئەوەی لە وێشەوە لە ڕێگەی (مأزمین) ەوە دابەزن
بۆ (مزدلفە) جا کاتێ گەیشتنە (نەمرە) دابەزن لەو شوێنەدا حەزرەت صلی الله علیه وسلم
تیایا دابەزیوە ئەوەی نزیکی بەردێکە لە بنی کێوێک دا کە کەوتوەتە لای ڕاستی
کەسێ بڕوا بۆ عەرەفات وە لە ژێری ئەو کێوا ئەشکەوتێ هەیە مەشهورە حەزرەت صلی الله علیه وسلم
لەویا ماوەتەوە هەتا ڕێ کەوتوە بۆ عەرەفات. جا لە نەمرەدا دانیشن

تا پاشی زەوال جا سوننەتە غوسل بکەن بۆ وقوفی عەرەفات وە حاڵێکە لەگەڵ

ئیمام دا بڕۆن بۆ مزگەوتی نەمرە کە مەشهورە بە مزگەوتی (ابراهیم) وە ئیمام لە پێش

نوێژا خطبەی بخوێنێ وە آدابی لە ورۆژ وشەوەیان بۆ باس بکا کاتێ لەو خطبەیە

تەواو کرد دابنیشێ بە قەدەری سورەتی اخلاص جا هەستێ بۆ خطبەی دووهەم وە

مؤذن دەست بکا بە بانگ تا ئەو لە بانگ ئەبێتەوە وە خطیبیش خطبەی دووهەم

تەواو بکا وە دابەزێ نوێژی نیوەڕۆ وە عەصر بە جمع التقدیم بکا پێیان (وە قصر) بە

یەک بانگ وە دوو قامەت وە ئەگەر لە خەڵکی مەکەش اقتدایان کرد بە ئیمام

پاشی سلام دانەوە لە نوێژە کورتەکەی خۆی بڵێ هەر کەسی مسافر نیە هەستێ

نوێژەکەی تەواو بکا بخوێ وە پاشی ئەم نوێژانە وە ڕاتبەیان مائل ئەبن وە بڕۆن

بۆ عەرەفات وە ئەگەر لەو ڕۆژە جمعە بو ئەوان نوێژی جمعە ناکەن چونکی

شەرطی صحەتی جمعە نایەتەجێ : کاتێ داخلی عەرەفات بوون لە هەر شوێنێ کا راوەستن

دروستە بەڵام چاکتر وایە لەو شوێنە بێ کە حەزرەت صلی الله علیه وسلم تیایا راوەستاوە

کە شوێنێ چەن بەردێکی گەورەی ڕاخراون لە خواری (جبل الرحمة) وە .

وە سوننەتە بۆ پیاو راوەستان وە بۆ ژنان دانیشتن وە لە عەرەفاتا سوننەتە

مەشغولی لبیک لبیک کردن وە قورئان خوێندن وە لا اله الا الله کردن وە

دوعای خێر بکا بۆ خۆی و باوک و دایکی و خزمانی و باقی موسلمانان وە صلوات بدا لە حضرەت صلی الله علیه وسلم

بزانن واجباتی عەرەفات دووشتە یەکەم لەوراوەستانە لەپاشی زەوالی

روژی نوهەم وەلی تا طلوعی فجری روژی جەژن دوەهەم کەسی کاتی لەوەماوەدا

لەعەرەفات بالی لافیە وەحەجەکەی تەواوە لەگەرنا حەجەکەی وسالا فەوتاوە

دوەهەم ئەوەیە پاروی رادەستا و لەهلی صحەی عبادەت بی یانی ٣ـ هوش

وەبی هوش و ولوشتونەبی :

وەسوننەتەکانی عەرەفات زورن یەکەم خوشوردن لەنەمرەدا دوهەم دو

خوتبەی ئیمام سیهەم جمع التقدیم بو نویژی نیوەرو و عصر چوارەم پەلەکردن

بو داخل بونی عەرەفات پاشی نویژەکان پینجەم لەپاش ئەونویژانە بروانە

ناکی عەرەفات شەشەم سەعی بکا بولەوە لەوشوینی حەزرەتا راوەستی ئەگەر زەحمەت

نەبو هەرچەند نیو دقیقەبی حەوتەم بەپیادە لەوی بمینیتەوە نەک بەسواری هەشتەم

راوەستان بو پیاو وەدانیشتن بو ژنان نوهەم روبەقیبلە بی لەراوەستان وە

راوەستانا دەهەم ئەوەیە روژوی نەگری لەوروژەدا یازدەهەم آگای لەدلی خوی

بی وەچاوەری رەحمەتی خودابی دوازدەهەم زور دوعا و تهلیلە وە قورئان

خویندن بکا لەدوعا ماثورەکانە اللهم آتنا فی الدنیا حسنة وفی الآخرة حسنة

وقنا عذاب النار سیازدەهەم بروانە بەرسیبەر هەتا بتوانی چواردەهەم روژ

بداتە دەمشەو یانی لەپیش خودادا دەرنەچی هەتا روژی لی آوا نەبی ئەگەر

لەپیش غروبا دەرچو وەپاش غروب نەهاتەوە بو عەرەفات سوننەتە حەیوانی سەربیری

چواردەهەم خێر و صەدەقە کردنە لە ڕۆژدا یازدەهەم خۆپاراستنە لە ڕەفتار و
وتاری بێ سود وە بەتایبەتی جدال لەگەڵ ڕەفیقانا :

باسی دەرچون لە عەرەفات

سونەتە بۆ سەرقافلەی حاجیان کاتی ڕۆژئاوابو بە ڕاستی لە عەرەفات دابەزێ
لەگەڵ حاجیەکانا وە نوێژی مەغرب دوابخەن بە قەسدی ئەوە کە لەگەڵ عشادا
لە موزدەلفەدا بە جمع التأخیر بیکەن وە خەڵکە ئاگادار بکا لەم قەسدەی بەستە
وە بە ڕێگەی تەنگەبەرە (مأزمین) دا بڕۆن بۆ موزدەلفە کە ئاخرحەدی
حەرەمە لەو جانبەوە وە سونەتە کە ئیمام وە باقی خەڵکە بە ئارامی وە ئەدەب
داپەڕینە خوارەوە وە بە ڕێگەدا زۆر لبیک لبیک بکەن وە ذکر و دوعا
بخوێنن . وە کاتی گەیشتن بە موزدەلفە نوێژی مغرب و عشا بە جمع التأخیر وە
بە قصر بکەن وەکو لە پێشەوە بیان کرد وە ئەگەر حاجیەکان ئەم نوێژانەیان
بە غەیری جمع یا هەرکەسێ بۆ خۆی نوێژ بکا ئەوە دروستە بەڵام بەخێری ئەم سونەتە
ناگەن . وە سونەتە غوسل بکەن لە موزدەلفەدا وە شەو لەوێ بمێننەوە وە
ئەگەر مقداری لە پاش نیوەشەو لەوێ بن یا خود لە پێش نیوەشەوا دەرچن
وە لە پاش نیوەشەوا بێنەوە بۆ مزدەلفە ئەم سونەتە جێ بەجێ ئەبێ ئەگەر هەر
نەچون بۆ مزدەلفە یا خود لە پاش نیوەشەو نەبون لەوێدا ئەوە فیدیەیان لەسەرە
وە ڕاستتر ئەوەیە ئەو مانەوەیە واجبە وە لە کاتی تەرکیا فیدیەکەیشی واجبە

وەسوننەتە شەو لە موزدەلیفە دا هەر کەسێ حەوت بەردی وەکو نۆک لە موزدەلفە هەڵبگرن بۆ ڕەجمی شەیتانی عەقەبە لە سبەینێ دا وە بەردی ڕەجمی هەرسێ کۆگاکان لە ایام التشریقیا لە خاکی (منا) دا هەڵبگرن وە بازێ ئەڵێن هەموان کە ئەکاتە حەفتا بەرد لە موزدەلفە هەڵبگرن :

وەسوننەتە پیرو لاواز و بێ هێز لە شەو دا بە دوا وەدا بڕۆن بۆ مشعر الحرام وە جوانو خاوەن هێزەکان هەر لە جێگەی خۆیانا مەشغولی ذکر و طاعەت بن هەتا بەیانێ کاتی طلوعی فەجری دا زۆر زوو نوێژی سبەینێ بکەن وە بڕۆن بۆ لای باقی حاجیەکان وە کاتێ گەیشتن بە مشعر الحرام کە تەپۆڵکێکی بچووکە وە ناوی (قوزەحە) ئەگەر ئاسان بۆ سەرکەوتن بە سەریا ئەگەر نا لە نزیکیا ڕا وەستن ڕوو بە قیبلە دوعا و حەمد و تکبیر و تهلیلە و لبّیک لبّیک بکەن تا پێشی هەتاو کەوتن هەموو دەڕچن لە مشعر الحرام وە موزدەلیفە بەجێ بێڵن وە ڕووبکەن لە منا بە ئارامی وە لبیک لبیک بکەن تا ئەگەن بەر وادی محسّر ، جا تووند بڕۆن بە ڕێگادا هەتا ئەو وادییە ئەبڕن وە ئەگەن بە (عەقەبە) کە کۆگا بەردەکەی تیا - جا پاش ئەوە کە ڕۆژ بەقەد ڕمێ بەرز ئەبێتەوە یەکێ حەوت بەردیەکە یەکە فڕێدەن بۆ ئەو کۆگایە ئیتر لبیک لبیک بگۆڕن بە الله اکبر وە لەگەڵ هەر بەردی لە حەوت بەردانە کە فڕێی ئەدەن بڵێن الله اکبر ..

بزانن لەم رەمیا چەن باسی هەیە یەکەم واجبە ئەوەی فڕێ ئەدرێ بەرد بێ خواه
بەردی عادەتی یا مەرمەڕ یا یاقی ئەنواعی بەرد دووهەم واجبە بەردەکان
بە حەوت جار فڕێ بدرێن ئەگەر دوو بەرد بە جارێک فڕێ بدرێ ئەوە بە
یەک رەمی حیسێبە سێهەم واجبە بەوەزعی بێ کە لە عورفا بە فڕێ دانی بێ
ئەنا ئەگەر ئەو بەردانە دابنێ لە ناو کۆگاکەدا ئەوە دروست نیە چوارەم
واجبە قصدی ئەو کۆگا تایبەتی یە بکرێ ئەگەر بەردێ بۆ شوێنی تر فڕێ دا وە
کەوتە ئەو شوێنە دروست نیە پێنجەم واجبە ئەو بەردە بکەوێتە ناو ئەو
ئەو کۆگایە ئیتر بمێنێتەوە لەوێ یا خود دەرپەڕێ قەی ناکا ئەمانە واجباتن
وە چەن شتێکیش لیدا سوننەتە یەکەم کاتی حاجی گەیشتە مینا لە پێش هەموو کارێ
رەمی ئەو جمرە بکا دووهەم سوننەتە ئەو رەمیە لە پاش دەرچوون وە بەرزبوونەوەی
رۆژ بێ بە قەی رمێ سێهەم سوننەتە لە خوارەوە راوەستێ وەها کە شاری مەکە
بکەوێتە لای چەپیەوە وە مینا بکەوێتە لای راستیەوە وە رووی لە عەقەبە بێ
بۆ پیادە
چوارەم سوننەتە ئەوەندە دەستی بەرزکاتەوە کە بن باڵی دەرکەوێ بەلام بۆ ژنان
ئەمە سوننەت نیە پێنجەم سوننەتە لە کاتی ئەوەل بەردا ئیتر تەرکی لبیک بکا وە بڵێ
الله اکبر لە باتی لبیک چونکە لبیک شعاری ئیحرامە وە رەمی شعاری ئازادی یە
لە ئیحرام شەشەم سوننەتە بە سواری ئەو رەمیە بکا حەوتەم سوننەتە ئەو بەردە بە قەی

بەرەی پە لە پیتکە بی نە زیاتر بی وە نە کەم تر بەلام مکروهە بەشیعەی پە لە پیتکە بی

بەلکو سونەتە بەشێوەی فڕەدانی عادەتی بی . وە هەرکەسی خۆی نەی تەوانی

رەمی بکا لەبەر ناخۆشی وەکو نەخۆشی وە خۆنە گرتن لە ناوخەلک دا واجبە

لەسەری نائبی بگری وە واجبە ئەو نائبە لەپێش دا رەمی بۆ خۆی بکا جا پاشی (ئەگەر حاجی بوبی)

ئەوە رەمی بۆ کابرا بکا : وە ئەگەر حاجی نەبو طبعا هەر بۆ کابرا رەمی ئەکا

جا کاتی لە رەمی رزگار بو بڕوا لە شوینێک دا دابەزی لە مینادا وە لە هەرشوینێکدا

دابەزی دروستە بەلام سونەتە لە و شوینانی کە حەزرەت صلى الله عليه وسلم تیایا دابەزیوە وە

مەنزلی حەزرەت لە بەینی گوگای یەکەم و وکوگای ناوەراستە لە لای لە وحزگرو تاکەوا

لە و شوینە دایە وە بازێ فەرمویەتی مەنزلی حەزرەت لە لای چەپی جیگەنوێژی ئیمام

لە وحزگەوتا : جا کاتی گەیشتە ئە و شوێنە حەیوانی خۆی فیدیە یە یا ههدیە سەری ببری

وە سونەتە ئینسان خۆی حەیوانی خۆی سەر ببری وە ئەگەر بۆی نەکرا وەکیل بگری وە خۆشی

حاضربی بەلایەوە وە سونەتە روی لە وحەیوانە بکاتە قیبلە وە ناوی خوا بێنێ

وە صلاوات بدا لە حضرەت صلى الله عليه وسلم بەم عبارەتە بسم الله والله اكبر وصلى الله

على رسوله محمد وعلى آله وصحبه اللهم منك واليك فَتَقَبَّل منّي أو تقبل

مِن فلانٍ صاحِبِها وە کاتی سەربڕینی ئەم حەیوانانە وە یە بەقەی نوێژی

جەژن وە دوو خوطبەی عیانە لەپاش طلوعی روژ لە روژی جەژنا رابوری وە

باشترە وە یە لە پاش رەمی جمرەی عقبە وە لە پێش سەرتاشینی خویا بی :

بەلام کاتی دروستی بونە و حەیوان سەربڕینە ئەمینێتە وە هەتا ڕوژئاوای آخرڕوژی

ایام التشریق : وە لەشەوە کانیشا دروستە بەلام مکروهە :

جا کاتی لەسەربڕینی حەیوان ڕزگار بو ئەمجارە سەری بتاشی یا موەکانی هەڵپاچی

بەلام بو پیاو تاشینی خیری زورترە وە بو ژن کورتەوەکردنی وەلای کەمی ئەندازە بو

تاشین یا هەڵ پاچینی سی موە وەلای زوروی هەمو موی سەرە وە فەرمودە

ئەحمەدی ئیمامی شافعی رضی‌الله ئەوەیە کە ئەم سەرتاشین یا هەڵپاچینە ڕوکنیکە لە

ئەرکانی حەج یا عومرە وە ئەبی ئەوانە حەجەکەی یا عومرەکەی پێ تەواو وە فیدیەی جبر

ناکاتەوە : وە حەتا بنالەسەر ئەم فەرمودە ئەگەر کابرا سەرتاشی دەستکەوت

ئەوە باشە وە ئەگەر خوی سەری خوی بتاشی یا هەڵی پاچی دروستە وە عەیبی

نیە وەکو لە عبارەتی ایضاح وە غیری ایضاح بە آشکرا دەرئەکەوی ،

جا پاش سەرتاشین ئیتر کاتی گەڕانەوەیە بو مەکەی مکرمە زادها الله شرفا

بو طوافی کعبەی شریفە کە ڕوکنە لە حەجا :

وە دەرکەوت ئەو کردەوانە کە مشروعن لە ڕوژی جەژنا چوارن یەکەم ڕەمی

جمرەی عقبە دوهەم سەربڕینی حەیوان هەدی سێهەم سەرتاشین یا هەڵپاچین

چوارەم ڕویشتنە بو مەکەی مکرمە بو طواف ئەمانە بەم ریزە کە دانانی سوننەتە

ئەگەر حاجی مخالفەی کرد وە بازیکی پێش بازی خست ئەوە دروستە بەلام فضیلەتی فەوت

کارەی فەوتاوە :

بزانن وە حتی طوافی روکن دائی بە هاتنی نیوە شەو لە شەوی جەژنا بە لام وتمان سونەتە لەسەری لە وریزە لی کە نوسیمانە بنا، علیە لە پاش سەرتاشین کاتی تحللی یەکەم ئیتە جی وە ئەتوانی غەیری جماع وە نکاح وە مقدماتەکانی هەموو بەجی بینی وە بەرگی خوی بپوشی وە بە طوافی روکن تحللی دووەم ئیتە جی وە هەموو ئەوانەی بو حەلال ئەبی :

جا کاتی حاجی لە سەرتاشین بووەوە ئەگەریتەوە بو مکەی مکرمە وە طوافی روکن جی بەجی ئەکا بەو دیاسە کە بە یانمان کرد جا پاش طواف بروات بو سەعی لە بەینی صفا و مەروەدا ئەگەر لە پاش طوافی قدوم سەعی نە کردبو ئەگەر نا تەکرار سەعی مکروهە وە پاش ئەمە ئەگەریتەوە بو منا وە شەوی تیدە رو لە منادا بکا :

ئەگەر یارو پاش تحللی یەکەم نەهاتەوە بو طوافی روکن وە ریگەی ولاتی خوی گرتەبەر بە جاهیلی وە بە نەزانی وە یالە بیری چوبوو وە کە ئەو طوافی روکنە فەرزە لە سەری ئە وە ابن حجر لە حاشیەی ایضاحا ئەلە فەرمویت مادام کابرا طوافی قدومی کردبی بوی حیسیب ئەکری لە باتی طوافی روکن وە حەجەکەی تەواوە وهیچی لە سەر نیە هەروەها ژنی کە طوافی قدومی کرد بی وە لە کاتی طوافی روکن را توشی حیز هاتبی ئەویشی ئەگەر بروات ئەوە بو ولاتی خوی ئەوە ئەو طوافی قدومەی بو حیسیب ئەکری لە باتی طوافی روکن . وە ئەگەر طوافی قدومی نەکردبی ئەوە پاش مسافەی قصر لە مەکە وە ئەتوانی حەیوانی سەربیری بە نیەتی تحلل و بروات وە بەلام طوافی روکن بە فەرزی لە سەری ئەمینێ وە هەر کاتی بوی ری کەوت لەگەل ئەوانە ئەرون بو عومرە بروات ئەوە وە لە میقاتا ئیحرام ببەستی بو تەواو کردنی حەجەکە وە طوافی روکن بەجی بینی :

گەڕانەوە بۆ مینا بۆ ڕەجمی کوگاکان :

طوافو سەعیت کە بەجێ هێنا   بگەڕێرەوە بۆ خاکی مینا
لە پاشی ڕەوالی ئەم ڕۆژی جەژنە   خوتبەلی حەقی ئیمامی حەرەمە
لە بۆ ئادابی ڕەمی و جەمەرات   بوشەو مانەوەی مەسای پڕ خێرات
هەتا حاجیان بە بصیرەت بن   لە سەر ڕەفتاری عالی سیرەت بن
جا لە مینا دا شەوان دانیشن   بۆ دوعا و نزا نەفسی ڕاکێشن
وردە بەردی ڕەجم هەتا شەستوسێ   لە وێدا هەڵبگرن لە سەر ڕەمبەسێ
سبەی پاشی ڕەوال هەرسێ کوگاکان   هەریەکەو بەردی لێدەن بە تەکان
بەکەم لە دیانە لای مزگەوتی خەیف   دووەم ناوەڕاست لەی برای شەریف
سێ هەمیا کوگای عەقەبەی گەورە   ڕەجمیان بکەن بەو تەرزو تەورە
هەمو بەردەکان یەک یەک لێدای کە   دایان بهاوێن لێیان دالی شک
بەجاری دوو بەرد یاخو بە دانان   نابێ یانەدەن لە ناو کوگاکان
کاتی ڕەمیت کرد شەو بمێنەوە   هەر لە مینا ڕا خوت بنوێنەوە
ڕۆژی دوو هەمو سێهەمیش هەروا   هەرسێ کوگاکان لێدە بۆ خوا؟
یەکی عوزری بو وەکیلی بگری   با حاجی نەبێ تا تەفرە نەدری
بەلام با وەکیل پاش ڕەمی خوی   بیکا بو اصیل آگالی بو خوی
هەر ڕۆژی سەرەمی بۆ خوی تەواو کا   پاشان بیتەوە بۆ ئەوی بکا

دا) واتە کابرای وەکیل حاجی بێ یا حاجی نەبێ هەر دروستە بیی بە وەکیل :

ئەگەر خو رەیی لەوانە نەکا   فەرزە ئەو رەییە تدارک بکا

شەوی داهاتو یا روژی دووهەم   پیش ئەدای حاضر بیە خاترجەم

هەر وەها رەمی جمرەی عەقەبە   کە فەوتا قەزای وا مرتبە

قەزای کاتەوە پیش رەمی تشریق   ئەمەیە یاسای تەرتیب بەتاقیق

قەزا تەروایە لە پیش زەوالا   بوئەوا فەرزە لە پاش زەوالا

ئیمام ٢

سێ روک پاش زەوال لە روژی دووهەم   خوتبەی بدا پڕ مەعنا بو حجم

گەلی ارشاد و نصیحەت بکا   باسی دەرچونە روژی دو بکا

ثلیث تەروایە کە روژی دووهەم   پاشی رەمی دەرچن لە مینای حەرەم

بەلام بەو شەرتە پیش کاتی غروب   لە مینا دەرچن بو مەکەی محبوب

مانەوەی شەوی سێهەم نامینی   شەریعەت لیدا کە رەم نەکەینی

ئەگەر روژی دو دەشتان تا غروب   مانەوەی شەویان واجبە د مطلوب

هەم واجبە ئەبی رەمی روژی سێ   ئەوسا خوا حافظ لە مینا دەرچی

ئەمەیە مەعنای خوتبەکەی ئیمام   عەرزم کرد لە بو حاجی کرام

سونەتە لە بو رەمی گەلیکن کاکە   یەکەم بەر لە نزیک ئەو رەمیە چاکە

دووهەم رەمیەکان متوالی بن   بو جوملەی بو فەرد باشە حالی بن

سێهەم بارانی دوو روژی ئەوەل   بە پیادە بڕوا لو ئەجری اکمل

بو روژی سێهەم قەری ناکا سواری   با پیاوەری بە رەحمەتی باری

چوارەم نوێژی زور لەمزگەوتێ خیف — بوشاوان ئەبێ بە مایەی تخفیف

جا قەولێ هەیە ئەی کەرەم بێ مەلال — لەبو جوازی رەمی پێشی زەوال

وەزیووەدێکە لەبو شافعی — جەزمی پێیاناوە شێخی رافعی

ئەمەیە رەمی ایامی تشریق — لەپێش زەوالا حەقە بە تاقیق

بەرلە رافعی ئەم قەولە بەعەین — تائیدی فەرموو (ایمامی حەرەمین)

اسنوی ئەلی حسب الوافعی — ئەم مذهەبە لەبو شافعی

هەرچەن کە تحفە تضعیفی ئەکا — لەبەر چاوانا تخفیفی ئەکا

بەلام شیروانی ئەلی بە تصریح — با اصح نەبێ قەولێکە صحیح

ابن حجریشی بەهوی پێناوە — تائیدی ئەکا لەروی دیناوە

هەموشی ئەزانن پایەی واقعی — لەبو اسنوی و لەبو رافعی

پایەی امام الحرمین بەرز — شێخی غەزالی ئیمامی سەربەرز

تقلیدیان هەمو رەوایە بوعام — چون احتیاری قەولە بو امام

ئێمرو بو وەزعی هاتوچوی جیهان — سیارەی زورو طیارەی جوان

رومیلیون حاجی بازیاد یاکەم — لەبو ادای حج ئەرون بو حەرەم

پیرو لاوازو نەخوشی بێ گیان — مخصوص پیرەژن یا ژنی جوان

بازێکیان ئەمرن بازێکیان بێ هوش — بازێ ئەکەونە ناو فتنەی ناخوش

دەی با ئەم قەولە عالمی زانا — اعلانی بکا لەروی جیهانا

وەکو خاوەنی ئیعانەی شەریف　　بە موعتەمەدی دانا وە ظەریف

تا موسڵمانان تەقلیدی بکەن　　لەو ئازارانا خۆ بەرباد نەکەن

پاش فەجری ئەمرۆ تا فەجری سبەی　　مەوسیمی رەمیە هەروا دوو صوبحەی

بە ردە بارانی شەیتانی نامەرد　　بکەن بەگشتی یەکی بە حەوت بەرد

لەم تەقلیدەدا تەعەصصوب نەکەی　　دیباچەی تحفە موتالا ئەکەی

ئەوسا ئەزانی لە رووی شیروانی　　جوازی تەقلید بێ گومانی

مەبەس لەم قەولە تەسهیلە بۆ دین　　وفق الله الكل أجمعين

پاش ئەوە لە طوافی روکن وە سەعی بەینی صفا و مەروە رزگار بوون سوننەتە عەیای
کاتێ بگەڕێنەوە بۆ (مینا) وە لوێژی ئێوە رۆ بکەن ئیتر لەویا بمێننەوە
تا سێ شەو و سێ رۆژ وە لە هەموو رۆژی لەو رۆژانا لە پاشی زەوال دەبێ پێشی
ئەوا کە لوێژی ئێوە رۆ بکەن بڕۆن هەرسێ کوگاکان بە ڕیز کوگای خەیف وە
کوگای ناوەراست وە کوگای عەقەبە هەریەکی بە حەوت بەرد رەجم بکەن
وە واجبە ئەو شتەی فڕێی ئەدەن بەرد بێ وە بە دەست فڕێیان دەن وە
یەکە یەکە فڕێ بدرێ وە بکەوێتە ناو کوگاکانەوە وە سوننەتە لەگەڵ هەموو بەردێکا
فڕێی ئەدا الله اكبر بکا جا پاشی رەجمی شەیتان لە رۆژی دووهەما ئەگەر
بیانەوێ لە مینا دەرچن ئەوە دروستە دەرچن لە پێش غروبی ئەو رۆژا ئەگەر کەوتنە

پاشی عوزب واجبە ئەوشەوەیشی بجیننەوە وە سبەینێ رەجم بکەن ئەوسا
بگەڕێنەوە بزانن ئەترکی مانەوەی شەوی مدی طعام کفارەتە وە بۆ دوو شەوێ
دوو مەد وە بۆ ٣ شەو حەیوانی واجبە ئەبێ کە بۆ قوربانی بشێ وە ئەگەر
رەجمی رۆژێکت نەکرد واجبە لەشەوا وە یا لەرۆژی دوائیدا قەزای
بکاتەوە بەوشەرتە رەمیە فەوتاوەکان هەرسیانیان قەزا بکاتەوە
ئەوسا دەست بکا بە رەمیەکانی واجبی خۆی لەو رۆژا ئەگەر یەکێ خۆی
رەمی بۆ نەکرا لەبەر نەخۆشی وە یا پیری و لاوازی وە ترسی بو لەژێر پێدا بمری
یا تووشی زیان بێ دروستە نائیبی بگری بۆخۆی بەخۆرائی بێ یا حەق بە کرێ
بەلام ئەوەکیلە واجبە لەپێشا خۆی رەمی هەرسێ کوچکەکان تەواو بکا ئەوسا
بگەڕێتەوە لەباتی کابرای اصیل بیان کا بەلام زەرکەشی ترجیحی مقابلی ئەمەی داوە (١)
هەرکەسێ تەرکی بەردی لەو حەو بەردانەی کرد واجبە مدی طعام بدا بە کفارەت
وە بۆ دوو بەرد دوو مەد کە بوون بەسێ بەرد واجبە حەیوانی سەربڕی بۆ قوربانی بشێ
وە ئەگەر رەمی رۆژێکی تەرک کرد هەر حەیوانی واجبە وە ئەگەر هەرسێ رەمیەکەی
نەکرد هەر حەیوانی واجبە . وە سوونەتە فەوراً فەوراً یەک لەشوێن یەک ئەو
حەوت بەردە فڕێبدا وە کو سوونەتە جومرەی رەمی کوچکەی دووهەم لەگەڵ یەکەما
وە سێهەم لەگەڵ دووهەما مادەیان بۆ غەیری ئیستراحەت زۆر نەبێ ..

(١) وەکو لەحاشیەی ایضاح دا لەباسی جمرەی عقبەدا ابن حجر نقلی کردوە منه

بزانن مەشهورە کاتی رەمی لە دوسەروژان لە پاش زەوالە بەلام ئیمامی شافعی رضی عنه قەولیکی هەیە کە لە پیش زەوالیشدا دروستە وە ئەم قەولە لە ناو عالمە بەرزەکانی شافعی مذهبا وەکو امام الحرمین وە ئەسنوی وە رافعی تائید کراوە کە وابی دروستە تقلیدی ئەم قەولە بکری وە هەروەتری پیش زەوال رەمی بکری بوئەوە کە مەحال بو رەجمی شەیتانەکان زوربی وە پیرو لاواز لە ژیر پیدا توشی ئازار نەبن :

آدابی عومرە

عومرەیش واجبە ورکنی اسلامە   لە عومرا یەک جار حوکمی عامە
میقاتی مەکان لە بو آفاقی   میقاتی حەجە بیزانە تاقی
بو ئەهلی مەکە وەطنی وغریب   میقاتی حەلە لە لوختەی قریب
میقاتی کاتی تەواوی سالە   الا لە حەجا عومرە محالە
هەتا رزگاری رەمی جەمەرات   ئەو جار بو عەمرە برو بو میقات
یا جعرانە یا خاکی تنعیم   یا حدیبیە بە صدق وتسلیم
آدابی هەتا ئەگابە لبیک   چەن جار لەم وبەر تلونا علیک
گەیشتنە بەیت هەو جارە طواف   جاسعی بەینی صفا ومەروەی صاف
جا بەسەرتاشین یا بەهەل پاچین   تحلل بکەو آزاد بە شیرین
کاتی عومرەت کرد چە لە پیش حەج بی   چە لە پاش حەجا زوت لە فەرەج بی

هەتا نەتوانی عومرە یا طواف   بەجێبیان بێنە بە دڵێکی صاف

طواف چەوورەوەرە یا زیاد یا کەم   باعثی خێرە بڕا فاتحەم

ئەوەندە هەیە ئیحرامی ناوی   طوافت بکەد دانیشە تاوی

بەلام لە پشتی مەقامی خلیل   دوو رکات لە نوێژە بکە بۆ جلیل

عومرە هەر کاتی بیکەی حەسانە   تا بیبەتی ئەوەی لە زەمزەرانە

خێری حەجلی هەیە باتمام   لەگەڵ حەزرەتا علیه السلام

ئەم عومرەوتمان پاش حەجی افراد   خاتمەی فەرزە لە زمەی عباد

کە . وەلیستت دەرچی لە خیرالبقاع   زوو بەجێ بێنە طوافی وەداع

ماڵ ئاوایی یە لە خودای مهرەبان   بۆ لوطفی رەحمەت بەرزی بۆ سەرمان

حائض و زەیسان وەداعیان نیە   هەروا معتمر لەمە بەری یە

کاتی حەج تەواو بوو بە دەرچوونێ یە کەم لە رۆژی دووهەمی ایامی تشریق دا یا خود بە دەرچوونی دووهەم لە آخر رۆژدا جا کاتی عومرە یە:

ئەڕۆی بۆ نزیکترینی جێگەی حەل وە افضل جعرانە جا تنعیم جا حدیبیە یە وە لەویا ئیحرام ئەبەستی وە مشغولی لبیک لبیک ئەبێ وە دێتەوە بۆ مەکەی مکرم وە حەوت جار طوافی بەیت بە یاسای پێشوو ئەکەی جا ئەڕۆیت حەوت جار سەعی بەینی صفا و مەروە ئەکەی وە سەرت ئەتاشی یا هەڵی ئەپاچی وە بەوە تحلل ئەکەی لە عومرەکەت جا کاتی ویستت لە مەکە دەرچی بڕۆ طوافی وەداع بکە بە یاسای سابق

وە طوافی ویداع بۆ خاوەن عومرە نیە ئەگەر عومرەکەی لەگەڵ حەجا بێ

بە یەکێ لەو ئەوعانە کە باسمان کردن   واتە بۆ خاوەن عومرەی تەنیا نیە

هەروەها بۆ ژنی حائزی وەردیسانیشی بەڵکو حەرامە لەسەریان :

باسی تحلل وە قوتار کردن لە ئیحرام

ئیحرام بەستنمان مانای پەیمانە   پەیمانیشی لەگەڵ خودای رەحمانە

بۆی قەرار دراوە بارەی تحلل   یانێ ئازادی لەو بارە بالکل

ئەو ئازادیەیش لە باری ئیحرام   بە حەج یا عومرە چوار نەوعە تمام

یەکەم بە تەمامی حەج و عومرە یە   ئازابت تەواو بێ ئازادیت هەیە

هەرچەن کە حەج و عومرەی فاسد بێ   تحلل بەڵێ ئیتمامی نابێ

یاخود عومرەکەت بەوە زحێ وابێ   لە جێی حەجێ بێ کە ناڕەوابێ

بوونیە یەکێ پێشی مانگانی حەج   ئیحرام ببەستی بە عەمەلی حەج

ئەوە بەتاڵە و ئەبێ بە عومرە   بەو عومرە ئەیکا تحلل ئەمرە

دووهەم ئیحرامە بە حەجێکی وا   وەقوفی عەرەفە لەبۆتۆ نەکرا

لێراشی تحلل بە عومرە فەرزە   عومرە تەواو یا زۆ سەربەرزە

ئەوعی سێهەمین تحللی وا   بەشەرطی خۆی لێ لە ئیحرامە دا

بلێت هەرکاتێ عوزری هاتە جێ   بۆمن تحلل لەو کاتا هەبێ

وێنەی نەخۆشی و ونبوون لە یاران   یا کارەساتی لە رۆژگاران

ئەشێ بێ وقوفا لە ئیحرامی دەرچێ
هەرچەندە بە یەکێ لەمانە دەرچوە [illegible]
صح

جا ئەگەر هاتو عوزری هاتە ڕێ   تحلل بوئەو ئەبێ زوو بەزوو

بەشەرتاشینو قصدی تحلل   بێ سەربڕینی حەیوانێ ئاکول

بەلێ ئەگەر خوی بڕیاری وابێ   زەبحیەشی لەگەڵ تحللدا بێ

ئەوە پێویستە حەیوان سەربڕێ   جا بە سەرتاشین وتحلل بکرێ

نەوعی چوارەمین بەڵای مؤمنە   لەبەر احصار و مەنعی دژمنە

تحلل لیدا بە سەربڕینە   لەبو حەیوانو جا سەرتاشینە

لێدا نیەتی تحلل فەرزە   لە حدیبیەدا دەرچو ئەم فەرزە

بەلام تحلل لیدا وادەبێ   غەیری ڕێی ممنوع ڕێگەی تر نەبێ

باوەڕیان وابێ حەجیان بوئەکرێ   بو عومرە ولیش سێ روژ زیاتر ڕێ ئەگرێ

یا ساڵی هەیە بو مادەی حصار   بیرانن باشە لە بو روزگار

محصور لە حەج و عومرەی سونەتا   قەزای پێ ناوی لە شەریعەتا

بو فەرزی ساڵی احصار القاعە   قەزای مشروطە بە استطاعە

بەلام بو فەرزی سالانی قدیم   قەزای واجبە بەشرعی سلیم

تحلل وە ئازادی لە ئیحرام بە حەج یا عومرە چوار نەوعە یەکەم ئەوەیە کە
یاسای حەج و عومرە گشتی تەواو بکرێ وە لەم بەشەیە تەواو کردنی عومرە بکرێ
کە ئیحرامی بەستبێ بەحەج لەغەیری مانگی حەجدا ئەوە ئیحرامەکەی بە حەج ئەگوزرێ
بە ئیحرامی عومرە وە مادام عومرەکەی کرد ئەوە لە ئیحرامە ئازاد ئەبێ وتحلل ئەکا

هەروا لەم بەشەیە تەواوکردنی حەج و عومرەیە کە بەهۆی جماعەوە ئیفسادی کردبن
چونکی واجیبە لەسەری ئەو حەج و عومرە فاسدانە تەواو بکا وەکاتی تەواوی کردن
تحلل ئەکا هەرچەن قەزای عومرە فاسدەکەی لە عەینی سالا وە قەزای حەجە فاسدەکەی
لە سالی داهاتووا واجیبە لەسەری : ئەبێ پێویستە وشترێکی پێنج سالەشی سەرببڕێ :
نوعی دووەم تحللە بە عومرە بۆ حاجیێک کە رادەستانی عەرەفاتی لەدەس دەرچێ بێ
ئەوە واجیبە تحلل بکا بە عومرەیێ . جا ئەگەر حەجەکەی هەر لەو سالا واجیب بوبێ لەسەری
ئەوە تا استطاعەیێکی تازەی بۆ نەبێ قەزای واجیب نیە وە ئەگەر زوو واجیب بوبێ ئەوە
پێویستە بە هەرحال قەزای بکاتەوە :
نوعی سێهەم تحللە بە عوزری کە وا مانع بێ لە تەواوکردنی عیبادەتەکەی ئەمەشی
بۆ بەلکە شەرتی ئەو تحللەی کردبێ لە کاتی ئیحرام بەستنەکەیا ئەمە لابێ وا احرامم
بەست بە حەج بە شەرطێ ئەوەی کاتێ نەخۆش کەوتم یا خەرجیم نەما یا لە رەفیق ونبوم تحلل بکەم
جا کاتێ نەخۆش کەوت یا خەرجی لێ برایەوە یا لە رەفیقان تاربو یا مانعێکی تری بۆ پەیدا
هات ئەتوانێ تحلل بکا جا ئەگەر بڕیاری ئەوەی دابێ بە هاتنی عوزرەکە متحلل بێ
ئەوە بە هاتنی عوزرەکە آزاد ئەبێ وە هیچی لەسەر نیە وە ئەگەر هەر ناوی
تحللی بردبێ ئەوە ئەتوانێ نیەتی تحلل بێنێ وە سەری بتاشێ وە تحلل بکا

وە ئەگەر بڕیاری دا حەیوانیش سەربڕی ئەوە ئەبێ حەیوانەکە سەربڕی وە سەری بتاشێ بەمە تحللی ئەکا :

نەوعی چوارەم تحللە بەهۆی إحصارەوە واتە بەهۆی مەنعی دژمن لەتەواو کردنی حەجەکەیان : یا عومرەکەیانا ، جا ئەگەر کابرای معتمر گومانی وا بو تا سەر ڕۆژ ئەو دژمنە ڕێگەی لێ ئەگری وە هاچیە کە لەشی ڕێگەیێ تری نەبو بو چونە مەکە یا ڕێگەی تر هەبو بەڵام دورتر بو لەم ڕێگەیە وە لە دوری ڕێگەوە قەزای حەجی نەکەوتی ئەوە ئەتوانێ لە شوێنی خویا تحلل بکا بە مەرجێ ئەوە حەیوانی سەربڕی بو قوربانی لەشی وە سەری بتاشێ بە نیەتی تحلل وە ئازاد بون لە ئیحرامەکەی بەلێ ئەگەر حەیوانەکەی بو نەگەیشت بە حەرەم ئەوە صبر بکا تا ئەوە حەیوانەکە بگات وە سەری ببڕن ئەوسا خوی لەم شوێنەوە سەری بتاشێ ئەگەرنا هەر لە شوێنی خویا سەری ببڕێ وە سەری بتاشێ وە تحلل بکا وە گوشتی حەیوانە بدا بە گەدای ئەو شوێنە زاناکان فەرمویانە إحصار ئیتر چی بە دژمنی زوردار وە دڕندەی کوسار وە مەنعی خاوەن ماڵ بو قەرزاری کە إثباتی اعساری بو نەکرێ وە بە منعی مێرد بو ژنی خوی لە بازدکاتیک دا وە ئەمری پێ بکا بە تحلل .

جا ئەگەر ئەو حەجو عومرە إحصاری کابرای لێ کرا وە سونەت بو ئەوە قەزایان دا .

وە ئەگەر واجبی یەکەم ساڵ بن ئەوە قەزایان مەوقوفە لەسەر استطاعەیێکی تازە یانی

جا ریکی تر استطاعه‌ی حه‌جی بو ری که‌وی له‌و سا دیته بو ئه‌و حه‌ج و عومره‌یه
وه ئه‌گه‌ر واجبی سالانی زو بی ئه‌وه به هه‌ر حال واجبه قه‌زایان بکاته‌وه

فیدیه بو ناسِک دو به‌شی جوانه   به‌شی منصوصی آیه‌ی قورئانه
ئه‌وه چوار به‌شه به یاسای میزان   یه‌که‌مین فیدیه‌ی تمتع بزان
دووهه‌مین فیدیه‌ی نه‌چیره ڕاوه   سێهه‌مین فیدیه‌ی آزار و تاوه
مه‌ته‌لا له‌ به‌ر ئیشکی دل گیر   سه‌رت له‌ تاشی یا له‌ که‌ی تقصیر
چواره‌مین فیدیه وه‌زعی احصاره   محصر داماده و محصر به‌ دکاره
فیدیه‌ی (تمتع) به‌ ترتیب ئه‌بێ   حه‌یوان سه‌ر بڕه تا حه‌یوان هه‌بێ
حه‌یوانی بو قه‌ج به اعتباره   که حه‌یوان نه‌بو ڕوژو به کاره
ڕوژوی ده ڕوژه ٢ سێ ڕوژ له‌ مه‌که   حه‌وتیش له‌ وه‌ته‌ن بێ شوبهه و له‌که
سێ ڕوژه‌ی حه‌ره‌م له‌ پێشی جه‌ژنا   له‌ نا قه‌زایه ئه‌ی برای زانا
حه‌وته‌ی وه‌ته‌نیش باشتر وهایه   یه‌ک له‌ دوی یه‌ک بێ فصلیش ڕه‌وایه
ئه‌مه‌ت بو نه‌کرا هه‌موی بو وه‌ته‌ن   به‌ینی سێ له‌ حه‌وت جیانه‌جێ
کاتی وجوبی ئه‌مه‌یشی بێ حه‌ره‌ج   کاتیکه ئیحرام ئه‌به‌ستی به‌ حه‌ج
ڕه‌وایه زبحی پاش خه‌تمی عومره   پێش احرام به‌ حه‌ج به دل گوێ بگره
فیدیه‌ی جه‌زای صید له‌ سه‌ر تخییره   وینه‌ی سه‌ر ببره قوربان ئه‌گیره

بیدە بە گەدای ولاتی حەرەم   گوشتو سەردلی بی زیاد کەم

یا پاشی سەربڕین تسلیمان بکە   نابی زنیدو یان بە تحویل بدە

ئەگەر آوس بو نەچیر لەریدا   قیمەتی وینەی آوسی بدا

نابی حەیوانی آوسی سەربڕی   بەلکو قیمەتی پیویستیە بدری

یاخود تقویمی صیدە کە بکری   قیمەتی هەمو بە طعام بدری

مەبەس لە طعام قوتی مجبوبە   هەموشی بو گەدای حەرەم محسوبە

بو هەر مسکینی مدی لە طعام   بو یەکی نابی هەموی بالتمام

بو کەمتر لە سێ مسکینیش نابی   ئەبی ئەهلی حەج لەمە آگابی

یاخود لە باتی هەر مدی طعام   بو خودا بگری روژی لە صیام

لە هەر شوینیک دا فاتری جرمە   لە وەتەنی خوی یا لە حەرەمە

ئەو فیدیەیشی فەرزە بو چاری آزار   وینەی سرتاشین یا قطعی اظفار

لەسەر تخییرە یا فیدیە بدا   یا سێ روژ روژو بگری بو خودا

یا دوازدە مدی طعام بو گەدا   شەش کەس یەکی دو بیبەن لە صدا

فیدیەی احصاریش لەسەر ترتیبە   ئەگەر حەیوان نەبی بەدول حسیبە

یانی قیمەتی حەیوان بو طعام   بو گەدای شوینی احصاری ناکام

یاخود لە باتی هەر مدی طعام   یا بە روژوبی روژی تا تەمام

[illegible]

بەشی دووهەمین غیرە منصوصە   لە سەر اجتهاد حوکمی مخصوصە

ئەم بەشە بڕام لە سەر دوو نەوعە   یەکەمین تەرکی نُسکی شرعە

لە بەین (قران) چون بە یەک ئیحرام   عومرە و حەج ئەکا بۆ سهلی مەرام

یا تەرکی ئیحرام لە عەینی میقات   تەرکی مبیتی کە ئەمری پێ هات

وەک نەشەوماندەوەی حاجی لە مینا   کاتی بەرەو ڕووی عەرەفات ئەڕوا

یا نەشەوماندەوە لە موزدەلفە   کاتی هاتە خوار لە لای عەرەفە

یا نەشەوماندەوەی شەوانی تشریق   بۆ ڕەجمی شەیتان قاطع الطریق

یا تەرکی ڕەمییەک لە تەرەمیەکان   ڕۆژێ یا دوو ڕۆژ یا لە هەرسێکیان

هەروا بۆ تەرکی ٣ عەدد لە حەوت   لەبۆ یەکی دوو یەک دوو مدی کەوت

هەروەها تەرکی طوافی وداع   لە کعبة الله افضل البقاع

فیدیەی ئەمانە بە ترتیب ئەدری   هەتا دەسی کەوی حەیوان سەربڕی

کە حەیوان نەبو بەدەل بە تقدیر   چی دانراوە بۆی بیدا بێ تغییر

نەوعی دووهەمین بۆ شەهوەترانی   فەرز ئەبێ لەسەر لفعلی نسانی

بەوێنەی جماع یا ماچی رخسار   یا لەمسی ڕووتی بۆ لەشی نازار

خۆبۆن خۆش کردن بە عطر و گولاو   یا پۆشینی بەرگی ساغ یا درّاو

فیدیەی ئەمانە تخییرە و تحدید   . بیجگە لە جماع ئەی برای جبیر

فیدیەی دوو بارە هەم ئەدرێتەوە   ئەگەر سەر بەبێ تەکرار بیتەوە

به اختلافی زه‌مانو مه‌کان — وه‌کو روژو شه‌و یا نا و هه‌وره‌کان

یا اختلاف اصنافو انواع — وه‌کو بون خوشی و پوشاکو جماع

به‌لام بو جماع پاشی چاری ئه‌که‌م — فیدیه‌ی سوک ئه‌بی تقلین یا ترحم

یه‌که‌م وشتری بو دووه‌م مه‌ری — بشی بو قوربانی لی عه‌یبه گه‌ری

پوخته‌ی ئه‌م باسه بو ضبطی احکام — بوت به بیان ئه‌که‌م برای خاده‌ن فام

فیدیه له‌حه‌جاو له‌عومره‌ی مراد — له‌سه‌ر چوار به‌شه لی که‌مو زیاد

یه‌که‌م واله‌سه‌ر ترتیب و تقدیر — ئه‌مه بزانه به یاسای تفسیر

ترتیبه یانی فه‌رزه سه‌ر برین — جا ئه‌وانی تر ئه‌ی برای شیرین

تقدیریش مانای ئه‌وه‌ی دانرا — تقدیری شه‌رعه که‌س لی لانه‌دا

میثالی فیدیه‌ی فواته و قران — فیدیه‌ی (تمتع) به عومره‌ی نیسان

ته‌رکی احرامه له‌حاستی میقات — ته‌رکی ره‌می تو له‌بو جه‌مرات

ته‌رکی شه‌وماني مینای ئه‌شره‌فه — یا شه‌و مانه‌وه له‌موزده‌لیفه

ته‌رکی طوافی وداعی کعبه — یا پیاده‌ڕه‌وی نذری که‌عبه

مه‌ثه‌ل بو قران فه‌رزه حه‌یوانی — ئه‌وه‌نه‌بو ده‌روژ روژ بتوانی

دووهه‌مین فیدیه ترتیب و تعدیل — ترتیبت زانی تعدیل به تفصیل

یانی له‌شه‌رعا فه‌رمان وه‌ها بو — پاشی حه‌یوان قیمه‌ت پاشی قیمه‌ت ئه‌روژ

وینەی ئەم بەشە احصارە وجماع   فیدیە بو جماع لەسەر اتباع

ئەوەڵ وشتری پێنج ساڵە ئەویەڕ   ئەمەنە بو گائێ گا نەبو حەوەمەڕ

ئەمەشە نەبو بەنرخی وشتر   طعام بو گەدا پێی بدە باشتر

ئەمەشی ژنێ نەکەوت بەشێ بەشی کە طعام   لەسەر هەر مدێ روژێ لە صیام

طعامی جماع بو گەدای حەرەم   نەک لە بو غەریب حصار ئەوەدەم

یانی ڕەوایە بو گەدای حەرەم   حەرەم لە بو گەدای جیا حصار وغەم

سێهەمین فیدیەی تخییرە وتقدیر   هەرد دیارن بە مانا و تفسیر

وینەی سەرتاشین یا نینوک کردن   خو بون خوش کردن جل لەبەرکردن

چەورکردنی سەرو ڕیشو مو   موی روخساری خوت حالی بیە زو

ماچ کردنی ژن بە ڕوتی روخسار   یا هێنانەوەی آدی شهوت بار

یا جماعی ژن یا شی جاری یەکەم   یانی پاشی افساد بو حجی اکرم

چوارەم تخییرە و تعدیل بە قرار   وەکو فیدیەی ڕاو یا بڕینی دار

کابرا مختارە حیوان سەر بڕی   یا نرخی حیوان بە طعام بدری

کاتی وجوبی ئەم کفارەتە   کاتی توش بونە بە د کارە ساتە

مەثەل ئەو فیدیە بو قران فەرزە   کاتی إحرامە لەسێ رێگە وعەرزە

واشە باسێ فیدیەی تمتع ئەکرێ   بو ئێ پاشی عومرە و بەر لە حج ئەدرێ

یانی ڕەوایە پیشی احرام بە حەج   فیدیەی تمتع بدەی بی حەرەج
وەختی سەربڕین تحدید نەکراوە   ڕۆژانی تشریق تفضیل دراوە
خوێنی فەوتانی حەج بە هەر هۆێ   فەرزە پاشی احرام بە قەزای نوێی
شوێنی مختاری لە بۆ سەربڕین   بوت بەیان ئەکەم لەی برای شیرین
(مەروە) یە لە بۆ شخصی مُعتَمِر   (مینا) بۆ حاجی مأمور و آخر
هەرچەن ڕەوایە مادام حەرەم بێ.   لە هەر شوێنێ بێ خاترت جەم بێ
(هَدْی) لە عورفا برای محترم   حەیوانێ دایە ببری بۆ حەرەم
زۆربەی سوننەتە کەمی منذورە   بۆ احسان ئەبێن لە وڕێگە دورە
استعمال ئەکرێ لە سەر معنای عام   بۆ ذبائحی مناسک تەمام
سوننەت یا واجب واجب منذور بێ   یا عود لە فیدیەی کاری محذور بێ
واجب حەرامە خاوەن لێی بخوا   هەروا ئەو کەسەش نفقەی ئەدا
هەروا حەرامە لە بۆ دەولەمەند   خاصەی کە دایە برای بارەمەند
ئەدری بە گەدای ساکنی حەرەم   وەتەنی و غەریب ببە خاترجەم
بەڵام وەتەنی چاترە لە غەریب   مەگەر ڕادامادی لێ چارەی عجیب
بەڵام ئەو فیدیە لە سەر احصارە   لە حج احصار و حەرەم بەکارە
سوننەت ئەوەیە بۆ زەڕای خودا   بە احسان حەیوانێ بدەی بە عەردا
خۆتو عائلەو گەداو دەولەمەن   دروستە بیخۆن برای بارەمەن

چاتر وەهایە بەشە بەشی بکری — بەشی بە خۆتو عائیلەت بدری
بەشی بۆ گەدای ولاتی حەرەم — بەشی دە ولەمەن بیبا خاترجەم
ئەمە (هەدیە) مانای قوربانی نیە — هەرچەن شەرتی ئەولیا جاریە
ئەتوانی هەروا قوربانیش بکەی — تا بە هەموجود بەجەزا بگەی
خولاصە فیدیە و هەدی و قوربانی — هەیە و منذورە و خیری ئینسانی
اسلام سەراسەر خیرو حسانە — بۆ خیر مزرعەو باخو بیسانە
خوزگەم بە وکەسە ماوەی حیاتی — ئەکا بە کشتی خیرو خیراتی

فیدیەی واجب

فیدیەی واجب لەسەر ئەهلی حەج وعومرة دوو نەوعە یەکەم ئەوەیە کە لە قوربانی پیرۆزا مابی کراوە وەکو فیدیەی (تمتّع) وە جەزای (نەچیر) وە فیدیەی (دەفعی ئێشو ئازار) وەکو سەرتاشین و نینوک کردن وە فیدیەی (إحصار) واتە مەنعی حاجی لە حەج کردن :

جا فیدیەی تمتع لەسەر (ترتیب و تقدیره) واتە ئەوەڵ ئەبێ حەیوانی سەربڕی کە بۆ قوربانی بشی ئەگەر نەبو یا نرخەکەی زیاد بو لە عادەت واجبە دە رۆژ بە رۆژوبێ سی رۆژ لە موسمی حەج دا وە حەوت رۆژ لە پاش گەڕانەوە بۆ ولاتی خۆی وە آسایش کردن ئەگەر بوی نەکرا

لە مەعمی حەج دا بە ڕوژوبێ ئەوسە ڕوژەیش بینیتەوە بو وڵاتی

خوی بەلام کاتێ سە ڕوژەکەی گرت چەن ڕوژی بەینی بخا

ئەوساحەوت ڕوژەکە بگری : وەئەم حوکمە شەرع بڕیاری داوە

کاتێ سەر بڕینی (فیدیەی تمتع) ئیحرام بەستنە بحەج بەلام

دروستە لە پاش تەواوکردنی عومرەکە وە لە پیش احرام بە

حەج سەری ببڕی : وە ئەو حوکمە شەرع تقدیری کردوە لاناوری لێی

(لەسەر تخییر وتعدیلە دانە ص)

وەفیدیەی (نەچیرکوشتن) لەسەرخاتی خوی کابرایە چا ئەگەر ئەو

نەچیرە وینەی هەبو کابرا مختارە وینەی ئەو نەچیرە لە حەیوانی خانەگی

سەر ببڕی یاخود قیمەتی بوڕا ببنی وە بە و قیمەتە دانە ویلە بکری

وە بیدا بە فقرانی حەرەم بو هەر مسکینی مشتی وە یا لە باتی هەر

مشتی دانەویلە ڕوژی بە ڕوژوبی وە ئەگەر نەچیرەکە وینەی نەبو

ئەوە خاتر خویە لەبەینی دوستا یا بە قەی قیمەتی نەچیرەکە دانەویلە بکری

وە بیدا بە هەژارانی حەرەم وە یاخود لە باتی هەر مشتی ڕوژی

بە ڕوژوبی : بزانن دروست نیە ئەو دانەویلە بدری بە کەمتر

لە سێ هەژار . وە فیدیەی وەفعی آزار وأیش وەکو سەرتاشین لەسەر تخییر و تعدیلە

داتە کابرا خاتر خواهە لەبەینی حەیوانی سەری ببری یا ڕوژوی سە ڕوژ

وه یا خوی دوازده هشت دانه ویله بدا به شه‌ش که‌س له هه‌ژاران

(وتعدلیه صح)
وه فیدیه‌ی احصار له‌سه‌ر ترتیب کا بدا یه‌که‌م حه‌یوانی بو قوربانی بشی

سه‌ری ببری بو فقیر و هه‌ژارانی حه‌ره‌م یا شوینی احصاره‌که وه

ئه‌گه‌ر حه‌یوان نه‌بو ئه‌وه قیمه‌تی حه‌یوانه‌که به تقویمی دو عادل بدا

به دانه ویله بو هه‌ژاراتی ولات ئه‌گه‌ر ئه‌مه‌ی پی نه‌کرا له باتی

هه‌مو مشتی رۆژی به رۆژو بی :

نه‌وعی دووه‌م فیدیه‌ی غیره منصوصه ئه‌میشی دو نه‌وعه.

• نه‌وعی یه‌که‌م له ٣ ته‌رکی یه‌کیک له مناسیک وه‌کو شیوه‌ی قران

که به یه‌ک ئیحرام عومره و حج ئه‌کا وه‌کسی میقاتیکی کردوه واته ته‌رکی

میقاتی کردوه بو یه‌کی له‌و دوانه یا ته‌رکی شه‌ومانه‌وه‌ی (مینا) یا

مزدلیفه یا شه‌و مانه‌وه شه‌وانی ایامی تشریق یا ته‌رکی

ره‌جمی له ره‌جمه‌کان له رۆژیکا یا له دو رۆژا یا له ٣ رۆژا

یا بو ته‌رکی ئه‌وه‌ی سه به رد له حه‌وت به رده‌کان یا ته‌رکی

طواف (وداع) مال آوائی که‌عبه‌ی پیروز ئه‌م فیدیه حه‌یوانیکه

هه‌تا ده‌ست که‌وی ئه‌گه‌ر نا ڕۆژی ده رۆژ ئه‌گه‌ر قابل بو

٣ رۆژ له حه‌جا وه ده حه‌وت ڕۆژ له ولاتی خویا ئه‌گه‌ر قابل نه‌بو

هه‌مو ده رۆژه‌که له ولاتی خویا به لام به ینی ٣ رۆژ و حه‌وت رۆژه‌که بخا

وە قەولێکیش ئەگەر حەیوانی دەست نەکەوت ئەوە قیمەتی بکا بە پارە (هەیە ...)

وە دانە ویلەی پێ بکڕی بۆ هەژاران ئەگەر ڕەنەی بوونەکرا لە باتی

هەر ڕشتی لە دانە ویلە ڕوژی بەڕوژ دەبێ :

نوعی دوهەم بۆ ئارەزوبازییە وەکو خوێنی خۆش کردن وە چەورێ

لە سەر دان یا پوشینی پوشاک یا ماچ کردنی ژن یا دەست لێدانی

بەزۆری (غەیری جماع کردن) فیدیەی ئەمانە لە سەر خاتر خواهی

وە تقدیرە واتە خاتر خوێ لە بەینی حەیوانی ٣ سەربڕی بۆ هەژارانی

حەرەم وە اطعامی شەش هەژار بکا هەر هەژار نیو صاع

یا سێ روژ بە روژوبێ :

وە فیدیەی جماع کردن لە سەر ترتیب و تعدیلە واجبە کابرای وشترێکی

پێنج ساڵە ٣ سەربڕی لە بۆ هەژارانی حەرەم ئەگەر وشتری وا

نەبو گاڵی دوساڵەی تەواو : ئەگەر ڕەنەو ئەویش نەبو واجبە

حەوت سەرمەڕی یەک ساڵە سەربڕێ ئەگەر ئەمەیش نەبو

بە نرخی وشترەکە دانە ویلە بسینی وە بەشی بکاتە دە بە هەژارانی حەرەما

ئەمەیش نەبو لە باتی هەر ڕشتی دانە ویلە روژی بە روژ دەبێ :

وە فیدیەی احصار لە سەر ترتیب و تعدیلە (دانە) واجبە حەیوانی سەربڕی وە بیدا بە هەژاری شوێنی احصارەکە

ئەگەر ڕەنەمەنەبو قیمەتی لە دانە ویلە ئەمەیشی نەبو لە باتی هەر ڕشتی روژی بە روژ دەبێ :

(طوافی وداع)

لە پاشی مەناسکی بە دل گوشائی   پاش طوافی بەیت بو مال اوائی

بە هیوای کەرەم دەربچو لە شار   دل پڕ لە هیوای عەفوی تاوان بار

لە دوو دعایانە کەوا مأثورن   دافعی نارو جالبی نورن

بخوێنە رەدەو بە دل بناڵە   بە رەم بیرە دەنگ بو تکاو لالە

گومانت وابێ خوێا غفارە   هەرچەن تاوانت ملیاری بارە

نائومید نابێ لە بارەی رجا   ئەوەی بو خودا ببا التجا

خودا اکرمە فوق الاکرمین   خودا ارحمە فوق الراحمین

خودایە فیضی لە دنیا و دینا   لە باری بەسەر گشت عالەمینا

بەبەهانەیە نەک بەبەهایە   بەخشینی خودا بی انتهایە

مادام کە خودا رەحمی وەهایە   نمی رەحمەتی وینەی دەریایە

نائومید نابێ کەسێ لە خوانی ئەو   لە ناو بارەگای پڕ احسانی ئەو

زێزەی خوانی ئەو کافیە بەمان   بو دنیا و بو دین بو ئەهلی ئیمان

باسی زیارەی رسول الله صلی الله علیه وسلم

ئەمجار رووت نەتە بو فیضی وصول   بسڕی بەرەو رووی رەوزەکەی رسول

بە دل بڕوانە بە شیوەی وەفا   بو پایەی بەرزو جاهی مصطفی

ئەوە رهبەری بەرزی ئەمینە   ئەوە رحمة للعالمینە

ئەوە تکاکار لە عەرەصاتا   جی هانا و هاوار لە کائناتا

دل پەروار بکا جەسەی شیرینم — بگاتە ئالای شای بە تەمکینم

ئەمە یە ھیوام ئەی پەنای ھانام — بە وەسیلەی تۆ بەحوزای علّام

کەس محروم نە بی لە دلدارانت — لە نمی فیضی شیوە بارانت

کەی محروم ئە بی لە احسانت کەی — کە لە رژی وینەی باران پەی دەی

تینو بە کاسی شا دە بی بە رەی — چون تیراو نابی لە دەریای بێ پەی

ھەژاری چون من ئومیدی وایە — بگا بە پایە لە و خاوەن مایە

جا تکام وایە ئەی خاوەن صفا — ئەی کانی فیضی کەرەم و وەفا

زناھی ر لە پەنات بگا بە پایە
چونکی خادمی رسول اللّٰهیە

لە نزیکی شاری (قصیم) لە شمالی مدینەی منورە دا

ئەم قصیدەم دانا (لە عام آزیزتر)

لە عام عزیزتر لە عام عزیزتر
عەزیزەکەی من لە عام عزیزتر

بەلای خوداوە لە عام عزیزتر
روخساری لە گول پاکوتمیزتر

مخلوقە لە نور: لە نور لطیفتر
لە فرشتەی عەرش عالی و شریفتر

عنصری خاکە و ئەوی بو فەلەک
صورەت آدەمی و بە سیرەت مەلەک

ئێستا نەو لە گشت إنسانێ داناتر
نەخوێندە و لە عام بەرز و بالاتر

عجیب شخصیکە تاریف ناکری
شەرحی ئەوصافی زەریف نادری

لە عەرەب یا نەو آشنای عالەم
والەسایەیا عەرەبو عەجەم

خوی شەمعە شەمعان وینەی پەروانە
لەدەوری شمعی زوبا دیوانە

آزیزەکەی من بێ وینە و مثال
هەروە بە سیمای سەعادە و اقبال

آزیزکام آزیز آزیزیکی وا
پایەی بولەندە لە سەر ماسوی

آزیزەکەی من قیبلەی عالەم
مایەی سەربەرزی باوکە آدەم

سەرداری عەرەب ناداری عەجەم
یەکتا گولباغی گولزاری حەرەم

رابطەی بەینی خالق مخلوق
بێ خوێندەواری مامۆستای حقوق

بە دەرون لەگەل نوری خودادا
لە بیرون لەگەل گشت ماسوی دا

پایەی بەرزیکە حەتا لە خودا
کەسی نەی دیوە کەسی لە پایەی لەودا

فروستادەی حق ریی نیشان دەرە — بوجن و بشر بەحق رەهبەرە
معجزاتی گشت رەهبەرانی کەسە — ناگا بەپایەی معجزەی سەرورە
مەلی مسیحا عیسای بن مریەم — زیندوی کردەوە مردو پاش ماتەم
احیا ستایکە هەرلای خودایە — لەعەلاقەی بشر جیایە
بەلام معجزەی رەهبەرەکەی من — نورە بو فکرو نطقەکەی من
هەزاران کەسی دل پڕ لەظلمات — دل نورانی کرد لەرێی سەرباسات
هەزاران کەسی تەعەود ل مردو — زیندوی کردنەوە بەحق زوبەزو
بەبەرزی ئەخلاق چرای هەلگرسال — زوناکی گەیاند بەروحی انسان
صبری ایوبو حکمەتی لوقمان — دوستی خلیل و دەستی سلیمان
لەلای خولکی ئەو دیاری نەئەدا — ئەوەندە جامع بو لولوی هدی
جامع بەفیدای خولکو زەوشتت — بەفیدای بەرزی پایەی سرشتت
بەفیدای مدرسەی تعلیمی دینت — بەفیدای شوعلەی نوری یقینت
بەفیدای ئەو چرای عالم نوماتە — بەفیدای ئەو لولورەی هەمو جهاتە
بەفیدای ئەو زەحمەتە مەرحەبا نیتە — بەفیدای ئەو لوطفی کەرسی نازنیتە
بەفیدای ئەو دستەرە خودا داویەبیت — کە کوسی تە داوی هالی نەبوە لیت

(ناخی) داماوی دەرگای احسانە
بەهیوای نمی احیای انسانە

سەری حاڵەکەم

سەری حاڵەکەم سەری حاڵەکەم — ئازیزی زانای سەری حاڵەکەم

دڵبەری دڵدار خۆش جەماڵەکەم — خاوەن پایەکەی پڕ کەماڵەکەم

عومرێکم دانا لە سەودای تودا — بەڵکو جارێ بێیت بە ناو ماڵەکەم

بپرسی حاڵی پەروانەی شەمعت — چلۆنە شەیدا پەشێو حاڵەکەم

دڵ بوو بە بوریان لە تاوی فیراق — یانی سووتاوە کوێی نزوف لەکەم

شا بازی بورجی قەفەسی ئاشیان — تەیاری عەرشی پەر تا باڵەکەم

بە شەرتە چیرا دانامە بورە — گوێ بگرە لە دەنگ ئاهو ناڵەکەم

من داماوەکەی دەشتی رامانم — لێ قەوماوەکەی دەشتی پەشاڵەکەم

دیلی زیندانی فیراقی توسەم — گیرۆدەی عەشقی حەفتا ساڵەکەم

چی لە بێ ئەمری بدەی بە وەسڵت — چونکە داماوی بەر دەرماڵەکەم

دڵ بوو بە کاسەی شەرابی کۆنە — لە عەشقی چاوی چاو بەخاڵەکەم

خاڵی ناوچاوت تیرێکی دا لە دڵ — داوای دەوایە دڵی ئاڵەکەم

سینەم مەشکابوو دڵم بوو بە خوێن — خوێنی تیا نەما زۆری پیاڵەکەم

سەرم دانا وە لە سەری تریتا — بەڵکو وەرگری شزاو ناڵەکەم

بە زەکیت دابێ لە سەرا حاڵم — من کە زیندانی تیا چالەکەم

ناڵی بێ ناوت زۆرگاری نالێ
دەستی راکێشە وبگرە باڵەکەم

من سەرگەردانم من سەرگەردانم

من سەرگەردانم من سەرگەردانم   لە کاری خودا من سەرگەردانم
شەخصێ هەلگەوی بە بارەی قودسی   پاکو تەمیز بێ لە هەوای شەخصی
لە سارائیکدا پەرێ بێ لە وەحشەت   پەرێ بێ لە جهلو خەرافەو دهشەت
قەت نەچوبێتە هیچ دانشگائێ   نەیشی خوێندبێ لا ماموستائێ
دوربێ لە دەوری علمو حضارە   دوربێ لە یاسای نظمی ادارە
وەهای بگاو تێ بگا لە حەق   عالەم وەرگێڕێ لە جهلی مطلق
رووی بکاتە لای پەروەردگارێ   خاوەن کەمالێ بە هەموو بارێ
هەڵسوڕێنی بۆ آئینی پاک   بۆ ترەوشتی بەرز بۆ کردەوەی چاک
بۆ تێگەی پیاوەتیو یەکێتیو وجدان   لەبۆ یەکدلی و ادارەی جهان
بۆ باوەڕکردن بە پاداشی کار   بۆ رۆژی حسیب لای خودای قهار
ئەم دەستورانە بگا بە عالەم   بگا بە پەری بە بنی آدەم
لە خۆرهەلاتو تا بە خۆرنشین   جنوبو شمال لەبۆ تێکوشین
بێ تفاوتی خزمو بیگانە   بێ لادان لە رێی راستی مەردانە
میزانی شەرەف تەنیا تقوی بێ   چ لە عەرزا بێ چ لە بالا بێ
فەرتری ناکەوی لێ حەیزی خودا   آدەم رەهبەر بێ بۆ هەموو دنیا
ئەگەر بڕوانێ بە یاسای عرفان   ئیسراو عروجی بۆ ژوور آسمان

نیشانەیێکە بۆ پایەی ڕەسوڵ — ئەویان دەلیلە ئەمیانە مەدلول
یانی چون عوروج لە آسمانان — خەرقی عادەتە بە عەقلی ئینسان
وەها نەشئەتو نشری لە بودنێ — خەرقی عادەتن لا ئەهلی تەمکین
یانی واتێکە لەڕوی سەربیات — بۆ هێزی خودا بۆ بورهانە واثبات
وتامی ئە کە کەمەی بەبورهانی زانی — ڕوی کردە ڕەهبەر بەتەنا خوانی
وتی ئەی مەولای ارواح وئەشباح — حایەی ڕزگاری بۆ هەموو ارواح
وەهای برپاردا خودای کائنات — بت کا بەکلیل بۆ دەرگای خیرات
لەدەوری قوبەی پر سەعادەتا — لەدەوری ڕەوضەی حبی عبادەتا
پول پول فریشتەی لەمن شەیدا تر — ئەسورێنەوە دەم لەدەم زیاتر
بەساڵو مانگو حەفتەو ڕوژ وشەو — ئەبارێ بەسەر ڕەوضەتا پرتەو
یانی خەزێنەی خیری عالەمی — کانی ئیحسانی بەنی آدەمی
ئەلێ لەتووە بەخشش بێتەوە — هەرکەس بەبەخشش بگەشێتەوە
دەسا تو خودا ئەی ڕحمەتی عالەم — سەرچاوەی خیری أرواح واجسام
دەمێکە عومرم بەزایە ڕوئێ — لەبەر ڕەهبەری یانی لێ تڕلێ
والەم پیری دا ڕوم کردە دەرگات — بەموی سپیەوە بردەوای نەجات
وادلە دەس عومری بەعەبەث دەڕچێ — لەسپیتی مو لەسیاهی زۆر

داد لە حەیرانی دلەکەی تەنگم — شەوبەندە بەروژ بە چەن هارەنگم

ساقی لە سایەی ستیائاتەدا — لەناو نادانی و خورافاتەدا

ساقی حەیرانی فتی فەلسەفە — گیرۆی کیشانەی وەزنی ابەلکەفە

ساقی لە رازی جهان ئەخوینی — ساتیکیش رازی رازی ئەنوینی

ساقی بە لەعەب رەرولی ئیشە — ساقی بە ئەدەب کیشی دەرویشە

دەرد بە سەر دەردالیم بو بەکەلەک — بو بە قەلاتەوگەلیشتە فەلەک

ئیستاشی نازانم ئەنجامم چیە — بە هیوا ئەلیم ئەنجامی ناجیە

دەسمەدا مانت شای خاوەن نظر — نظر پیروزی کیمیا اثر

دەرگای دلەکەم قوفل دراوە — تاوان لە ناویا بەجوش و تاوە

چارێ بدوانە لەم دلە پژ زەنگە — لەم قەفەسی وینەی تاریکی تەنگە

بە پەنجەی رەحمەت بیکە رەوە لوم — خوین بە حبیب لە ئەرمەتی ئەدوم

لە دەریای فیضت هەتی کافیە — تکێک بو دەردی دلم شافیە

بە صبغة اللهی توحید و اسلام — رەنگی ثابت بی تاکاتی ئەنجام

بدرەوشیتەوە لە روژی رەوعا — لە نظامی رنورهم یسعی

ببیت بە انسان انسانی کامل — لە اصل و فرعا بە معنای شامل

نامەی آزادی بدریتە دەستم — ئەمەیە هیوا و غایەو مەبەستم

نامەوە باڵی لە تووە دوورە   لە بوراماوان ئێحسان زەرورە

بیکە بە خاطر صدیقی عتیق   بە عدلی عمر خلیفەی وثیق

بە حەیای عوثمان بە صفای علی   بە خوێنی حمزەی خاوەن تجلی

بە شهیدانی ڕێی ئیسلامی خۆت   ئامێ کوەڕبگرە بە غولامی خۆت

هەتا ئازادی لە دونیا دا
لە ژێر سێبەری شای ئەنبیادا

خاوەن جاهە کەم خاوەن جاهەکەم   خاوەن جاهەکەی شایە ناهەکەم

فەرمان ڕەوایە بە سەر شاهانا   نوور بەخشی ئەکا بە ڕووی جیهانا

پاشای جیهانگیر ئەبێ ئاوالی   بوو دارا و گەدا خاوەن ماوی لی

پایە بولەندە و سەربەرزی عالەم   تاجی شەرەفە بۆ سەری ئادەم

بە شێوەی شیرین هەڵکەوتوی جیهان   نووری عالەمە ظاهر و پەنهان

هەر دڵ تاریکی بێ بە ئاشنا   سینەی ئەزدەلی بە طوری سینا

ئاشنائی ئەو هوی نەوروزی یە   هوی بەختیاری و هوی پیروزی یە

سا بۆ ڕەزای حق ئەی باخی شاگوڵ   بە ئاشنای پەروانە بۆ دڵ

پەروانە بوو خۆت بە کەرەم کاری   بە سەیلی سەحای تاوی بەهاری

بۆ ئەم غولامەیش نیشان درا وە   بە چەن دەس بەرس تقدیم کراوە

بۆ سایەی دەرگای بارەگای بەرزت   بۆ صفا خانەی گەلی سەرعەرزت

صەد سوپاسی حەق لەم پایە بەرزە   سەری خۆم دانا لە سەر ئەم حەرزە

دیدەی خەمم ڕێژا بە سورمەکەی ڕێت   سورمەی توتیای غوباری بەرپێت

بەڵێ بگریتیە دەو چاوی لە یار ڕجب   پەروانەی شەیدای شەمعی ڕوخساری

بە دەوری گوڵ دا بە وێنەی بولبول   بێتە سەر زەوق و نەشئەی پەرەی گوڵ

ئەمە یە مایەی ژیواری دڵان   ئەمە یە غایەی عەشقی بولبولان

دەستی سەرجای تۆلێش ئەدا و ڕەسایە   لە نوری جەمشیدا فەررویە گرتایە

بەڵ پرتەوی بیت بۆ دڵی نامی
بگا بە موژدەی لقای مەرامی

بۆ ئاسانەی تۆ بۆ ئاسانەی تۆ

بۆ ئاسانەی تۆ بۆ ئاسانەی تۆ   پەنام هیناوە بۆ ئاسانەی تۆ

بارەگای پەنای ئەهلی دنیا گشت   سەرداری سوپای خاوەن ئالای تۆ

پایەی تەختی تۆ لە سەما سەرکەوت   فرشتەی سەما عاشقی سیمای تۆ

ئەناگوی صفای سینەی میناکەت   ئەناگوی پایەی بەرزی والای تۆ

بۆ کێ بنوسم عەرضی حالی خەم   غەیری بارگای عالی بنای تۆ

لاکێ بەیان کەم شکوای ئەحوالم   غەیری حضرەتی صاحب صفای تۆ

لاکێ تقدیمی دەردو بیماریم   غەیری حەزرەتی لوقمان ئاسای تۆ

ئەگەرچی حاجەت بە بەیان نیە   لە لای ضمیری صافی مینای تۆ

من داوا کارم لە فیضی تۆ دەسیت — لەرووحی بەرزی والای رەسای تۆ

چەتری داوم بگری لە مەدد کاری — لە فیضی وصفای سایەی هومای تۆ

یادی وا بگری خانەی دەروونم — رام بگری لەسەر ریگەی وەفای تۆ

لام بدا لە بوی هەوای جفاکار — ئامادەم بکا لە بۆ لقای تۆ

چرای هەلکەی لە بۆ دەروونم — دەلیل بی لە بۆ ریی بارەگای تۆ

هەر بەو یادەوە بژیم و بمرم — رێنیشتی بیمەوە لەسەر وفای تۆ

تا بەو نوورەوە ریی بگرم بەر — بۆ ژیر سیبەری ئالای لوای تۆ

مەیدانم بدەن لە ناو یاران — بۆ ئەشنا خوانی بەرزی بالای تۆ

کاتی جەوی رووی تۆ ببینم — بگەم بە بارەی صفای دیای تۆ

ناری بە هیوای ئەو سروە ئەژی
کە دیت لە شنوی سەرووی بالای تۆ

دلداران سەرچەم

دلداران سەرچەم دلداران سەرچەم — قومری بورجی تون دلداران سەرچەم

بیماران دەرد عشق روخسارت — دیل بوون بە داوی گیسوی خەم چەم

بە هەوای تۆوە هاتو چو یا نە — بە هیوای تۆوە ئینە چەند هەنم

نیگای چەوانت بوماتەم باران — مایەی خەلاصم لە دەرد ئالەم

نمی لە فیضی دەریای حسانت — سەرچاوەی[3] فوژە لە بۆ خاطرجەم

لە قرچی بە تریژی مهر آمیزی تو   قوسی کەلامە بو صفی دلەکەم

تا کا بە شنوی نسیمی رەوحت   شنوی بەهەشتی فردەوسی وزەم زەم

توی مایەی فخری سەربەرزانی دین   توی مایەی نشری عرفان عالەم

قاپیت بارەگای بیت الاحسانە   توی سەرچاوەی خیر لە زور و لەکەم

سایەت بو نامی سایەی رەحمەتە
بەزرینە باران ئەی ٣٠ صالی کەرەم

جوشی دەروەکەم

جوشی دەروەکەم جوشی دەروەکەم   جوش گەرمی تاو لەرزە سەردەکەم

هیدیشیان هینا بوسەر ژیانم   کەوتمە تەقالای کالای گیانم

منیش بە هیوای حفظ حەیاتم   کەوتمە تەقالا لەبو نەجاتم

ئەو پەرو ئەم پەر جهانم بینی   پەنای رزگاریم بوخوم نە بینی

تا وای لە بیرم صدای «الرحیل»   بو کەهف عزەت ماوای جبرئیل

یانی بو دەرگای بارەی بولەندی   جیێ واوای دەرمان بو دەردمەندی

بو آستانی راستان ماوا   بو پرستانی دوستان ئاوا

بو بورجی عروج بەسەر هەوادا   بو عەرشی راستی لەگەل خودادا

بو قوللەی دەرچون لەبوی ماسوی   بو ملەی بەرزی شاریگای هدی

بو سەر بولەندی و مایەی سعادەت   بو بارەمەندی پایەی عبادەت

بۆ قاپێ هیوای ئەهلی درایەت   لە بۆ جیلوەگای نوری عینایەت

یانی بۆ پەنای رسالەت پەناه   بۆ آرام گاهی رهبری خودا

سوپاسی وثەنا بۆ رب عباد   کە ئیمەی گەیاند بە قاپێ مراد

شەرم نایە سەر آسانەی بولەند   جێی هانا و پەنای زمرەی دەردمەند

تۆزی پیروزی آسانەی خۆشناو   کردم بە سورمە بۆ روناکی چاو

خاکی پەرەوگای جیلوەی لیداوی   بوو بە مومیام بۆ دڵ شکاوی

نمی شەونمی روضة الرضا ت   لیوی ئەرکردم بە آوی حەیات

لەزەیتی بەهیتی سیدالسادات   چرام تەیارکرد بۆ کاتی ظلمات

لەسای گەیلانی و پیری بوخارا   دڵم تیراو بوو لەلای دل دارا

صلاتو سلام بباریت هەرکات   لە سەر لەرواحی وەسیلەی نەجات

نامی و ئامانەی مرادی دەس کەوت
فالحمدلله لەم فەوزە تری کەوت

شیرین گوڵەکەم

شیرین گوڵەکەم شیرین گوڵەکەم   گوڵی بون لەدا بەناو دڵەکەم

گوڵی بەهەشتە هاتوە بۆ دنیا   لەعەرزا نیە وێنەی گوڵەکەم

بۆ ماوەی ژینم لەروی جیهانا   بۆ ئەو دنیاشم باشە گوڵەکەم

لە هەر شوێنێ بم سارا بێ یا کێو   عەطری خۆی لەدا لە مەنزڵەکەم

ئەگەر موشکلی ڕێگام پێ بگری   ئەبێ بە کلیل بۆ موشکلەکەم

واری ئەو گوڵە واڵە بە هەشتا   ئەو داری یاسەمە و ئەو سونبولەکەم

هەر چەن لە فاکا پەڕ و پۆی دەرچوو   لە ڕوحی پاکە لیشەی گوڵەکەم

بە ئاوی حەیات ئەشو ئێمای کرد   بەو وێنەی سدرەی هەزار چڵەکەم

مەپرسە لە ڕەنگ لطیفی ڕەنگە   بەڵ لطیفترە پەڕەی گوڵەکەم

ڕەنگی بەنەوشی سەوز و نێرگسین   بێ نرخن لەلای شێوەی گوڵەکەم

مەپرسە عەتری بوو دەماغی دڵ   لە گاتە فە لەکە عەتری گوڵەکەم

ئەعطری ماهوور ئەنافی ئاهو   ئەشەدلوی شاهونا گاتە گوڵەکەم

ئەپرسی ناوونیشانی بەرزی   لووسوە لە ناو پەڕەی دڵەکەم

ناوی ڕهبەری بۆ دانراوە   لەو کاتە پشکوت غونچەی گوڵەکەم

یانی ڕهبەرەو فرستادەی حق   سپا سالارە سەر قافڵەکەم

طوڕەی طوماری پیغەمبەرانە   قازی دادگای شا عادڵەکەم

نووری وەهاجە بۆ نامەی اعمال   مایەی ڕەواجە بۆ حاصڵەکەم

نوور ئەدا بە ڕۆژ بە ئەستێرە و مانگ   بە اعلی و اسفل تا بە گڵەکەم

ڕوحی جیلوەگای تەجەللای حەق بوو   بەر لە ئادەم بوو عەتری گوڵەکەم

ڕەببی ڕابگری دوو دەشت بۆ (ناجی)
یەکەم گوڵەکەم دووەم دڵەکەم

گولی گول زارم

گولی گول زارم گولی گول زارم — من بولبول بو لەکەی گولی گول زارم
من پەروانەکەی شەمعی ڕوخسارم — من دیوانەکەی شیوەی دلدارم
بە بالا ڕاستم بە وینەی عەرعەر — لە دڵا لولم وینەی طومارم
لە زەرری ڕوخسار بە وینە بەهیم — لە آلی ڕەنگا وینەی گولنارم
دیدەی دلەکەم گلاراویە تی — چاو لە توتیای گەرری پێی یارم
ئەگەڕێم لە شوێنی دەرمانی دەردا — بەلکو طبیبی بکا تیمارم
هەر ناوی یارە لە سەر زمانم — کاتی فریشتە بیتە مەزارم
بسوتێم نوزێم لە هەوا ئەتوسی — هەر لە بیرە یارم هەر لە بیرە کارم
حەزینم بیرژێتە سەر دەریای هاکی — ئەتوکی تینوی آوی عوزارم
شفام وەفاتە ئەگەر بیتە جی — دەمیکە بو ئەو بە انتظارم
گیان لە بەر چاری بوخویان ئەمرن — من کوژراوەکەی هەزاران جارم
ڕوژم طلوعی ڕوخساری یارە — شەوم سیاهی دوگیسوی تارم
من لاو لاوەکەی سەر ڕوی بالاتم — خەبولول جوارردوی سەر ڕوی جوبارم
بە دل سەرخوشی چاوی مخمورم — مەستی سەربەستی پیا لەی خمارم
من قوربانیەکەی قەنا گیرتی ئەوم — آکام هاوردوی بێ اختیارم
فەرزە فیدابم بو یاری فەرزم — یاری نادرەی ڕوی ڕوزگارم
هەرچی جیلوەگای بالاکەی ئەوی — ئەلێ جیلوەگای لوژالانوارم
بەیانی یەهەی داتەوری بەشەوق — بو استقبالی یەهەی دل دارم
ڕوژ هەل ئەسوری بە دەوری دائم — لە اشتیاقی ڕوخساری یارم
شەمال ئەشنی لە دادینەی کو — بو باوەشینی یاری نازدارم
نامی بە تەماهی نیگای چاو دیکە — بولی بە دەورە وینەی پەرگارم
ئەو نیگای چاوی دەرمانی دەردە — ئەلێ بە مایەی شفای آزارم
بیژی بە سەریا صلاتو سەلام — هەم لە سەر آلو یارانی یارم

ڕوژی مەحشەرە

ڕوژی مەحشەرە ڕوژی مەحشەرە   تا تە سوارەکەی ڕوژی مەحشەرە

مەردی مەیدانی ڕوی عەرەساتە   خاوەن وجدانی هاتو نەهاتە

بە بەرزی پایەو هێزی همەتی   ئەوە لەو ڕوژا ئەلی ز اقتی ؟

کەس ڕوناک نابی بە بی نوری ئەو   کەسی زانا بوری بی حروری ئەو

لە هەر سەرالی دەستە چرا بی   ئەبی بە نوری ئەو هەلکرابی

جوش کورەی نور بو جیهان بەکسر   بەرق تی نوریکە لا ئەو دیتە دەر

خاوەن بارەگای هانا و هاوارە   یەکەمین پەنای گەلی هەژارە

دەی سا هوسوار سوارەکەی بوراق   سەرکەوتوی ئەفلاک بەبەرزی اخلاق

پەنای تاوان بار ڕوژی عەرەسات   یەکەم تکاکار لە شەر موشکلات

داماوی ڕێگەم لەبەر بی دلی   لی قەوماوی دیم لە بی مەنزلی

نە مالە نە حال نە پەرە نە بال   هەر توم بو ماوی ئەی کانی کەمال

لانی کەرەوە بەلای داماوا   نیگای بەلای سەرلی شیواوا

کەم ناکا دەریا بە آوی دەمی   بارانی هەوا بە پرژەی نمی

کەم نابیتەوە پیرتەوی هەتاو   بدالە بەریی حزموری داماو

شەمال کز نابی بە شنوی شیرین   بوفینکی زل لە گرەی هاوین

بە نمی آوی دەریای همەتت   زیندو ئەبنەوە هەموو ئومەتت

بەپرتەویکت دەروون ئێستە جۆشی دڵ لە خەیالات ئەبێ فەرامۆشی

هەر خەوشو خالی ئێستە خەیاڵی ئەسوتێو ئەڕوا بەبای شەماڵی

هەر بەربەیانی نەسیمی صەفات بدا لە سینەی ئەربابی وەفات

تا قیق پیر ئەبێ لە ژەوحی رحمەت رزگاری بوی لە زاکەی زەحمەت

دەی با بە شنەوی نەسیمی ئەمجار نامی ئێستە وە بوێژی رزگار

بەپرتەویکت دەروونی نامی

ببزژێو دەرچێ لە جەفای خامی

من میوانی تۆم

من میوانی تۆم من میوانی تۆم میوانی حوانی خانەدانی تۆم

ری بوارەکەی لێ توشەو زادم چاوەڕێی سفرەی ناو دیوانی تۆم

ریگەکوێر کردوی تاریکە شەوم چاوەڕێی چرای ڕیگەو بانی تۆم

داماوی ئەسارای سەرگەردانی بوم جویای بیشانەی ئاوەدانی تۆم

کلولی کەشتی مەوجی گێرادەم چاوەڕێی دەرکی دەریابانی تۆم

لەعیل براوی بێ کەسو دەستەم چاوەڕێی سەرعیل فادەنشانی تۆم

دیلم لەبیری تاریکی بیرا چاوەڕێی چرای شابوڕهانی تۆم

سواری ناباری نەفسی سەرکێشم بەنا بە سوارەی خوش عنانی تۆم

هەتیوی بێ شیوەسەرنادەی چەرخم هانا بە دەرگای پڕ حسانی تۆم

لەسارای چۆلا بادە باوەسە   چاوەڕێی بانگی ناو باوانی تۆم

لەدووشکەسالی سەرما و سولەدا   چاو لەبارانی بەهارانی تۆم

بەزەمهەریری دووریت سڕ بووم   چاوەڕێی تاوی گەرمیانی تۆم

مایەسووتاوی بازاری زەوقم   چاو لەمولەتی سەرکارانی تۆم

قەسەم بەتاوی ڕۆژی ڕوخسارت   شەیدە سووتاو و دڵ بوریانی تۆم

لەم جەشنا هاتم بۆ فیداکاری   تۆحی قوربانی دەرگاو بانی تۆم

هەرچەن شایستەی قوربانی تۆ نیم   نەزری پیر عەیبی مخلصانی تۆم

گەدام خۆ گەدای دەرباری شاهم   فەراشی فەرشی شاهەیوانی تۆم

ئەگەر شایاوی حضوری شا نیم   بەندەی وا بەندەی دەرگاوانی تۆم

لەگشت ولاتی بەندەی تۆ زۆرت   مەنیش بەندەکەی کوردستانی تۆم

من بەقوربانی قوبەی سەوزی تۆ   عاشقی جەمالی زۆر جوانی تۆم

بەهیوای قەبول ئەیاریمەوە   داماوی سایەی شاسەیوانی تۆم

تۆحید و توصیف ننزیە باوەسە   بەیوەندی یاسای ڕاو فەرمانی تۆم

لەمحکما تا دڵم محکمە   بۆ محل بەندی ژنی بەیانی تۆم

بۆتشابە دەردنم یا نە   دەمم بەتاویلی ژری عرفانی تۆم

تۆ شارەهبەرید فورئان یاسە   کەعبەیە قیبلەی نوێژەکانی خەنم

ئالو یارانت کانی شەرەفن	خاوەن میرانت بە وجدانی خۆم

تابعین یانی پەیرەوانی تو	دەریای حکمەتن بە ئیمانی خۆم

پێشەوا کانمان لە رێگەی دینیا	هەموو ماچورن بە عرفانی خۆم

پایەی أولیا رانەگرم بە حق	بۆ ئیسلام دین بە میزانی خۆم

موسلمانەکان بە یاسای یاران	نوسیویتی وەکو برایانی خۆم

هەواپەرستان لە خوا دوورن	نایانکەم بە یار بۆ ترێو بانی خۆم

بە زانستی خۆم لەگەڵ زانایا	دیمەهاتوچو لە مەیدانی خۆم

رێگەی خۆم ئەگرم بە لام معتدل	تا سود وەرگرم لە ژیانی خۆم

هیوام ئەستورە بە لوطفی خودا	نەک بە کردەوەی پڕ نوقصانی خۆم

نوێش تکا کاری بۆ تاوان باران	رێگەی رزگاریت بۆ تاوانی خۆم

(نامی) ناوی خۆی لێرەدا نوشی

ئەم رەوضەم دانا بە باوانی خۆم

لەبەر بەیانا . .

لەبەر بەیانا لەبەر بەیانا	بانەسیم بشنی لە بەر بەیانا

لە رەوزەی بەرزی شای مەدینەوە	بلاو بیتەوە بە سەر دڵانا

ئەنشەی خێربدا بە گیانی دڵدار	توزی غەم لابا لە سەر گولانا

لە باشی تاوی دڵ بە گەرمای فراق	فینکی بدا بە روحو گیانا

بۆی عەتری رەوضەی رضوانی رەھبەر — بدا بە شامەی دەماغ دارانا
لابا لە سەردل غوباری جفا — ھەتا ھشیاربێ لە بارگیشانا
دەم بکاتەوە دل بەوێنەی گول — بولبول بخوێنێ بە سەرگولانا
شەوێکی صفا لەگەل خۆبێنی — جەفا ھەل بگرێ لە ناو دلانا
لە ناو سینەرا بڕوێنی داری — بەری ئیمان بێ لەگەل پەیمانا
لە ئیمانەوە تەقوی پێ بگا — بۆ خلاصی دل لەگەل یەزدانا
تا بە ئازادی بڕواتە مەیدان — شەرمەسار نەبێ لە ناو مەردانا
گیانم بە فیدای قەدەمی خێرت — قەدەمم وابێ بە سەرچاوانا
چاوی تۆتیای گەردی ڕێگەت بێ — ھەزار ئەبینێ لە ڕوی جیھانا
نعلەبینت دانی لە سەر ھەرسەری — شایاوی تاجە لە ناو شاھانا
بە وەفا قولی لە ھەر کەس بکەی — ئەیدی بە ھەزار لە ناو قوربانا
پەنجە لێ بدەی لە لێوی ھەر کەس — ئەبێ بە شکان لە ڕۆی زەمانا
بڕوانێ بەدل بۆ ھەر ڕۆژەری — شەرمەسار نابێ لە ڕۆی میزانا
سینەی جێگەی سڕی خۆت بێ — خەزینەی ئەمنە لەگەل ئیمانا
تا قوبەی خضرای کەیوانی پایەت — ئەدرەوشێتەوە لە بەرچاوانا
تا سروەی شەمال بە ئارامی دێت — بە سەر باخانا لە کوردستانا

پەی دەرپەی بەرزی بارانی سەلام　　بە وێنەی باران لە کوساراتا

بە سەر رەوضەتا و لەگەڵ آلی بەیت　　لە سەر آرامگای هەموو یاراتا

بەڵ نامی یمنی لەو آدە لیبیدا

تاکو بتیە ژێر　　لای دڵداراتا

تو ئەوێنە جوانی

تو ئەوێنە جوانی　　تو ئەوێنە جوانی　　تۆ ئە صلیوی　　فەرعی یوسوی کنعانی

نازانم شعرای لەگەڵ دەرهاتی　　یا گەلاوێژی بەرێ بەیانی

یا روحەوە یاخو موشتەری چەرخی　　فەلەکی شەیدا تو بە سەرگەردانی

یا ئە ستیرەی قطب مەرکەزنا دەوری　　یا ماهی تەمام بدری تابانی

یا روژی چەرخی چوارەمی آسمان　　کە پرتەو بەخشی هەموو جهانی

حاشا تو دووری لەم تشبیهانە　　تو نوری جلوەی فیضی سوبحانی

نوریکی وەها دنیا دانەگری　　نەک هەر ئەم دنیا هەم دنیای ثانی

بەروح کارەبای نوری اقدسی　　نور بەخشی روحی فیدا کارانی

بەرەم بەلاغی قورئانی حوزای　　تربیەی دەری هشیارەکانی

مادام نوری دل بی انتهایە　　تو دەریای هادی کورەی جهانی

بەلیوەندیت هەیە لەگەل مخلصان　　ژلشیتە وبەری بو روحی انسانی

لەبو هەرکەسی توی بی　　بەدل　　تاریف کراوی بە مهرەبانی

هەرچەن بێزاری لە تاوان بارانت　　　تو تنگا کاری تاوان بارانی

کاتی خەوت دەرخەی بە جیلوەی جەمال　　　دڵ پەنجە ئەبڕی بە سەرگەردانی

حەیرانم حەیران بە روح بە دڵ　　　گێژم لە گێژی دەریای حەیرانی

نازکتر لە گوڵ لطیفتر لە بون　　　ئەگەر تو شنوی فیضی یەزدانی

لە هەر شوێنیکدا ناوی تو بکری　　　بونی خوش ئەگری تا ئەشتەی ثانی

بوی خوشت بکا بە سینەی هەر کەس　　　ئەلی بە قوتوی عەتری یەمانی

لا بکەیتەوە لە هەر دامادی　　　پێی عارە شاهی بوبا یەدشانی

دارا و نەدارا چاوەروانی تون　　　چونکی تو دەریای فیضی یەکسانی

ناصی یەکیکە لە چاوەروانان　　　ئەی دەریای عطای فیضی ربانی

قەناعەت ئەکا بە تاقە نمی　　　بو ئەشو نومای نوری یەمانی

ناصی ئەم کاتەت هەلی حەیاتە　　　بنالە بو حضرت هەتا ئەتوانی

لە سەریی بیرژینە بەبەر دەرگادا　　　آدی بڕژێنی بکا بەر دەرگاکانی

باشوینیت دیار بێ لەم آستانە　　　کانی کە دەرچوی لەم آستانی

ترابگرە بەدڵ قوتیە خضرا کەی　　　جیگەی فرشتەی پاکی روحانی

بزانە پیرە لە نوری رەحمەت　　　چە سەرزەمینی چە آسمانی

بە قوربانت بم ئەی نوری قدسی　　　ئەی جیلوەگاهی نوری سوبحانی

ماوام آستانەت جیلوەگای نورە   قەبولمان بکە بو پاسەوانی
پاسەوانیکی مخلصی دل پاک   لە بو آستانەی فخری انسانی
بەلکو بە فیضی آستانەکەت
نامی ثابت بی لەسەر پەیمانی

شهیدانی دین

شهیدانی دین شهیدانی دین   یارانی حەزرەت بەقەدر و تمکین
لەسەر هەر قەبریان لە بارێ انوار   پەی دەر پەی وینەی بارانی بهار
خلیفەی یەکەم بوبکری صدیق   خلیفەی دووەم عمری فاروق
مدفونن لە پشت رسول اللە دە   یەک لە دوای یەک لە پشتی شادە
وان لە ناو حوجرەی پیروزی بەرزا   اشرفی مکان لە هەمو عەرزا
بەمجارە بڕو بو آرامگای عام   (جنة البقیع) ماوای احترام
هەتا هەوصد کەس اصحاب رسول   مدفونن لەویا بە رتبەی قبول
کاتی چوویتە ناو حەساری بقیع   بەهەشتی عالی مدفنی رەفیع
لە لای راستە و جیگەی عمّاتە   مەزاری نورە و جی مەرحەمەتە
یەکەم عاتکە دووەم صفیە   دڵپوری گەورەی خیر البریة
لە خشتی ترا حەزرەتی عباس   لەگەل ئیمامی حسنی حق ناس
هەروەها علی زین العابدین   محمد باقر بە علمو تمکین

هەروا ئیمامی جعفری صادق   صاحیبی نوور و علمی حقایق

هەروا اسماعیل ولدی جعفر   بڕژیتە سەریان رضوانی اکبر

هەر لەو خەنایە فاطمەی زهرا   بارانی رەحمەت بڕژی بەسەریا

باقی اولادی رهبەری هادی   لەخشتی ترا بە دل آزادی

رقیە و زینب هەم ام کلثوم   عبدالله و قاسم لەگەل ابراهیم

لەخشتی ترا ئوکەس لە زەوجات   بڕژیتە سەریان فیضی بەرەکات

سوورە عائشە حفصە بەتمکین   رەضای خودایان لەسەر بێ آمین

ام حبیبە و ام سلمە   دو زینب ناوی زور محترمە

هەروا صفیە هەم جویریە   دایکی ئومەتی خیر البریە

عقیل برای علی مرتضی   لەخشتی تردا لەگەل عبدالله

عبداللەی کوڕی جعفری طیار   بڕژیتە سەریان انواری ستار

ئەمانە هەمو لە آلی بەیتن   بوچرای رەحمەت بەوینەی زەیتن

هەم لە بقیعە حەزرەتی عثمان   لەگەل ابن عوف ناو عبدالرحمن

سعد ابن معاذ هەم ابوسعید   مەشهور بەخدری صحابی شهید

سعد ابن ابی وقاصی شجیع   عبداللەی ابن مسعودی رفیع

عثمانی ابنی مظعونی رضیع   برای هاوڕێی رهبەری شفیع

هەروا حلیمەی سعدیە نسب   دایەنی شیری شای عالی حسب

قەبری نزیکە لە قەبری عثمان   سەرژنیە سەریان خەلاتی رضوان

جا سعدی ابن زرارە لەگەل   خنیس ابن حذافەی افضل

ئەمجار فاطمەی کچی اسدە   والدەی علی بەحق اسعدە

سربندارانی احد هەرچی بو   کە لە مالەوە وەفاتیان فەرمو

وان لە یەک شوینا لە عەرزی بقیع   جنّة المأوای شُهَدای رفیع

والە بقیعا ئیمامی اقدس   ئیمامی مالک وَلَدی انس

(نافع) کە مەولای ابن عمر بو   خادمی دینی خیر البشر بو

ئەمانە ناویان معلومە لە لام   وان لە بقیعا جی دار السلام

آرامگاهەکەی سید الشهداء   حضرەتی حمزە لەگەل عبدالله

مصعبی ابن عمیر و شماس   ولدی عفان اصحابی خلص

باقی شهدای اُحُد تا حەقتان   هەمو مدفونن وان لە یەک شوینا

یانی مدفونن لە یەک حەسارا   هەمو وان لە ژیر سەیلی انوارا

هەمو وان لە بەر داوینەی احد   کیوی محبوبی حەزرەتی احمد

احد کیویکە وینەی زنجیرە   جبهەی شمالی روضەی منیرە

هەر لەو شوینایە میدانی الفرسان   هم تلّ الرماة جبهة الامان

واڵە بەر دەیبا ماوای تیک ڕژان بو یارانی پاک لەگەل کافران

پیروزە بۆی بو یادی آثار چەن مزگەوتی خوشی لە دەورکەشا

مزگەوتی بوبکر مزگەوتی عمر مزگەوتی علی مرتضای انوەر

هەروا (مسجد الغمامەی) انوەر هەور بوبە چەتر بو سەری رهبەر

ئەمانە هەمو داخلی شارن لە مدینەدا بو عام دیارن

جا بو مزگەوتی پڕ لە بەرەکات مزگەوتی (قوبا) ی سلیلی سادات

یەکەم قرارگای پیروزی حەزرەت جی یەکەم جمعە لەکاتی هجرەت

مزگەوتی (فتح) و مزگەوتی خندق مزگەوتی (سلمان) و والەی دینی حق

خندق مابەینی دو کلکەی کیوە (اُحُد) و (سَلَع) بە شیوەی سیوە

ئەمجار (مسجد القبلتین) بەرز لە ناو (بنی سلمە) اشرافی سەر عەرز

لەو مزگەوتا بو نیوەڕو یا عصر کە قیبلە گورا بوشای فادەی نصر

هەروا چەن بیری هەن لە باخاتا نوشینگای حەزرەت لەو ساتوکاتا

بیری بضاعە جا بیری خاتم جا بیری عثمان (رومەی محترم)

بیری (بَیرُحا) ی شیرین نَفَسە بیر العهنە یە هەم بیری بُصَّە

لە پاش ئەمانە هەیە (بیری عرس) جی آسایش بون بو ذاتی اقدس

هەبەس لەمانە یادی حەزرەتە یادی وسیلەی نوری رەحمەتە

ئەم قصیدە لەو کاتە نوسیوم لە مدینەی منورە دەرچووین بۆ مەکەی مکرمە زادها اللە شرفا

دەردی فراقت دەردی فراقت | مایەی مەراقە دەردی فراقت

چەنێ وصالت لاواندمیەوە | زیاتر فراقت ئاواندمیەوە

خوا دل کەوتە بەینی نوور و نار | انک انت الحلیم الستار

چۆن بەجێ بێڵم رەوضەی شریفت | شنوی نسیمی ساحەی لطیفت

چۆن ئەبێ وون بێ لە نوری نەظەر | دیمەنی رەوضە و محراب و منبەر

جیلوەی رەوضەکەی جەنەت مقامت | مزگەوتی مایەی نوری اسلامت

محرابی سوجدە و مناجاتی ذات | جێگەی بارانی نوور و بەرەکات

منبەری شوێنی خیر الکلامت | جێ نشری یاسای دینی اسلامت

ساحەی پر صفای جامعی عالی | جێ نزولی نور علی التوالی

چۆن بەجێ بێڵم ئەم رەوضە بەرزە | کە زیارەتگای اولیای عەرزە

قەزای خوایە دوری لەم ساحە | کە جێ فرشتەی خیر و اصلاحە

بە ئارام بە صدای چاوانت قەسەم | بە رۆژی رخسار شمسی معتصم

بە جبهەی قیبلەی دلدارەکانت | بە واتەی دەوای بیمارەکانت

بە رووی طاهایت ئەی بەدری تابان | کە عاشقە بیت یوسف کەنعان

بە بالای ئالای قیامەت خیزت | بە نیگاکاری رووی رەستاخیزت

شا سوارەکەی سارای عەرەسات | دل هەر لە لاتە بابیش روم لە لات

ئەمجار تۆ ئاری ئازارانی فەوت — چاوت لە دڵ بێ کە قوربانە بوت

ئەو زەمین ماوا تو بورجی قودسی — ئەو تەختی الثرا تو فوق الکرسی

ئەو بولبولەکەی گوڵزارەکەی تو — توش گوڵەکەی عەرشەکەی سەرکو

ئەو عاشقەکەی دەروون بریندار — تو مەعشوقەکەی اصفیای دڵدار

ئەو خوشەچینی مەزرەعەی احسان — تو خاوەن خەرمان بو هەموئینسان

ئەمجا تو چودا بە ضعیف حالی — بیگاداری بە ئەسوتی بالی

ئەگەر بی طاقەت بو جاری لەجاران — اجازەی فەرمو بوروی کوساران

بابڵێ لەباڵ بولای دڵداران — خزمەت کارانی حق فیدا کاران

لە باب الشیخ لەبەغدا زەمیق — ئەوساتی بەری بو رجیل حمرین

ئەوجار هەڵفرێ بەرەو تکیەی بەرز — جیگەی اولیا و اصفیای روی عەرز

مشقەی قدس لاهوری آثار — محمود واحمد خالصی نازار

بارەگای علی خالصی شان — جی ذکروفکری گروی درویشان

جیگەی ئەزادی بو صفا دەلیل — تایبەتی خاوەن رەوشتی جمیل

جا بروا بەرەو شاری شارەزور — بولای جامدستای علامەی مشهور

عمری مشهور بەقەرەداغی — عطاری علوم عەتر گوڵ باغی

ئەمجار بەرەو روی یاری نصاری — ابو عبیدەی مەردی دیاری

لای آرام گایا أربابی قەبول — چونکە سوهەن دینەی شیخ بابا رەسول

جالالکاتەوە بوهانا و آمان — بولای بارەگای پیری هەورامان

عثمان نابی بەشەرو حەیا — جا بەهاءالدین جا پیری ضیا

جا اولادانی بەفیض و تنویر — جی خزمەتی زین بەعلم و تفکر

یاساتی هەوا بدا لەبالّ — لەهەر دلداری بپرسی حالّ

ئەمجا ربیتەوە بو قوبەی خضرا — بولای فەوەنی معراج و اسرا

بەلکو بچینی بەپاشەوانی — بو ئێگایانی عهدو پەیمانی

نامی ئەمەیە هیواو آداتی — لەتو وەربگری نامەی نجاتی

ئەی سەججادەم بەنەفحەی قدسی — دەرمانی دەردی خوی خوّپەرستی

ندائی بەدل نیگائی بەچاو — بەشەوبوشقای نامی ناتەواو

بەنام هینادە یا کهف النجا — ناائومیدنەبم لەبارەی رجا

صلات و سەلام بی حەد و حساب — لەسەر روحی تو هەم آل و اصحاب

بەقەدری ذەراتی مەوجودی آفاق — بەقەدری دەوامی ئەهلی اشتیاق

بەقەدری بیماری دلّی دلداران — بەقەدری زاماری زەحرەی زاماران

بەقەدری آرەزوی دیداری پاکت — بەقەدری شەرتو شوّقی بندەی چالاکت

تانەشنی هەوای صباغ کوساران — تانەشنی وەفای دلی دل داران

نامی بەتەمای فرتعی حسابە
چاوەری صفای شای لهەرمان

ئەم قەسیدە مەدحی پاشی دەرچوون لە مەدینەی منورە بو مەککەی مکرمە
کاتی کە نیشتینە سەرچیاوەی بدر

سەرچیاوەی بەدرە سەرچیاوەی بەدرە ‏ ‏ ‏ جیلوەگای صفای اصحابی بدرە

جێگەی شێرانی بیشەی توحیدە ‏ ‏ ‏ جێگەی ژیرانی خاوەن تمجیدە

جێ فیدا کاری رێگەی خودایە ‏ ‏ ‏ جێگەی جهادی غایەی اعلایە

جێ پا لەوانان کە وەستان بە صف ‏ ‏ ‏ شمشێر لە دەستا ئەرواح لە سەر کەف

جێگەی شهدای اصحابی بدرە ‏ ‏ ‏ ئەو بدرە کە وا بناغەی نصرە

بدری ردیفی لیلة القدرە ‏ ‏ ‏ اسلام بەو بدرە هاتە ئەم قدرە

بو شەوقی لقای جنة المأوی ‏ ‏ ‏ ئەرواحو مالیان لە را بە آوا

غونچەی دەروونیان لە غەم آزاد بو ‏ ‏ ‏ لە شیان بە خوینی شهادەت شاد بو

پایەیان گە پشت بە عەرشی ارفع ‏ ‏ ‏ وارد بو بویان (اللە اطلع)

ئەپلی فریشتە لیدرا بویان ‏ ‏ ‏ بازی ئەدەنگە هەرزی لە گویان

بەرزبیتە سەریان انواری خودا ‏ ‏ ‏ تا تاوی هەتاو دائی لە سەردا

بەرل پروانە ئەی کاکە هشیار ‏ ‏ ‏ پول پول فریشتە بریان بون بە بار

ئەو فریشتانە هاتن بو نصرەت ‏ ‏ ‏ لە بو یارمەتی یارانی حضرت

هەرچەن فریشتە عنصریان جیایە ‏ ‏ ‏ مناسبەتی کاملیان تیایە

یارانی حەزرەت وشتە خولون ‏ ‏ ‏ بە حوسنی سیمایش فریشتە ئەبون

اشارەیە بو فەرمودەی «لعل اللە اطلع علی اهل بدر فقال اعملوا ما شئتم فقد غفرت لکم»

سەلام مەعیفت لە وەزنو صەبا کە   فریشتەی فەلەک بویان بیتە خوار

چون منور بون بە نوری اخلاص   تفاوت نەما مەگەر بە لباس

علاوە یەی یەی تجلای خودا   پەرتەوی ئەدا بو رسول الله

ئەو نە جیلوەی کرد یارمەتی بو دات   (وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ) هات

یارانیشی دلیان لەگەل دلیا بو   فریشتەی خودا هاو مەنزلیان بو

هەمو لە جیلوەی نوری أحمدا   مابون لە ازەلا بەلکو أبدا

جبریل بو (احمد) رەفیقی بی   گەلی فریشتەیش ئەبی لەوجی بی

ایستاش مەولای من هەر بەو میزانە   نوقصانی نیە بە دل بیزانە

قدیسە پیر ئەبی عشق نامینی   لە حالی خوی دا دردش دائەمینی

ئەگەر نا تاقیق لیل هەرلەد لیلم   جیلوەی جەمالی لە صفا کەیلە

ئەزەل بو صودا أبد آسایە   تجلای خودا دائم رەسایە

وەی سا هەو یاری هەمو دل دارانی   ئەی مددکاری گەلی هوشیاران

فیدای شەرحی وەی پەیرەی جاریت بم   فیدای انواری بو دل ساریت بم

فیدای عرشو جامع العرش   هەزاری وەک من دل پر لە تشویش

فیدای یارانی خاوەن قدرت بم   شیرانی شەرزەی عەرزی بدریت بم

فیدای نیگاکەی عاشق کوژت بم   روحە آگاکەی نور هەلاتت بم

تنۆکی شیری شێران لێ خواردوو   لە ماڵو حاڵو لە گیان بووردوو

بێکێنە وەمی ئەم هەرزەکارە   کە کاتی پیریش هەر شیرەخوارە

بەڵکو پێ بگری بۆ ڕێگەی اخلاص   زمانی بەربێ بۆ وتاری ڕاس

نامی بێ بەدڵ لە باغی یارا
بارەی بمێنێ لە ڕۆژگارا

بیت اللەی عظیم

بیت اللەی عظیم بیت اللەی عظیم   ئەم شوێنە کۆنە بیت اللەی عظیم

دەسکار خلیل بابی ابراهیم   بە ئەمری خودا بۆ ئێمە تعلیم

بۆ قیبلەی عالەم لە عیبادەتا   بۆ ڕەمزی ڕاستی لە ڕێی طاعەتا

لە بەر یەکیتی مسلمان یەکسەر   لە سوجدە بردن بۆ خوای اکبر

ئەگەر نا خودا بەحق ناظرە   لە هەموو شوێنێ عِلماً حاضرە

بیت اللە وایە بە ئەمری خودا   مەرکەزی هێزە لە بۆ کارەبا

لە مەرکەزەوە چرا هەڵ کرا   عالەم ڕووناکە لە سارا و سەرا

یانی هەر دڵی ڕووناک بوو بە نور   نوری کابەیە لە نزیکو دور

چینی یا هندی یا پاکستانی   کورد و فارس و تورکو ئەفغانی

عەرەبو عەجەم حاضرن سەرجەم   لە بۆ طوافی بیت اللەی اکرم

بە گەلی زمان ئەپاڕێنەوە   دەس بەرەو بالا ئەلاڵێنەوە

چەتادلو چەن دەس بەرەو سەماوات — چاوەڕێن لەبو فەوزی بەرەکات

تکاو نزایان ئەکا بەفەلەک — لەگەل ئامینی طائفەی مەلەک

دلیان والە بەین خوفو رجادا — لەدەوری کابەی جێی التجادا

هەرکەسی نیازێ وا لەدەروونیا — زاری والەناو دلی زەبوونیا

باسی عەرزی ئەکا لەگەل جوشی دل — بەلکو ئەو عەرزە بگا بەمەنزل

باوەڕیان هەیە خوا هەروابە — لەگەل ئینسانا خاوەن ئیحسانە

جیلوەی تەجەللای دی لەبو عالەم — تایبەتی لەبو نەتەوەی آدەم

بوآدەم بوشیث بو ادریس بو نوح — تجلی فریو بەنصرو فتوح

بوصالح بوهود لەبو ابراهیم — معجزاتی نارد بوجایەی تسلیم

جیلوەی تەجەللای دا لەبو تنویر — بوطوری سینا بینی کیوی ساعیر

هەم بەسەرەرشتەی کیوی (فاران) — بەدینەی باران لەبەهارانا

یانی بوساراو بەلەی کوساران — انوارەئەثیری لەبو دلداران

بوئەو بێ فەرقە سارا یا دەریا — لە ٣ سەرچاوەی خوی نوردی بەحریا

شەپول وفیضی لی ئەهات بەتە — ئەم وسعەتی دەریای رحمەتە

ابراهیمی نارد کەعبەی کردەوە — دلی گومراهی بینا کردەوە

محمدی نارد کردی بەخاتەم — ناردی بەرحمەت لەبو عالەم

خودا تو خودای جیلوەت وەهایە	تجلای رەحمەت بێ انتهایە
ئێمەیشی وا هاتین بە شەرمساری	لەبو چاوپوشی لەتاوان باری
ئەزانی بە حق فیاض عامی	چە لەبو آری و چە لەکوسامی
هەرچەن کە رەحمەت لەبو هشیارە	بە فیضی تویە هشیار بیدارە
خلیل ئەنێری بو وادی بێ زرع	بێ ماخذ بیان لی یاسادی شرع
وەزیات دەرئەکەی عالەم دەنگ بکا	تا بە رەنگی حق دل یان ئەرەنگ بکا
وەنگی ئەو ئەگا بە سمعی ارواح	وەکو ئەگاتە سامعەی اشباح
وەنگی دەعوەتت ئەگا بە اصناف	لەهەموو صنفی دێن لەبو طواف
بە طوافی بەیت دل بە نوری زەیت	هەل ئەگرسێنی بو روناکی بەیت
شەعیا بە بێنی صفاو مروەی پاک	ئەکەی بە صفا بو دلی روناک
ئەمر ئەفەرموی بە وقوفی عام	لە عەرەفاتا بو فیضی اِنعام
ئەمر ئەفەرموی حجاجی کرام	لە مزدلفەو مشعر الحرام
بجیننەوە لە پاش نیوە شەو	تا روژی احسان هەل بێ بەبیرەو
بەرەو بارانی ابلیسی گومراه	ئەکەی بە رمزی کفحی اِغواء
یانی خولاوەن لەهاوڕێ بەدخو	قرت باوەرم کرن بەتخفی بەردد
لە مینا دابن چەروژ و چەن شەو	بو رەجمی ابلیس لەشەحی بەدەو

هوی سەرتان لابەن یانی بەمەرگی   لادەن لەرێشی گولی یا فوری

ئەمیشی بە دەنگی ابراهیمەوە   هاتیی بۆ کابە [illegible]

مناسک ئەکەین بە هوی زرگاری   تا بمان بەخشی بە هوی ستاری

ئەی پەروەردگار قدیم زانا   لەسەرحکمەت بەحق تەوانا

آشباحی ئیمە وینەی پەروانە   لەدەوری شەمعی بەیتا حیرانە

هەمو پەروانەی نوری تجلاین   هەمو دیوانەی رەحمەتی مەولاین

ئەسوڕێینەوە بە إخلاص دل   بە دەوری بەیتا بەجوش بەکول

سا قوتیش بەو بایە دات بە ابراهیم صلى الله عليه وسلم   کە زرگارکرد لە پاشای لئیم

بەو صدقو صەبرە دات بە اسماعیل صلى الله عليه وسلم   بێ بە قوربان بۆ سودای جلیل

بەو مایەو سایە دات بە محمد صلى الله عليه وسلم   کردت بە چرای أبدی [illegible]

بارانی رەحمەت بڕژێنە بۆمان   بۆ روحو دلو برای هاو دلمان

غونچەکەی دلمان دەم بکاتەوە   بە حمدو ثەناو تسبیحاتەوە

سا بەلکو جاری بە ناو یلی تۆ   دل لەگەل تۆدا بیتە گوفتوگۆ

وەربگری ندای رەحمەتەکەی تۆ   بێ بە قوتوی عطاری خۆشبو

بەولونە خۆشە بنەشیتەوە   بەوینەی گولباغ بگەشیتەوە

تا ئامی لەسای وصفی بقای تۆ
دل شادبی هەتا کاتی لقای تۆ

بۆ قاپی کەرەم بۆ تاپی کەرەم

بۆ قاپی کەرەم بۆ قاپی کەرەم — پەنام هیناوە بۆ قاپی کەرەم

لە پەروەشیوەی بای بەلادئەدەم — هاتم بۆ پەنای شای خاوەن حەرەم

خاوەنی آوی سەرچاوەی زەمزەم — خاوەنی بەیتو روکنو ملتزم

بەبتی کە فەیضی نابڕیتەوە — تا عالەم زۆرتر هەلسوڕیتەوە

بەیتی بارانی نیجاتی خودا — طائف وعاکف ئەبینی لەسەرا

ڕبی ئەی خودای ئەوەل و آخر — زانا بە احوال باطن و ظاهر

آگر بە گوڵ کرد لەسەر ابراهیم — ئەیوب شفادەر لەجەستەی سقیم

خودائیلیکی وای هەرچی بتەوی — لەلو کردنی پەکتنا کەوی

خاوەن بارەگای لەبو داماوان — پەنای رزگاریت بۆ لێقەوماوان

ئەگەر بتەوی بفەوتی فیرعەون — ئەی بەی بە آدا بێ سفینەی عەون

ئەگەر بتەوی ئەمینی نەمرود — بەمیشولەلی ئەلێی بە نابود

لای تەوانائیت چە عاد چە ثەمود — چە فەراعنە چە حیزی نەمرود

بەکن فیکون ئەرۆن بێ آمان — ئەبن بە عبرەت بۆ چەرخی زەمان

خۆ ئەگەر خواستت بێتە سەر اقبال — ابراهیم ئەکەی بە پاشای دوبال

بالی لە شاماو یەکی لە حیجاز — ئەیگەی بۆ پایەی پیروزیو اعزاز

محمد ئەکەی بە خاوەن عەلەم — ئەیکەی بە رهبەر بۆ هەموو عالەم

قەدەمی بێ قەلەم وا زاتانەکەی — حکمای دنیای بێ دانا ئەکەی

ابوبکر ئەکەی بە ثانی اثنین — عمر بە دارای کلتا الحسنیین

عثمان ئەکەیتە بدری ذی النورین — علی ئەکەیتە بابەی علوم دین

کەعبەی صوت ئەکەی بە قوختەی مەدار — ئەیکەی بە مطاف بۆ هەموو ابرار

عالەم بە اخلاص ئەسوڕێنەوە — بە دەوری ئەوا ئەخولێنەوە

دەریا نمێکە لە الطافی تۆ — دنیا کەمێکە لە اطعامی تۆ

نمێ لە فیضت ئەدەی بە زەمزەم — بۆ هەزاران ساڵ ئەبێ بە مطعم

ئەی خاوەنی پەنای هەموو کائنات — وشکی و دەریا و عەرز و سماوات

لەو ڕۆژەوە کابەت کردە بە مطاف — ئەبێ بە طوافی اخیار و اشراف

هەرچی طائفە بوونا لەزمرەی ابرار — لەزانای حکمەت لەدانای اسرار

هەموویان ئەکەم بە تکا کارێم — بۆ عەفوی تاوان چونکە تاوانبارم

من دخله کان آمنا — کاد یکون لنا ضامنا

ئەمەیش عەلاوەی تکا و رجایە — هەمووی وەسیلەی ڕێی التجایە

چون بە تاوانم پڕ بووە کتاب — ئەدەنە حسابم دەرچێ لە حساب

ما یفعل الله بعذابکم — نص الکید فی کتابکم

دەی بەو حسابە دەرچوو لە حساب

نامی ببەخشە لە عەینی عقاب

ئەم عەرزە بەرزا

ئەم عەرزە بەرزا ئەم عەرزە بەرزا   دەرزی داناوە ئەم عەرزە بەرزا

طواف رەمزێکە بۆ پایەداری   لەسەر طاعە و فەرمان گوزاری

کە ئوخەتەی عبدە تکرار بیتەوە   هەڵسوڕان هەرگیز نابڕێتەوە

سەعی و هەروەلە لەناو طواف   مانای اخلاصە لەدڵی ساف

هاتوچوی بەینی صفا و مەروەکەت   رەمزی طاعەتە بۆ خالقەکەت

هەموو تغدیبە بۆ خزمەت کردن   یانی لەشرینا ئیمان دەربردن

یانی ئەم کابە خانەی خودایە   هەتا هەتایە جێی تجلایە

لەهەر زمانی لەهەر ولاتی   بەندەی هەبێ لەسەر بساتی

رەمزی یەکیتی کعبة اللە یە   لەبۆ عالەمیش هوذا خودایە

راوەستانی عام لەعەرەفاتا   رەمزی وەستانە لەعەرەساتا

نموونەی حەشرە بە کۆبونەوە   نموونەی نشرە بلاو بونەوە

بەردە بارانی شەیتانی گومڕا   رەمزی کفاحە بۆ ڕێگەی خودا

واتە هەرکەسێ حەزکا لەتاوان   بەڕوی پیا بدەن لەسەر دیادان

قوربانی رەمزی ئنکاری نەفسە   رەمزی اخلاصە پەیوەندی قدسە

ابراهیم بوچی گەیشتە بەم پایە   بەراورد کرا پایە بە پایە

رازی بو بوخوی بسوتی بەنار   بێ بەتوزێ بردا بوکوسار

رازی بو لەبو تەرکی نیشتمان   بچێتە پەیوەندی لەهەموو خزمان

رازی بو بەوە بورە زای یەزدان   ئیسماعیل بکا بە قوچی قوربان

تا خوا بە لطف بە مهرەبانی   جەزای دایەوە بە جاویدانی

ئەمانە هەمو وەرزن بو هشیار   بورە وام لەشەر ئەمری کردگار

هەر کەسی وەربگری ئەم رەزە بە دل   یقینی بە ساغی ئەگاتە منزل

خودایا (نامی) دوستانی راسی   وەربگرن دەستور بە شیوەی اخلاصی

بەلکو محفوظ بن لە جفای سەرمە   محشور بین لە ژیر لوای محمد صلی الله علیه وسلم

ئەو مجدە بە عشق رەحمەت بو   بو نامی وجامد یەکسەر لغزەت بو

روی عەرەفاتە

روی عەرەفاتە روی عەرەفاتە   یا روژی حەشرە و روی عەرەساتە

عالەم سپی پوش سەر بی سەرپوش   لە بیمی خودا وینەی بی هوش

یەکی ئەنالی و یەکی بی دەنگە   یەکی مەستی جیلوە و یەکی پەشی رەنگە

عارەق ئەرژینی سەرتا بە دامان   لە بیمی حساب وەفا بە پەیمان

یەکی ئەنالی لە دەردی وجود   یەکی لە دەردی شاردی لە سجود

یەکی روی لە حق چاوەریی یارە   بو لقای انوار بە انتظارە

یەکی شەرمەندەی سیای حالە   لە تاوان باری ماوەی چەن سالە

یەکی سەرخوشە بە راز و نیاز   وینەی شابازە دل ردلە پەرواز

هەر یەک بە حالی وا لە ئارادا   منیش ئەنالم لە روی سارادا

ئەلێم ئەی خودای تەنیای تەوانا   بێ باک لە عالەم بە عالەم زانا

کێ بێ طێ بکا دەفتەر و نامە   بێ چەرە بابێت لە سەر سەلام

دەی بسا تۆ سرێ پەروەردگاریت   تۆ بیتو سرێ وەصفی غەفاریت

دەکوستاریت ظاهر بو لیمان   لەو دنیاشی غفران بنێرە بومان

تۆ بیتو لطف و مهرەبانی خۆت   سرێ رەحیمی هەم رەحمانی خۆت

تۆ بیتو سرێ اسمای حوسنای خۆت   جیلوەی صفاتی خاوەن معنای خۆت

تۆ بیتو سرێ پەروەی ستاری   تۆ بیتو جیلوەی وەصفی غەفاری

لەبەر خاطری خاتر دارانت   لەبەر لطافت بۆ نازارانت

تۆ بیتو پایەی صەدر رەهبەران   رەهنومای عیاد بوزی ستەروەران

بە فەردی آدەم بە مەردی بو نوح   بە سرێ قەصد یارمەتیو فتوح

بە صولحی صالح بە هدایەی هود   بە حفی خلیل لە دوستی نەمرود

بە صبری لە سەر دوری اسماعیل   بە سرێ وفای بو خودای جلیل

بە وشکی لیوی لە بێ آدی دەم   بە سرێ فیضی سەرچاوەی زەمزەم

بە سوزی دلی حەزرەتی یعقوب   لە سەر فراقی یوسفی محبوب

بە حوسنی یوسف لە ناو بەلادا   بە رزگاربونی لە بنی چادا

بە صبری ایوب لە آزار و ئێش   رزگاری یونس لە دەریای بێ کێش

به حیزی ذاتی موسای بن عمران   له غه‌دری فیرعه‌ون له صفای هامان

به زوهدی عیسی له باره‌ی دنیا   دعای زکریا و به صفای یحیا

به خولکی گه‌وره‌ی حه‌زره‌تی رسول   به معراجی ئه‌و بو پایه‌ی وصول

به فضلی اصحاب خیر الاقوی خاص   خیر امة اخرجت للناس

به مهاجرین به انصاری پاک   به مجاهدی مخلص و چالاک

به اصحابی بدر سه‌روانی فدا   بو اعلای شانی توحیدی خودا

به شه‌هیدانی ئاو مه‌عره‌که‌ی بدر   به آیه‌ی خودا بو بوله‌ندی قدر

به شه‌هیدانی احدی خونبار   له شه‌ر حکمه‌تی قادری قهار

به یاره‌کانی بیعة الرضوان   به ره‌ضای ذاتت له هه‌مو ئه‌وان

به صفای اصحابی سینه و دل روناک   به شه‌رافه‌تی آل و به‌یتی پاک

به قرای قورئان. به محدثین   به جهدی کامل بو مجتهدین

به امیرانی عالم و عادل   به عالمانی مخلص فضل

به فه‌رمانی دین به حقیقه   به مرشدانی به‌رزی طریقه

به هه‌رئه‌وانی نیه‌تی پاکه   بو خدمه‌تی دینا آزاد و چالاکه

زیاره له هه‌مو به فیاضی خوت   بو هه‌ر مخلصی تسلیم لو پیت

فیضی بنیره بو سینه و دل مان   کافی بی هه‌تا آخر مه‌نزلمان

بە حاضراتی عەززی عەرەفات   چاوەری کانی فیضی بەرەکات

بۆ باوکو دایکو خزمو خویشان   بۆ مردوانی لەمەو پیشان

بۆ موسلمانان لە هەر شوینی هەن   لە ئەهلی ئیمان لەدین بارەمەند

بەلکو بە شادی حەشرمان بکرێ   رێگەی حضوری لاتومان بدرێ

شادبین بە لقای ذاتی ئنورت   لەگەل رەسولی بەرزی رەهبەرت

نامی ئەمەیە سکالاو رجای

خودایا هەرتو کەهفی التجای

(عەرزە بەرزەکەی جبل الرحمە)

عەرزە بەرزەکەی جبل الرحمـــــە   جێ راوەستانی راسانی ئومە

ماوای فریشتەی آسمانەکان   جێگەی تجلای خودای لامەکان

جیلوەگای نوری خودای مهرەبان   ماوای بارانی رەحمەتی غفران

جێ عبادەت گای رەهبەری خاتەم   سعادەت ماوای اصفیای عالم

بە صدها سالە ماوای انواری   ماوای رەحمەتی خودای غفاری

پایەت کەم نیە لە طوری سینا   بۆ دلی دلدار بۆسینەی مینا

جیای کردیتەوە حەززەت بۆ وقوف   دوعای تیا قەرزو بو الوف الوف

ئەو فریشتانە اوسا حاضر بون   لە بالای آلای رەهبەر ناظر بون

ایستەیشە ماون بەعەینی مەبەست   لەبو تشریفی رەهبەری اقدس

بەسە بو ئەنات ئەم گەورە وەصفە — حەزرەت فەرمویە (الحجّ عرفە)

هەر بەو هیوایە جێگای بورە حسرت — هاتین رادەستاین بە عزم و همت

ئەتو شاهد بە من هاتم بولات — بو توحیدی حق بە نفی و اثبات

بەو دو کەلیمەی شادەتی ئیمان — تازەم کردەوە ئیمانو پەیمان

دیا حاضرن بە هەزاران ذات — لە جن و ولاتو خاوەن چن لغات

ئەوانیش هەمو آگاو آمادەن — رو لە تجدیدی عهد و شهادەن

بە یارانەوە و لە خوای کائنات — لە بو عەفوی عام لە بوی سیئات

منیش وەکو عام — ئەپاریمەوە — بو عەفوی تاوان — ئەلالیمەوە

هەم بو تاوانی — باوکو باپیرم — خزمو دوستانو هاوڕشتەی شیرم

هەم بو نەتەوەو نەسلم تا ئەبەد — لە سەر پەیرەوی دینی محمد

هیوایە خوا ببوری لیمان — جیلوەی کەرەمی دەربخا لیمان

پەیمانی ئیمان باشی پیا بە داری — حەشرمان لەژێر آلای سەرداری

جا بۆ تر ئەبەی حال آوالی یە — حالت آوالی بو ئەم شاریە

حال آوا بە خیر سارای عەرەفات — شاهدی راستی روژی عەرەصات

بەوشهارەتە نامی آزادە
روحی بە لقای محمد شادە

دا بەزین لە عەرەفات

پاشی ڕۆژی ڕاوەستان لە عەرەفات   قافلەی حوججاج شەوبەرەو خوار ئەهات
کاتی گەیشتین بە موزدەلیفە   لە وجێ پیرۆزەی پاکو شەریفە
نوێژی مەغریب عیشامان هەمو   بە جەمعی تەئخیر کران ڕۆیەزد
لە بەرەبەیانا پاش فەرزی ئیسلام   هاتین ڕوو بە ڕوی مشعر الحرام
پاش هەتاو کەوتن لە ودەوروبەرا   چوین لە بو ڕەجمی عقبەی کبری
جا پاش ئەو ڕەجمە شەیتانی ناشی   حەیوان سەربڕا و سەریشمان تاشی
جا ڕومان کردە کعبة الله سا ف   بە جێمان هێنا حەوجارە طواف
جا گەڕاینەوە بو عەرزی منا   لە بو اطاعەی خالقی بینا
سێ ڕۆژ بە اخلاص ڕەجمی جمرات   بە جێمان هێنا ادای واجبات
لە مزگەوتی خیف لای جمرەی اولی   چەند رکات نوێژم کرد لە بو مەولی
ئەمەیشی ناونە بری بە جمرەی کبری   وەکو مەشهورە عقبەی کوبری
دا لە شانی عقبەی بێ غەشی   شیوی مەشهورە بە شعبة الکبشی (
لە داوێنەیا بەردی زل هەیە   شەو وە شێوەیە زۆر بلێ لەکەیە
لە وشوێنا ولیی خلیل الرحمن   اسماعیل بکا بە قوچی قوربان
لە شێوەکەوە شا بەرانی هات   بو خوی ڕادەستا بە بێ دەسەلات
خوا وەحی کرد بو ذاتی خلیل   ئەوە فیدیەیە لە بو اسماعیل

ابراهیم رویشت قوچه‌که‌ی هینا — کردی به فیدیه روڵه‌ی دڵ مینا

(شجرة الکبش) تری راکیشانه — بو ئه‌و به‌رانه‌ی به قه‌دروشانه

تاهی ئه‌م باسه‌ی بو ئه‌می دانا

با آگادار بن ئه‌ته‌وه‌ی زانا

طوافی مال آوائی

جا ئه‌گه‌رایه‌وه بو کابه‌ شریف — بو مال آوائی له‌ که‌عبه‌ی نظیف

مال آوائی به‌یت مال آوائی به‌یت — به‌یتی چراگای نوری سافی زه‌یت

زه‌یتی زیتونی دره‌ختی وه‌فا — شایاوی چرای مشکاتی صفا

زه‌یتی گرتی ئه‌گری له‌به صفای خوی — پیویستی نیه آگر بیه‌ی بوی

به‌یتی بمونه‌ی بیت المعموره — ئه‌م اصله و ئه‌و فرع مه‌رکه‌زی نوره

له‌ میان مطافی اصفیای عه‌زه — له‌ویان طواف گای فریشته‌ی به‌رزه

به‌یتی که قبله‌ی په‌نایه بو عام — ره‌مزی توحیده بو خودای علام

به‌یتی که بنای خلیل الله‌یه — مناره‌ی بانگی ئه‌هلی دنیایه

به‌یتی آرام گای وحی تنزیله — یانی قرارگا وحی جبرئیله

به‌یتی سه‌رچاوه‌ی آوی حه‌یاته — نمی له‌و آوه مایه‌ی نه‌جاته

به‌یتی که جیگه‌ی عه‌فو غفرانه — جی تاوان به‌خشی تاوان بارانه

به‌یتی مه‌رکه‌زی نور الانواره — نوری ئیمانی تیا دا دیاره

به‌یتی مائده‌ی فائده‌ی عامه — خاوه‌ن خوانه‌که‌ی خاوه‌ن اکرامه

وداعی بەیتە و حجری اسماعیل   زەمزەم و ارکان مقامی خلیل علیه السلام

وداعی وەختی ئەگەر نا چی ئاچار   ئینەوە بۆ بەبەیت بە یارمەتی یار

بە یارمەتی تۆ ئەی پەروەردگار   ئەی خاوەن کەرەم بۆ هەموگیان دار

بەران بە رەبەعەیب ناوت ستارە   بۆ تاوان باران ناوت غفارە

باشترین لالە لە بارەگاتا   چاترین نالە لە ری نەجاتا

لالەیە لە بۆ تەوفیقی طاعەت   نالەیە لە بۆ ساعی عیبادەت

بیکە بە خاطر حەزرەتی رهبەر   نامی زرنگار کە لە کاری خطر

تحقیق لە دنیا و تەوفیق لە ژینا   مانەوەی لە سەر ریگەی یقینا

نامی ئەمەیە غایە و مراحی
بەحری بە یاری حسن ختامی

کوساربەداخە

کوسار بە داخن کوسار بەداخن   کوسار بو طائف بە آخوداخن

کە گەراینەوە بو خاکی عراق   بەری طائف را دەرچین بو آفاق

طائف کیوێکە بەرزە دەماخە   بە بولندی خوی دەماخی چاخە

سەرکەوتین بەری کیوی طائفا   لە سەرگوزەرگای چەن مصایفا

دیم (وادی) مەشهور بە وادی الکری   جێی پەلەوەران لە وجەنەت سەرا

ئاوەکەی ئەرزی بەرە وژیر بە تاو   عذبی فوراتە بە ناوی خوشناو

مەشهورە لە دیا حەزرەتی رهبەر   علیە السلام زیاتر لە دەفتەر

لەری طائفا تیا دانیشتوە   لە و آوە پاکەیشی آدی خواردوە

ئێمەیش هەر لە بەر قوزی بەرەکات   آرمان خواردەوە دانیشتین چەن کات

کە چوینە سەرکیو بولەندی عالی   بە هاوار ووتم ئەی خودای والی

ئەی خودای خاوەن بارەی لطائف   بەهەزاران قەت زیاتر لە طائف

توی خودای رهبەر بە التجاوە   روئی بو طائف دەم بەرچاوە

تا یارمەتیت دا بو فەتحی طائف   بو ئومەتی ئەو دبوە مصائف

هەر تو صاحبی بارەگای دینی   هەر تو صاحب نصری مبینی

حزرت آگاداری لە وەزعی اسلام   پیویستی نیە بە عەرزی کەلام

هەر تویش خاوەنی زەمانو عصری   هەر تویش خاوەنی فتوحی نصری

باعیشی رسول سەروەری رەهبەر (صلی الله علیه وسلم) | بوارشادی عام بوجن و بشر

بارەتی وەری رسولی (صلی الله علیه وسلم) اکرم | لە بو تنویری عەرەب و عەجەم

ناشری دینی اسلام لە آفاق | بە کتاب الله سونەتو ئەخلاق

دەوام زەربەرین بە یارانی پاک | بە خُلقی بەرز دەمو دل روناک

بە أهلی فیض و انواری جلی | صدیق و عمر عثمانو علی

بە آلی بەیتی خاوەن شرافەت | بە ئەهلی خانەی خاوەن نظافەت

بە أهلی جهاد بو دینی اکرم | خەرامۆش کردوی اولاد و حەشەم

بە قرای قورئان بە محدثین | بە امامانی مجتهد بو دین

بە سالکانی ری صدق و خلاص | بو رضای خوا بو باروی خلاص

بە قەلەم داران بو دینی اسلام | بو دەوامی حق بە تولی ایام

نصرەتی بدە بە دینی مبین | بە جاهی رەحمەت (صلی الله علیه وسلم) لە بو عالەمین

رَبِّ هَا أنا لا یَخفی علیك | وعملنا مسطور لدیك

نیگاو نزامان رجای رەحمەتە | نەبەسی رزگاری هەمو لوەتە

ناهی فەرزیکە لە ئەهلی ئیمان
رزگاریو نەجات کەرەمکە پیمان

رقم الايداع في المكتبة الوطنية
ببغداد ٤١٢ لسنة ١٩٨٣

ثمن دينار واحد

ئەم کتیبە ناوی
حەج نامەیە

بە هونراوەلی وە بەخشان باسی
یاسای حەج وە عەمرە
ئەکا

تألیفی ملا عبدالکریمی مدرّس
خودا عەفوی بکا لەگەل
مسلمانان دا
آمین